کرێکارانی جیهان یەکگرن

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم | ژمارەی 25 | بەفرانباری _ 1366 | ژانوویەی_ 1988

## قوتابیانی تیکۆشەری کوردستان!

هەول بدەن ئەم شیعار و داخوازی یانە بکەن بەشیعاروداخوازی سەراسەری قوتابیان لە هەموو مەدرەسەکانی کوردستان و بەهینانە مەیدانی هیزییەکگرتوو و یەکپارچەی خۆتان بەسەر رژیم و بەکریگیراوانی سەرکوتگەریان دابسەپینن.

*نەحیجابی ئیسلامی! نەلیباسی نیزامی!

*هەرچەشنەدەرس و مەشقیکی نیزامی و رژیم لە مەدرەسەکان قەدەغەیە!

* ئەو پوولەی لەبری ناونووسین ولەبری کتیبی دەرسی لە قوتابیان ئەستیندراوە، دەبی پییان بدەریتەوە و خەرجی فیرکردن و بارهینان دەبی بەتەواوی لە بووجەی دەولەتی تەئمین بکری!

* باری باج و خەراجی جەنگی و هەموو ئەو شتانە کە رژیم بەناوی شەرەوە و بەهەر بیانوویەك بەسەر قوتابیانی دا سەپاندوە، دەبی لە سەر شانیان هەلگیری!

* هەرچەشنە رەسم و یاسایەکی مەزهەبی زۆرەملی لە مەدرەسەکان، دەبی هەلوەشیندریتەوە!

* وەرگرتنی هەرچەشنە تعهد و بەلینیك لە قوتابیان، چ لەکاتی ناونووسینیان دا و چ دواتر، قەدەغەیە و دەبی هەلوە شیندریتەوە!

* هەرچەشنە دەخالەتیکی پولیسی و پشکنینی بیروباوەر لە مەدرەسەکان، دەبی هەلوەشیندریتەوە!

*مەزهەب دەبی لە فیر کردن و بارهینان جیابی و دانانی هەرچەشنە دەرسیکی مەزهەبی لە بەرنامەی رەسمی مەردەرسەکاندا، قەدەغەیە!

## بۆریزگرتن لە یادی هاوری جەعفەری شەفیعی



رۆژی 9ی خەزەلوەر لە کوردستان جەنازەی هاوری جەعفەر لە نیو ئالقەی سەدان پیشمەرگە و ئالای سووردا بەدرەقە کرا و لە نیوپەژارەی کۆمەڵیك لە هاوری‌یانی حیزبی و زەحمەتکیشان دا، ئەسپەردەکرا. ئەم مەراسمە بە سروودی ئەنترناسیونال، بانگەوازی یەکیەتی و هاوپشتی جیهانی چینی کریکار، دەستی پیکرا و پاشان بۆ ریز گرتن لە یادی هەمووگیان بەخت کردووانی ریگای سوسیالیزم و ئازادی دەقیقەیەك بی دەنگی راگیرا، لەم مەراسمەدا نوینەرانی ریکخراوەکان شەخسییەتە ئیرانی و کوردستانی‌یەکان بەشداربوون، هاوری ئیبراهیمی عەلیزادە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیست و سکرتیری یەکەمی کۆمەڵەش لەو کەسانەبوو کە لەو مەراسمەدا سەبارەت بە دەوروجیگا وشوینی هاوری دوکتور جەعفەر قسەی کرد.

بەشوین ئەو رووداوە دلتەزینەدا گەلیك پەیام و نامە بۆ دەربرینی هاودەردی و سەرەخۆشی بۆ کۆمیتەی ناوەندی ناردراون جگەلەمە، لە دەرەوەی ولات بە کوششی لایەنگران و دوستانی حیزب لە شارەکان و ولاتانی جۆراوجۆر، چەندین مەراسم بۆ ریزگرتن لە یادی هاوری جەعفەر پیك هینران لەو کۆبوونەوانەدا جگە لە لایەنگرانی حیزب لە دوستانی تریش بۆ نیشاندانی هادەردی و هاودلی بەشداری‌یان کرد. کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بەم بۆنەوە راگەیاندنیکی کورتی بلاو کردوەتەوە:

بروانە لاپەری 5

## شـەری ئیـران و عیراق لـە سـەرەتای هەشـتەمین سـالی خۆی‌دا

لە چەند مانگی رابوردوودا دووزنجیرە ئال و گۆری گرینگ کە پەیوەندیان بەشەری ئیران و عیراقەوەبووە، روویان داوە، یەکەمین لایەنی ئەم ئال و گۆرانە، هەلگرتنی ئەو هەنگاوە سیاسی یە دیپلوماتیکانە بووکە هەموو دەولەتە ئەمپریالیستی یەکان لەسەری هاونەزەر بوون و راشیان گەیاند کەبەمەبەستی کۆتایی پی هینانی شەری 8سالەی ئیران و عیراق هەلگیراون، دەرکردنی بریارنامەی 598ی شوورای ئەمنییەتی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، سەفەری "پرزدوکویەیار"بۆ ئیران و عیراق، وە ئەوە کە رژیمی جمهووری ئیسلامی ئەمجار، بە پیچەوانەی جارەکانی پیشوو، ئەم هەنگاوانەی بەبیانووی وەك ئەوەکە ئەمە "سولحی دا سەپیندراوە" رەت نەکردوەتەوە بەلکوو" خامنەیی" ی ناردوەتە کۆبوونەوەی شوورای ئەمنییەت، لە جوملەی ئەو ئال و گۆرانەن کە باسیان کرا.

هەرلەم زەمینەیەدا مەسەلەیەك کەرەنگە لەومەسەلانەی لەسەرەوە باسیان کرا گرینگتر بی ئەوەیە کە گۆیا "پرزدوکویەیار" تەرحیکی پی یە کەبەپیی پیشنیارەکانی "کویت" و" عەرەبستان" ئامادەکراوەو شوورای ئەمنییەتیش لەم بابەتەوە دەسەلاتیکی تایبەتی پیداوە جمهووری ئیسلامی رایگەیاندوە ئەم تەرحە لە بریارنامەی 598باشترەو جیگای ئەوەی هەیە قسەی لەسەر بکری.

بەلام ئەمانە تەنیایەکەمین لایەنی ئال و گۆرەکانی ئەم دوایی یانەبوون. لایەنەکەی تری ئال و گۆرەکانی ئەم دوایی یانە بریتی‌یە لە هاتنی کەشتی‌یە جەنگی یەکانی ئەمریکا و چەندین دەولەتی ئەمپریالیستی دیکە بۆ خەلیج، تیك هەلچوونی نیوان هیزەکانی ئەمریکا و هیزەکانی ئیران لە ماجەرای کەشتی "ئیران – ئەجر"دا، هیرشی ئەمریکا بۆسەر دوو سەکوی نەفتی – نیزامی ئیران لە خەلیج، وەلەبەرانبەر ئەمانەدا مین نانەوەی ئیران لە خەلیج و مووشەك باران کرانی هەندیك لە دەزگانەفتی‌یەکانی کویت لە لایەن جمهووری ئیسلامی‌یەوە.

ئەو دوزنجیرە ئال و گۆرە کە لە سەرەوە ئیشارەیان پیکرا هەندیك پرسیاری لەم چەشنە دیننە گۆر کە ئایا دەولەتە ئەمپریالیستی‌یەکان بەتەمان شەری ئیران و عیراق کوتایی پی بینن و بۆ ئەمە دەست بەکار بوون؟ ئەگەر بە تەمان کوتایی پی بینن، ئایا هاتنی کەشتی یەجەنگی‌یەکان تیك هەلچوونەکانی نیوان هیزەکانی ئەمریکا و جمهووری ئیسلامی بە مەعنای ئەوەیە کە دولەتی ئەمریکا – وەك" واین بیرگیر" کاتیك هات بۆ خەلیج باسی کرد – بەتەمای رووخاندنی جمهووری ئیسلامی‌یە؟ ئایا ئەوە کە جمهووری ئیسلامی لە هەندیك حەرەکەتی خۆی دا وای نیشان دا وەخوازیاری کوتایی پی هاتنی شەر بە مەعنای ئەوەیە کە ئەو پیشنیارانە بۆ کۆتایی پی هاتنی شەرقەبوول دەکا؟ یان ئەمریکایی‌یەکان دەیانەوی لە باری نیزامی یەوە فشار بۆ جمهووری ئیسلامی بینن و بەم جۆرە ناچاری بکەن کۆتایی بە شەرببینی؟

بۆ کریکاران و زەحمەتکیشانی ئیران کە لەسەرەتای دەسپیکردنی ئەم شەرە هەشت سالەیەوە جگە لە قوربانی بوون، ئاوارەیی، هەژاری و خەفەقانی پشووبری سیاسی و کۆمەلایەتی لەم شەرە هیچیان پی نەبراوە، هەروەك ئیمە گەلیك جار تەئکیدمان

## راگەیاندن سەبارەت بەگرتنی پلینومی دەهەمی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران

پلینومی دەهەمی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران لە رۆژەکانی ئاخری مانگی خەزەلوەری 1366داگیرا پلینوم بەسروودی ئەنترناسیونال و بەریز گرتن لە یادی هاوریی ئازیز دوکتور جعفرشفیعی، کۆمۆنیستی شۆرشگیروئەندامی بەرزی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران و هەروەها یادی هەموو گیان بەختکردوانی ریگای شۆرشی کریکاری، دەستی بەکار کرد پیش دەسپیکردنی دەستووری کۆبوونەوەکان، پلینوم یەکیك لە هاوری یانی جیگری کۆمیتەی ناوەندی بۆ ئەندامەتی قەتعی ئەو کۆمیتەیە هەلبژارد و ئایین نامەی کۆبوونەوەکانی پلینومی پەسەند کرد.

دەستووری کۆبوونەوەکانی پلینوم بریتی بوون لە:

1–گوزارشەکان

2– چند بریارنامەکە لە لایەن ستادی سیاسی یەوە پیشنیاردەکران

3– چەند خالیك لەسەتەدارەکی کۆنگرەی سیهەمی حیزب

4– هەلبژاردنی ئورگانەدایمی یەکانی کۆمیتەی ناوەندی لەماوەی نیوان دوو پلینوم دا .......

بروانە لاپەری 9

## بریارنامە سەبارەت بە : ریکخراوە جەماوەری‌یەکانی چینی کریکار شوورا، کۆبوونەوەی گشتی،سەندیکا

لەبەرئەوەی:

1– ریکخراوە جەماوەری‌یە کریکاریەکان، لە پال ریکخراوە حیزبی‌یەکانی چینی کریکار، بناغەیەکی سەرەکین بۆ خەباتی چینایەتی کریکاران، وەپیشرەوی سەرکەوتن لەو خەباتەدا بەبی پیك هاتن و بەهیز بوونی ئەم ریکخراوانە و یەکگرتووبوونی بەرینی کۆمەلانی چینی کریکار لەو ریکخراوانەدا، ئیمکانی نیە،

2– چینی کریکاری ئیران لە میژووی خۆی دا ریکخراوەی جەماوەری و ئاشکرا و ئیدامەکار مەحرووم بووەونەبوونی ئەم ریکخراوانە ئیستاش یەکیك لە کەم و کووری‌یە سەرەکی یەکانی خەباتی چینی کریکارە لە دژی بورژوازی پرولیتاریای ئیران بۆ دەخالەت کردنی کاریگەرتر لە ئال و گۆرەسیاسی – کۆمەلایەتی یەکانی دا هاتوودا و بۆ بەدەستەوەگرتنی دەوری میژوویی خۆی، دەبی ئەم کەم و کووری یە لەنیو بەری.

بروانە لاپەرەی 6

## خەباتی جەماوەری
## کورتەیەك لە خەبات و ئیعترازی کۆمەلانی زەحمەتکیشی کوردستان لە دژی سیاسەتە دژبە شورشەکانی جمهووری ئیسلامی

ل7

## یارنامە سەبارەت بە: هەندیك لایەنی گرینگی تیکۆشانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران لە ئاستی جیهانی‌دا

یەکیك لە پیویستی‌یەکانی پیشرەوی بەرەووەدی هینانی ئامانجەکانی حیزبی کۆمۆنیست بریتی‌یە لەبەرەوپیش بردنی تیکۆشانیکی بەردەوام لە مەیدانی جیهانی دا بەمەبەستی روشن کردنەوەی چوارچیوەی گشتی ئەم تیکۆشانە و هەندیك لە گرینگترین لایەنەکانی تیکۆشانی حیزب لە مەیدانی جیهانی دا، یانی پەیوەندی لەگەل ریکخراوە غەیرە ئیرانی یەکان، هەلویستمان سەبارەت بە ریکخراوەکریکاری‌یەکان و ئەرکەکانمان سەبارەت بە ئیرانیانی نیشەجیی دەرەوەی ولات، کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران لەسەر ئەم خالانەی خوارەوە تەئکیددەکا.

1) بنەماکانی تیکۆشانی حیزبی کۆمۆنیست لە ئاستی جیهانی‌دا

تیکۆشانی حیزب لە ئاستی جیهانی‌دا گەلیك لایەنی جۆراوجۆری هەیە کە دەکەونە ئەم چوارچیوەگشتی یەی خوارەوە: .....

بروانە لاپەری 9

## بریارنامە سەبارەت بە: حوزووری نیزامی ئەمریکا لە خەلیجی فارس

لەبەرئەوەی

1)هاتنی کەشتی‌یە جەنگی‌یەکانی ئەمریکا بۆ خەلیجی فارس، لەلایەن ئەمپریالیستەکانەوە لە ژیر هەربیانوویەك دا پاساوبکری، لەبنەرەتەوە بەمەبەستی پتەوکردنەوەی دەسەلاتی ئەمریکا و قورستر کردنی پارسەنگی ئەمریکالە ململانیی بلووك و ولاتە ئەمپریالستی‌یەکاندا، سەقامداربوونی ولاتانی کۆنەپەرست لە ناوچەکە، توندبوونەوەی کوت و بەندی دیلی هینەری ئەمپریالیستی و بەربەرەکانی کردن لەگەل مەترسی بوحران و ئاخیزی شورشگیرانە لە دژی وەزعی مەوجوودە، وەپیش هەمووشتیك چینی کریکار و خەلکی زۆرلیکراوی ناوچەکەی کردوەتە نیشانە،

2) ئەم مەسەلەیە دەبیتە هۆی ئەوەکە رژیمی جمهووری ئیسلامی کە هەر لەسەرەتای هاتنە سەرکاریەوە لە خزمەت بەرژەوەندە بنەرەتی یەکانی سەرمایەداری و ئەمپریالیزم دا کاری کردوەو هەتا ئیستاش هەر خەریکی سات و سەودا و معاملەی ئاشکرا و نهینی لەگەل ........

بروانە لاپەرەی8

پێشڕەو

دەورەی دووهەم ژمارەی 25 بەفرانباری _1366 ژانوویەی _ 1988

لەسەر کردوە، ریگا چارەی واقیعی لەبەرانبەر ئەم وەزعییەتەدا بریتییە لە کوتایی پی هینانی دەس بەجیی شەر و توندوتیژ کردنەوەی خەبات بۆ رووخاندنی رژیمی جمهووری ئیسلامی.

بۆ کرێکارانی ئێران (وەبەگشتی بۆ هەموو کرێکاران و زەحمەتکیشانی ناوچەکە) کە تاقەریگای رزگاربوونیان سوسیالیزمە، وەیەکەمین ئەرکیان لەم ریگایەدا رووخاندنی رژیمە کۆنەپەرستانەی سەرمایەدارییە، تیگەیشتن لە ئال و گۆرەکانی ئەم دوایی یانە بە مەعنای تیگەیشتن لە ئال و گۆرانەیە کە لە ئوردووگای دوژمنانیان دا، لە ئوردووگای دژبە شۆرشی جیهانی دا، وە لە ئوردووگای جیهانی ئەمپریالیستەکان و دەولەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەدا روودەدا.

ململانی ئەمپریالیستییەکان لە رۆژ هەلاتی ناوەراست و دەوری شەری ئێران و عێراق. رۆژهەلاتی ناوەراست یەکیك لە گرینگترین مەیدانەکانی ململانیی نیوان "رۆژهەلات" و "رۆژئاوا"یە بەگشتی، رۆژ هەلاتی ناوەراست مەنتەقەی دەسەلاتی ئەمپریالیستەکانی" رۆژئاوا" یەوپاش شەری دووهەم و بەدوای هەلچنرانی ئیستعمار و وەدەرنرانی بریتانیادا، بەتایبەت مەنتەقەی نفووز و دەسەلاتی ئەمریکا بووە. بەهۆی ئەوەی ئەم ناوچەیە لە سنوورە جنووبی یەکانی شوورەوی نزیکە، لە روانگەی "رۆژئاوا" و ئەمریکاوە ناوچەیەکی گرینگی ستراتژیك و نیزامی بووە. قازانجی ئابووری زۆرو زەبەندی ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەراست بۆ سەرمایە ئەمپریالیستییەکانی "رۆژئاوا" وەدوری نەفت و... هیچ پیویستی بە باسکردن نیە. شوورەوی ئەگەرچی لە چاو ئەمپریالیستەکانی رەقیبی قازانجیکی ئابووری ئەوتوی لەم ناوچەیە دەس ناکەوی، بەلام بەهەرحال ئەوەی بەلاوە گرینگ بووە کە ئەم قازانج و بەرژەوەندەی خۆی (زیاتر بە شکلی پەرەپیدانی بازرگانی) پەرەپی بدا. بەلام هەر لەبەرئەوەی شوورەوی دراوسیی ئەو ولاتانیە، لەباری ستراتژیك و نیزامییەوە ئەوناچەیەی بەلاوە زۆرگرینگە و هەمیشە هەولیداوە جیگا پییەکی سیاسی قایمتر لەو رۆژهەلاتی ناوەراست بۆ خۆی بدوزیتەوە و خۆی وەك هیزیکی سەرەکی و کاریگەر لە ناوچەیە سەقامگیربکا (بۆ نموونە هەولدانی شوورەوی بۆ ئەوەکە لە کیشەی نیزامی ئیسراییل و ولاتەعەرەبەکان دا وەك هیزیك کە دەبی حیسابی لەسەربکری بەرسمی بناسری). مەسەلەی ئەفغانستانیش لە دەسالی رابوردوودا بووەتە هۆی ئەوەکە چونیەتی هەلویستی شوورەوی بەرانبەر بە ناوچەیە گرینگی و ئەهمییەتیکی زیاتر پەیدابکا. هەروەها بەوە کەسەر کردەیی

ئەمپریالیزمی ئەمریکا لە بلووکی ئەمپریالیستی"رۆژئاوا"دا بەرەو کزی چووە باقی ولاتە ئەمپریالیستییەکانی ئەم بلووکە وەك فەرانسە و ئینگلیس و ئالمان و ژاپون هەرکامیان لە قەدەرخوی جیگای شوینیکی ئابووری (وتارادەیەك سیاسی) تازەیان وەدەست هینا وەکەبەگشتی بە قیمەتی کەم بوونەوەی بەشی ئەمپریالیزمی ئەمریگا لەوناوچەیە تەواو بووە بەمبۆنەوە لە ناوچەکەدا هەندیك ئامانج و هەلویستی سیاسی جیاواز لە ئەمریکایان رەچاو کردوە.

بەلام ئەو شتەکە رۆژهەلاتی ناوەراست لانی کەم ناوچەی خەلیج —ی کردبوو هەریمی دەسەلاتدارەتی قەتعی ئەمریکا بە شورشی ئێران و رووخانی شازیانیکی قورسی پی گەیشت. لە دەسالی رابوردوودا دوای رووخانی شا، هیزیك کە دەسەلاتی ناوچەکەی بەدەستەوە بی لە مەیداندا نەبووەوئەمە بۆشایی یەکە کە هیشتا بەپڕ نەبووتەوە. ئەوە کە شادەیتوانی دەسەلاتی ناوچەکەی بەدەستەوەبی بەهۆی ئەم سیاسەتەی نیکسون بوو کە (بەتایبەت بەتەجرەبەی و یتنام) لە جیاتی حوزووری راستەوخۆی سیاسی — نیزامی ئەمریکا دەولەتە محەللییەکانی دەهینایەمەیدان کەئەو دەولەتانە بتوانن خۆیان بە دەسەلاتی تەواوەوە بەرژەوەندی ئەمریکا بەپشت ئەستووی هیزی دەولەتیکی ناوچەیی بپاریزن شاوەك ژاندارمری ناوچەکە ئەو ئەرکەی بەباشی وەئەستوگرت هەموو بورژوازی ئێرانی لەوپلەوپایە موناسبە بەهرەمەندکرد. ناسیونالیزمی گەندەل بووی ئێرانی لەوسەردەمە هەلچوونیکی تازە بە خووە دیت و وەك هیزیی پیشتیوانەی شاهاتەمەیدان.

رووخانی شائەو بوشایی یەی لە سیستمی سیاسی ئەمپریالیزم لە ناوچەکەداپیك هینا. لەباری نیزامییەوە ئامریکا و هاوپەیمانە ئەمپریالیستەکانی هەولیان دا بەپیك هینانی"هیزی بەرەنگاری خیرا" (کەدواترناوی نرافەرماندەیی مەرکەزی)، بەدانانی چەند بنکەیەك لە "مصر" و "سودان" و "عمان"لانی کەمی هیزیك بۆبەرەنگاری نیزامی بەرانبەر بە هەرەشەی ئیحتیمالی نیزامی شوورەوەی تەئمین بکەن و ئەم کارەشیان کرد، بەلام بۆشایی دەسەلات لەباری سیاسی و تەنانەت نیزامییەوە هەروالەناوچەکەمایەوە.

شەری ئێران و عیراق، دەکری بە لەبەر چاوگرتنی ئەو بۆشایییەکە دوای رووخاندنی شا لە ناوچەکە دا پیك هات و هەروەها بەلەبەر چاوگرتنی هەول و تەقالای دوودەولەتی ناوچەکە بۆ پرکردنەوەی ئەم بۆشایی یەو وەدەست هینانی سەرکردەیی، بدریتە بەر لیکولینەوە و روون بکریتەوە.

لەروانگەی بەرژەوەندی سیستمی سیاسی ئەمپریالیستی لە ناوچەکەدا، شەری ئێران و عیراق مەیدانیك بووە کە ئەو ئیمکانەی بەلایەنی سەرکەوتووی شەرەکە دەدا کە وەك هیزی زال ودەسەلاتداری ناوچەکە لە کوورەی ئەم شەرەبیتەدەر. لە یەك دوو سالی سەرەتای شەرەکەداوا بەرچاو دەکەوت کە ەنگە ئەگەر عیراق سەربکەویٚ و تەئسیربکاتەسەر شکل گرتنی رژیمی جیٚ نشینی جمهووری ئیسلامی، بتوانی ئەم دەورە— کەدەوری ریبەرایەتی جیهانی عەرەبیشی بەشوینەوەبوو— بگریتە ئەستو بەلام بەخیرایی دەرکەوت کە عیراق بەو توانا نیزامییە وە کە لە قەدەر ئیمکاناتە جوغرافیایی یەکەی و ژمارەی نفووسی و توانا ئابووری یەکەی بوو، ئەوەی لی چاوەروان ناکری، بەهاری سالی 1361 و پاشەکشەی عیراق لە "خرمشهر" کوتایی ئەو قوناغەی شەرەکە بوو.

لە سالی 61بەم لاوە، پاش ئەوەی جمهووری ئیسلامی بودەورەیەك شەری وەك ئامرازی سەرکوت کردنی شورش لە ناوخۆی ئێران دا بەدەستەوە گرت، بەدا مرکاندنەوەی بوحرانی شورشگیرانە و بە پا لاواتن و پتەوکردنەوەی تاقمی دەسەلاتدار، شەری وەك ئامرازیك بەدەستەوە گرت هەتا بە ئەمپریالیستەکان نیشان بداتوانایی و لیهاتوویی ئەوەی هەیە دەوری هیزی سەرکردەلە ناوچەکەدا بگریتە ئەستو رژیم جمهووری ئیسلامی لەو قوناغەی شەردا هەولیدا بەشکل پیدان و گرساندنی جەریانیکی پان ئیسلامیستی لەناوچەکەدا هیزیکی تازە بینیتە نیو حیساباتی ناوچەکە و خۆی وەك ئالا هەلگری ئەوپان ئیسلامیزمە لە سایەی ئەو پلەو پایەو جیگا و شوینەدا کە پرکردنەوەی بۆ شایی دەسەلاتی ناوچەکە پاش رووخانی شا دەیتوانی بۆی پیك بینی، لە سیستمی سیاسی ئەمپریالیزمی "رۆژئاوا" دا جیگایەکی قایم و سەقامدار وە دەست بینی.

بن بەستی شەری ئێران و عیراق و یەك گرتنەوەی بەرژەوەندی ئەمپریالیستەکان

خەسلەتی سەرەکی قوناغی ئیستای شەری ئێران و عیراق، ئەوەیەکە ئەم شەرە لەباری نیزامی یەوە ریگای لی بەربەست بووە جمهووری ئیسلامی کە لە سالی 1361بەم لاوە توانیبووی لە مەیدانەکانی شەردا بارەکەبگوری، بەهینانەمەیدانی هەموو توانایی یە ئابووری و نیزامییەکانیشی نەیتوانی سەرکەوتنیکی چارەنووس ساز وەدەست بینی بەپیچەوانەی ئیددیعاکانی کار بە دەستانی نیزامی و سیاسی جمهووری ئیسلامی کە پەیتاپەیتا دووپات دەکرینەوە—وەیارێك هەربەهۆی ئەوەی ئەم ئیددیعایانە گەلیك جار دوو پاتەوچەندپاتە کراوتەوە—کە گویا دواین هیرش و سەکەوتن نزیکە، ئەوە راستی یەکی حاشا هەلنەگرە کە ئەم شەرە لەباری نیزامی یەوە ناتوانی بە سەرکەوتن بگا.

ئەگەر لە روانگەی ئەمپریالیستەکانی "رۆژئاوا" وە شەری ئێران و عیراق مەیدانیك بوو کە ئێرانی جمهووری ئیسلامی تییدا شانسی ئەوەی هەبوو کە بە سەرکەوتن لە شەرەدا ببیتە هیزیکی بە توانا و دەسەلاتدار ناوچەکە و لە سیستمی سیاسی ئەمپریالیستی دا بۆشایی یەکی گەورە پریکاتەوە، ئیستا کە دەرکەوتوە ئەم شەرە لەباری نیزامی یەوە گەیشتوەتە بن بەست، ئیتر ئەم شەرە ئەو حیسابەی جارانی لەسەرناکری دریژەی ئەم شەرە لەم وەزعییەتەی ئیستای دا نەك هەر ئەو دەورو جیگایەی پیشووی بۆ ئەمپریالیستەکان نیە، بەلکوو تەئسیری پیچەوانەی هەیە. یانی دریژەی ئەم شەرەخۆی بووەتە هویەك کە ئەم نیمچە"سبات" و "هیمنایەتی" یەی ئیستای ناوچەی خەلیج و بەگشتی رۆژ هەلاتی ناوەراست تووشی مەترسی دەکا.

بن بەستی نیزامی ئەم شەرە، لەباری سیاسی یەوە بۆ ناوچەکە بە مەعنای ئەوەیەکە پان ئیسلامیزم نەیتوانیوە هیزیکی ناوچەیی دەسەلاتدار و نەزمیکی سیاسی جیاواز لە ناوچەکەدا پیك بینی بەلام دریژەی ئەم شەرەو تەقالای جمهووری ئیسلامی بۆ ئەوەی لە چوارچیوەی ئیران داخوی نەبەستیتەوە و لەودیوی سنوورەکانی ئیرانیش شوین ئامانجەپان ئیسلامیستییەکانی خۆی بگری، بووەتەهۆی ئەوەکە جەریانیکی پان ئیسلامی لەولاتانی عەرەب و "موسولمان"ی ناوچەکە بەرانبەر بە دەولەتەکانی ئەو ولاتانە شکل بگری و لە داهاتووش دا بمینیتەوە. وجوودی ئەم جەرەیانەپان ئیسلامیستییە لە ناوچەکە و لەزۆربەی ولاتانی عەرەب، رژیمەکانی ئەو ولاتانەتووشی چەندبەرەکی دەکا و کەلین دەخاتە نیوانیان.

بەکورتی ئەگەرپانئیسلامیزم و ئالا هەلگرەکەی لەم ناوچەیە، یانی جمهووری ئیسلامی، توانای ئەوەی نیە کەببیتە هیزی دەسەلاتدا لە ناوچەکە، کەوایە دەبی ئەوەندە مەیدانی لی تەنگەبەر بکریتەوە کە نەتوانی ئەو رژیمانە کە هەر ئیستا بە هەر حال نیمچە"هیمنایەتی" یەکیان لە ناوچەکەدا پیك هیناوە لاواز بکا. دریژە پیدانی حالەتیکی وەك ئەوەی ئیستا، یانی مانەوەی جەرەیانیکی پان ئیسلامیستی کە دەوری تەنیا بریتی یە لە فشار هینان بۆ رژیمەکانی ناوچەکە و کەلین و چەند بەرەکی پیك هینان لە نیوانیان دا، لەروانگەی بەرژەوەندی ئەمپریالیستەکانی ئەمریکا و "رۆژئاوا" وەوەزعیکی نەگونجاو و نەخوازراوە کەوایە مانەوەی شەری ئێران و عیراق لەم بن بەستەنیزامی یەدا بۆ بەرژەوەندی ئەمپریالیستەکان فاکتورکی مەنفی یە لەوفا کتورەش گرینگتر، لە روانگەی هەموو ئەمپریالیستەکانی" رۆژئاوا"وە ئەو واقعییەتەیە کەئەم شەرە لە قوناغی ئیستای‌دا، بووەتەهۆی ئەوە کە نفووز و دەسەلاتی شوورەوی لە رۆژهەلاتی ناوەراست و لە ناوچەی خەلیج بەرەو زیاد بوون بچی. لەسالانی ئەم شەرەدا شوورەوی توانیویەتی پەیوەندی یە ئابووری یەکانی خۆی هەم لەگەلٚ ولاتانی عەرەبی خەلیج و هەم لەگەلٚ ئێران پەرەپی بدا، وەلەمەش واوەتر لە باری سیاسی یەوە لە حکوومەتەکانی ولاتانی خەلیج کەلەکونەوە "هاوپەیمانی وەفادار"ی ئەمریکا بوون نزیك بیتەوە مقومقوی چەك کرینی کویت و تەنانەت عەرەبستان لەشوورەوی (وەپەنا بردنی کویت بۆشوورەوی کەلەباری دەریایی یەوە پشتیوانی لەنەوت کیشە کویتی یەکان بکا) بۆ هەموو ئەمپریالیستەکانی رۆژئاوا و بەتایبەت بۆ ئەمریکا زۆر جیگای نیگەرانی یە لەراستی دا دریژەی شەری ئێران وعێراق و ئامانجە پان ئیسلامیستی یەکانی جمهووری ئیسلامی بووەتە هویەك کە جیگا پی شوورەوی لە ناوچەکە قایمتر بی وەململانیی"رۆژئاوا" و "رۆژهەلات" لەناوچەکە توندوتیژتر بیتەوە هویەکی سەرەکی بۆ ئەوەکە هەموو ولاتە ئەمپریالیستییەکانی"رۆژئاوا"لەسەر شەری ئیران وعیراق ساغ بنەوە و پیك بین، ئەوەیە کە پیویستە شوورەوی لەوجیگا و شوینە سیاسییەکە لەو ماوەیەدا وەدەستی هیناوەپاشەکشەی پی بکری بەپیی هەموو ئەوشتانە کە باسیان کرا، لەهەل و مەرجی ئیستا دا بەرژەوەندی هاوبەشی ئەمپریالیستەکان لەوەدا یە کەسیستمی سیاسی ناوچەکە بپاریزری شەری ئیران و عیراق نەیتوانیوە و ئیترناتوانی ئەو نیاز و پیویستی یەدریژخایەنەی ئەمپریالیزمی ئەمریکا (وبەگشتی ئەمپریالیزمی "رۆژئاوا") کەبریتی یە لەشکل پیدانی"دەولەتیکی فەرمانبەر" وخاوەن دەسەلاتی ناوچەکە، وەدی بینی هەتاکاتیك کە ئەو ئیمکانە وجوودی نەبی، حالەتی دلخواز بۆ ئەمپریالیستەکان تەنیا بریتی یە لەوەکە زەحمەتکیشانی ناوچەکە لە کوت و بەندی دیلیەتی داراگرن وپیش بە شورش بگرن و خەباتی کریکاران و زەحمەتکیشانی ناوچەکە هەربەدەستی ئەم رژیمانە کە بە هەرحال مەوجوودن و لەسەرکارن سەرکوت بکەن بەم جۆرە هەرهویەك و هەر هیزیك کەوەزعییەتی سیاسی ناوچەکەورەوتی هەلسوورانی ئەو رژیمانە کەئیستا لەسەر کارن ئالۆزبکا و خۆشی نەتوانی خەفەقان و سەرکوت لەناوچەکەدا بەریوەبەری، هەر هویەك و هەرهیزیك کەئەم رژیمانەی ئیستا لەسەر کارن لاواز بکا ووەزعییەتیك بخولقینی کە شوورەوی بتوانی کەلکی لی وەربگری بۆئەوەی لەورژیمانە نزیك بیتەوە و پشتیوانی یان لی بکا، ئەمپریالیستەکانی"رۆژئاوا" وەك مایەی "ئالوزی" و "ناهیمنی" ناوچەکە چاوی لی دەکەن. ئیستا بەرژەوەندی هاوبەشی ئەمپریالیستەکان ( بەشوورەوی شەوە کە دواترئیشارەی پی دەکەین) لە "سبات" و هیمنایەتی" ناوچەکە دایە). ئەمە ئەو حالەتەیە کە دەتوانی وەلامدەرەوەی بەرژەوەندی هاوبەشی ئەمپریالیستەکان بی دەولەتە ئەمپریالیستەکان گەلیك جارریان گەیاندوە کەلەشەری ئیران عیراق دا "بیلایەن"ن ناوەروکی واقیعی ئەم قسەیە لەهەل و مەرجی ئیستادا ئەوەیە کە خوازیاری مانەوەی سیستمی سیاسی ناوچەکە و رژیمە سیاسی یەکانی هەرتك لایەنی شەرەکەن هەلبەت ئەم هەل و مەرجە تەنانەت لە قامووسی خودی ئەمپریالیستەکانیش دا بەمەعنای "سولح"نیە چونکوو "سولح" لە ناوچەکە لە روانگەی ئەمپریالیستەکانەوە(هەروەك بۆ نموونە لە سالی 1975دا بە شوین ریکەوتنی الجزایردا پیك هات) تەنیا لە ئەنجامی توازن و هاوسەنگییەکی دریژخایەن لە نیوان هیزەکانی ناوچەکەدا پیك دی کە لە هەمان کات دا وەلامی ئەو گیروگرفتە بنەرەتی یەی ئەمپریالیزم لەناوچەکەدا بداتەوە لە روانگەی بەرژەوەندی ئەمپریالیستی یەوە کوتایی پی هاتنی شەری ئیستای نیوان ئیران و عیراق زیاتر لە حالەتیك دا بە قازانجە کەنیزامی سیاسی ئیستای ناوچەکە (بەرژیمی جمهووری ئیسلامییەوە) تیك نەچی، ئەگەرچی ئەمەخۆی لە خۆیدا ناتوانی وەلامدەرەوەی ئەو گیروگرفتانە بی کە ئەمپریالیستەکان لە دەسالی رابوردوودا گیرودەی بوون، بەلام بەهەر حال باشترە لەبەردەوام بوونی شەریك کە بەم وەزعەی ئیستایەوە تەنیا دەتوانی ببیتە هۆی ئالوزتر بوونی باری سیاسی ناوچەکە.

بەلام چلون هەل و مەرجیك پیك دەهینری کە تییدا هەم بکری شەری ئیران و عیراق کوتایی پی بی و هەم هیچکام لە لایەنەکانی ئەم شەرە(و هیچ رژیمیکی خەلیج) لە کوتایی شەرەکەدانەیان دوراندبی و بەلەرزوکی لەکلٚی شەر دەر نەهاتبن؟ ئەم هەموو چەنەلیدانە لەسەر بریارنامە و پیشنیارەکان، دیداری دیپلوماتیکی پەیتاپەیتای یەك لە دوای یەك بۆرازی کردنی هەموان، هەرشەکردن و دلخوشی دانەوە، هەموویان نیشانەی ئەوەن کە وادیارە هیشتاکەس نەیتوانیوە ئەوهەل و مەرجەبەوردی دەست نیشان بکا.

دەورەی دووهەم ژمارەی 25 بەفرانباری _1366 ژانوویەی _ 1988

پێشڕەو

کەوایە ئەگەرچی لە بنەرەتی ترین ئاست دا، قازانجی گشتی و بەرژەوەندی هاوبەشی ئەمپریالیستەکان لە کوتایی پی هینانی شەری ئیران و عیراق دا یە ، بەلام زەمانەت کردنی"سبات" و "هیمنایەتی" ناوچەکە، (کەقاعدتا کوتایی پی هینانی شەربو پیشگرتن بە"بی سباتی" و "ناهیمنی"یە) خوّی هەندیك بەرژەوەندی دژبەیەکی تیدایە کەدواتر ئیشارەی پی دەکەین، بەلام لیرەدا پیویستە سەرەتا بچینە سەرباسی وەزعییەتی جمهووری ئیسلامی لە لای ئەمپریالیستەکان.

### جیگا و شوینی جمهووری ئیسلامی لە لای ئەمپریالیستەکانی" رۆژئاوا"

لەسەرتای قوناغی دووهەمی شەری ئیران و عیراقەوەیانی لە سالی 1361بەم لاوە، جمهووری ئیسلامی بەشوین ئەو سیاسەتەوەبووە کە بەوەدەست هینانی سەرکەوتن لەم شەرەدا و بەزال کردنی پان ئیسلامیزم وەك هیزیکی کۆنەپەرست لە ناوچەکەدا بگاتە جیگا و شوینیکی قایم و سەقامدار لەلای ئەمپریالیستەکانی رۆژئاوا و لەو سیستمە سیاسی یەناوچەیی‌یەدا کە ئەوان مەبەستیانە ئەگەرچی جمهووری ئیسلامی نەیتوانی بەو ئامانجەی خۆی بگا، بەلام قوناغی دووهەمی شەربۆ ئەو رژیمە هەندیك نیمچە سەرکەوتنی تیدا بووە کە بوونەتەهۆی ئەوەی ئەمپریالیستەکانی "رۆژئاوا" رژیمی جمهووری ئیلامی وەك حکوومەتی لەسەرکاروتەرەڤ معامەلەیان لە ئیران قەبوول بکەن.

یەکەمین خالی ئەم کارنامە موسبەتەی جمهووری ئیسلامی لەلای ئەمپریالیستەکان، بیگۆمان سەرکوت کردنی شورشی کریکاران و زەحمەتکیشانی ئیرانە هەروەها کەلکی جمهووری ئیسلامی بۆ ئەمپریالیستەکان لەم دەوروکارکردەی پان ئیسلامیزم و هیزەپان ئیسلامی یەکان لە ئۆپوزیسیونی رژیمەکانی ناوچەکەدایە کەشەپولی شورشگیرانەی دوای راپەرینی ریبەندان لە ئیران و رووخانی شابەتەواوی هەلگیریتەوە و بە وەگەرخستنی کۆنەپەرستی‌پان ئیسلامی لە خەباتی زەحمەتکیشانی ناوچەکەدا داخوازە دیموکراتیك و دژی ئەمپریالیستی و سوسیالیستی یەکانیان بەلاری دابەری، پان ئیسلامیزمی جمهووری ئیسلامی هەر ئیستا وەك خورە کەوتوەتەنیو خەباتی خەلکی ناوچەکە وریزی شورشی پاشەکشە پیکردوە دەوری پان ئیسلامیزم لە لوبنان و لەبەرانبەر مەسەلەی فەلەستین دا باشترین وزەقترین نموونەی ئەم دەوروکارکردە دژبەشورش و کونەپەستانەیەی پان ئیسلامیزمە جگە لەم لایەنە ئەمپریالیستەکانی "رۆژئاوا" ئەوەشیان لەبەرچاوە کە توانایی "دژی شوورەوی "لەپان ئیسلامیزم دا هەیە دەوری ئۆپوزیسیونی کۆنەپەرستی ئیسلامی لە ئەفغانستان کە ئەمپریالیستەکانی "رۆژئاوا" بە ئاشکرا پشتیوانی لی دەکەن، وهەروەها دراوسی بوونی ئیران لەگەلّ جمهووری یەکانی ئاسیای ناوەراست وقەفقاز لە شوورەوی، بوونەتە هۆی ئەوە کە پان ئیسلامیزم بەلای ئەمپریالیستەکانی "رۆژئاوا" وەلەململانی و کیشە ئەمپریالیستی‌یەکاندا بایەخ و مەتلووبییەتیکی زیاتری هەبی، تەقالاکانی دەولەتی ئەمریکالەم بابەتەوە ( بۆنموونە گفت و گۆی مەك فارلین لە تاران لە سەر قازانجی هاوبەشیان لە مەسەلەی ئەفغانستان دا و بەرانبەر بە شوورەوی) خۆی نیشاندەری ئەم واقعییەتەیە.

هویەکی دیکەش کەبەش بەحالی خۆی تەئسیری لەوەدابووە کە جمهووری ئیسلامی لەلای ئەمپریالیستەکانی"رۆژئاوا" مەقبوول بی ووەك حکوومەتی ئیران بیسەلمینن، ئەو واقعییەتەیە کە لە نیو ئەو ئالترناتیوە بورژوایی‌یانەدا کە لە کۆنەوە ئەمپریالیستەکان پشتیوانی یان لیکردوون، هیچکامیان نەیانتوانیوە نیشان بدەن توانایی و زەمینەی ئەوەیان تیدایە کە ببنەجی نشینی جمهووری ئیسلامی و جیگای بگرنەوە تەنانەت شەری پان ئیسلامیستی جمهووری ئیسلامی بەرادەیەکی زۆرتوانی ناسیونالیزمی ئیرانی هەلخرینی و وەك پشتیوانەی خۆی بیهینەتەمەیدان وەیا لانی کەم مەجال و بیانووی ئەوە بۆ ئۆپوزیسیونی لیبرال و سەلتەنەت خواز نەهیلیتەوە کە رەخنەی ناسیونالیستی لە جمهووری ئیسلامی بگرن. (پیوانەو معیارەکانی ناسیونالیزمی لیبرالی و ناسیونالیزمی مەزنی خوازانە و عزمت خوازانەی ئیرانی، مصدق و شا، هیکامیان لەوجیگا و شوینە مساعدو لەبارەکە ئیستا جمهووری ئیسلامی- لەوە زعییەتیك دا کە سیستمی سیاسی جیهانی ئەمپریالیستی روولەکزی و تیك چوونە لە لای دەولەتە ئەمپریالیستی یەکان وە دەستی هیناوە، بەهرەمەندنەبوون بەم پی یەنەتەنانەت کارنامەی"موازنەی مەنفی"ی مصدق لەدەست لیبرالەکان دا کال بووتەوە) .

هەموو ئەم فاکتورانە بوونەتە هۆی ئەوە کە ئەمپریالیستەکانی" رۆژئاوا"، ئەگەرچی جمهووری ئیسلامی وپان ئیسلامیزم وەك هیزی زال بووی ناوچەکە چاولی ناکەن وئەم کەلکەی بۆیان نیە، بەلام رژیمی جمهووری ئیسلامی وەك حکوومەتی لەسەرکاری ئیران بسەلمینن و تەئییدی بکەن.

### هەلویستی شوورەوی بەرانبەر بە شەری ئیران و عیراق و جمهووری ئیسلامی

هەروەك ئیشارەمان پیکرد، رۆژهەلاتی ناوراست بەگشتی و خەلیج بە تایبەت ناوچەی نفووزو دەسەلاتی سەقامگیر بووی ئەمپریالیزمی" رۆژئاوا" بووەو شوورەوی زیاتر مەبەستی ئەوە بووە جیگا بەبلووکی رەقیبی خۆی یانی ئەمپریالیزمی "رۆژئاوا" لیژبکا شورشی ئیران ورووخانی حکوومەتی شاکەهاوپەیمانی دەرەجەیەکەمی ئەمریکا و پاریزەرو" ژاندارمی ناوچە"ی دەسەلاتی ئەمریکا بوون بۆشوورەوی لە حکوومەتی جمهووری ئیسلامی پیش هەمووشتیك بە مەبەستی پیش گرتن بە ژیانەوەی وەزعی پیشوویانی بۆ پیش گرتن بە هاتنەوەسەر کاری حکوومەتیکی بە هیزی هاوپەیمانی ئەمریکا بووە بەگشتی ئالوز بوونی وەزعییەتی ئەمپریالیستەکانی "رۆژئاوا؟ و جیگا پی لیژبوونیان بەهەر شیوەیەك بوایەخۆی لەهۆی دا بە قازانجی شوورەوی بوو.

جگە لە مەئەمپریالیزمی شوورەوی هیوای بەوە هەبوو کە پان ئیسلامیزمیکی لە چەشنی جمهووری ئیسلامی بتوانی ببیتە هەلخرینەرو هەلگرسینەری هەندیك جم و جول و بزووتنەوە لە دژی بەرژەوەندی ئەمریکا و"رۆژئاوا" لە هەموو ناوچەکە.(ئەوەی لەم نیوەدا بەلای شوورەوی‌یەوە هیچ بایەخیکی نەبوو جەوهەرودەوری دژبە شورش و دژی کریکاری و دژی دیموکراتیکی پان ئیسلامیزم و جمهووری ئیسلامی بوو شوورەوی هەولیدا هەموو بیانوویەکی ئیدئولوژیك بینیتەوە بۆ ئەوەی وا نیشان بدا کە جەوهەری ئیسلام و حکوومەتی جمهووری ئیسلامی "دژی ئەمپریالیست" ە و بەم بیانووەوە پشتیوانی لی بکا حیزبەکانی لایەنگری شوورەوی و بەتایبەت لە ئیران " حیزبی توودە" و "اکسریت ی فیدایی" لەم ریگایەدا ئەوەندەی لە دەستیان هات لە جینایەتەکانی جمهووری ئیسلامی دا لە دژی خەلك بەشداری یان کرد و لە هیچیان دریغ نەکرد.) بەگشتی شەری ئیران و عیراق هەر لەسەرەتای دەسپیکردنیەوە هەندیك مەسەلەی تازەی بۆ شوورەوی خولقاند ئەگەرچی ئەوشەرە مەجالی ئەوەی بە شوورەوی دا کە خۆی لەو دەولەتە عەرەبانە نزیك بکاتەوە کە لە کۆنەوەهاوپەیمانی ئەمریکا بوون و ئەگەرچی ئەم شەرەمەجالی ئەوەی بەشوورەوی دا کە بەرژەوەندی ئابووری خۆی بەرادەیەکی مەحدوود چ لەگەلّ ئیران و چ لەگەلّ عیراق پەرەپی بدا بەلام ئەم شەرەخۆی تا ئەو جیگایە کە دەیتوانی هیزیکی ناوچەیی وەك حکوومەتی شا بۆ ئەمپریالیستەکانی "رۆژئاوا" پیك بینی، یانی هیزیك پیك بینی کە لە ناوچەکەدا جیگای حکوومەتی شابگریتەوە، لەگەلّ بەرژەوەندەکانی ئەمپریالیزمی شوورەوی نەداهاتەوە.

ئەوگیروگرفتانەی کە شوورەوی لەسەر مەسەلەی ئەفغانستان تووشیان بوو و دەوری ئۆپوزیسیونی کۆنەپەرستی ئیسلامی لە ئەفغانستان بەرەبەرەشوورەوی یان لەوە نیگەران کرد کە وەخو کەوتن و هەلدانی پان ئیسلامیزم لە ناوچەکە تووشی گیرو گرفتی بکا دەوری پان ئیسلامیزم لە لوبنان و لە دژی هیزەکانی سووریەش بە قازانجی شوورەوی نەبوو هەروەها کاتیك دەرکەوت دەستەوتاقمە پان ئیسلامیستی‌یەکان توانایەکی کەم و مەحدوودیان هەیە وحەرەکەتیکی ئیسلامی دژی ئەمریکایی ش نەکەوتەری، شوورەوی ئەوەندەی تر لەوە ناهومیدبوو کە بتوانی لە پان ئیسلامیزم لە خزمەت بەرژەوەندە ئەمپریالیستی‌یەکانی خۆی دا کەلك وەربگری لە قوناغی ئیستای شەردا، یانی لە کاتیك دا کە دەرکەوتوە ئەم شەرە لەباری نیزامی‌یەوە ریگای لی کویر بووەتەوە وبەبن بەست گەیشتوە و هەروەها دەرکەوتوە کە ئەم شەرە دەتوانی رژیمەکانی ناوچەکە تووشی ئالوزی و بوحران بکا، ئەمپریالیستەکانی شوورەوی ئەوەیان لی روونە کەتیك چوونی سیستمی سیاسی ناوچەکە ریگا بۆ ئەوە دەکاتەوە کە ئەمپریالیستەکانی ئەمریکا دەخالەتی سیاسی (و تەنانەت نیزامی ) بکەن بەم بۆنەوە لە قوناغی ئیستای شەردا بەرژەوەندی ئەمپریالیزمی شوورەوی لەوەدایەکەئەم شەرە کە ریگا بۆ دەخالەتی ئەمپریالیستەکانی ئەمریکا دەکاتەوە کۆتایی پی بی، وە لەهەمان کاتدا وەزعییەتی سیاسی ناوچەکە هەروەك خۆی بمینیتەوەیانی ئەو بۆشایی یە کە بەهۆی رووخانی شا لە ناوچەکەدا پیك هاتوەهەروا بمینیتەوە و هەروەها ئەو حالەتەجیگیر بی کە ئەمپریالیستەکانی ئەمریکا لە چاو ئەمپریالیستەکانی ئەمریکا لە چاو ئەمپریالیستە ئوروپایی‌یەکان نفووز و دەسەلاتیکی کەمتریان هەبی.

### ناکوکی و ململانی ئەمپریالیستی یەکان

ئەوەکە ئەمپریالیستەکان بەرژەوەندیکی بنەرەتی وهاوبەشیان هەیە واقعییەتیکە کە تەقالا دیپلوماتیکەکانی ئەم دوایی یەش لە ئاستی جیهان دا، تەئییدی دەکا بەلام ئەوەکە ئەمپریالیستەکان بەرژەوەندی ها و بەشیان هەیە بەو مەعنایە نیە کە ئەو سیاسەتانە کە لە خزمەت ئەو بەرژەوەندە هاوبەشەدان هیچ ناکوکی یەکیان پیکەوە نیە و ریگای بەرەوپیش بردنی ئەو سیاسەتانە هیچ کوسپیکی نایەتەبەر.

واقعییەت ئەوەیە کەسیستمی جیهانی ئەمپریالیستی نەك هەر یەکپارچەنیە، وەنەك هەربووەتە دوو بلوك وشتی تری لەم چەشنە، بەلّکووپرە لە ململانی و سیاسەت و بەرژەوەندی دژبەیەك و کیشەی جۆراوجۆر بەگشتی، هەروەك نوینەرانی دەولەتە ئەمپریالیستی‌یەکان خۆیان دووپاتیان کردوەتەوە، رۆژهەلاتی ناوەراست و شەری ئیران و عیراق نموونەیەکی نادرەکە بە دەگمەن واهەل دەکەوی: ئەمە لەو نموونانەیەکە هەموو هیزە ئەمپریالیستەکان، سەرەرای ململانی و کیشەی توند و تیژی نیو خۆیان دەتوانن لەسەر سیاسەتیکی گشتی و عام، لە سەر کوتایی پی هاتنی ئەوە تیك نەچوونی بارودوخی رژیمەکانی ناوچەکە پیك بین ، بەلام ئەم هاوبەش بوونەی بەرژەوەندی ئەمپریالیستەکان، تەنانەت لەم نموونەیەش دا کە بەدەگمەن هەل کەوتوە، هەرلەم ئاستە عام و گشتی یەدا دەمینیتەوە و لەمەواوەترناچی، هەر وەك باسمان کردبەدریژایی دەسالی رابوردوو بە تایبەت لە سالەکانی شەری ئیران و عیراق دا، بارودوخ و جیگا و شوینی هەرکام لە هیزە ئەمپریالیستەکان(ئەمریکا، شوورەوی، بریتانیا، فەرانسە، ئالما، ژاپون و...) لە ناوچەکەداچ لەباری ئابووری یەوە و چ لەباری سیاسی یەوە ئال و گۆری بەسەردا هاتوە هەروەها بۆشایی سەرکردایەتی لەناوچەکەدا زەمینەی بۆ وەخوکەوتنی دەولەتە محەللی یەکان و بەرین بوونەوەی مەیدانی مانوریان بەرانبەر بە یەکتر و دەولەتە ئەمپریالیستەکان، پیك هیناوە ئیمە شاهیدی ئەوەین کە لە ناوچەی خەلیج ولەبەرانبەر شەری ئیراو عیراق دا، زنجیرەیەك سیاسەت وجم وجول لە ئارادان، کەنەك هەربەهۆی ململانیکی ناوخۆی سیستمی جیهانی ئەمپریالیزم سیاسەتی و لاتە ئەمپرلیستی یەکان لەگەل یەکتردژایەتی‌یان هەیە بەلکوو تەنانە لە هەندیك بابەتەوە سیاسەتەکانی تاقەیەك دەولەتیش لەگەل یەکتر دژایەتی یان هەیە چونگوو بەرژەوەندە کورت خایەن و کاتی یەکانی ئیستای ئەو دەولەتە لەگەلّ بەرژەوەندە بنەرەتی و دریژخایەنەکانی یەك ناگرنەوە.

بۆ نموونە، سیاسەتی ئەمریکا لە کاتیك دا کەدەبی لە خزمەت بەرژەوەندیکی بنەرەتی دابی کە بریتی یە لە پاراستنی" سبات و" هیمنایەتی"ناوچەکە، بەلام لە هەمان کاتدادەبی لە خزمەت ئەوەش دا بی کە ئەمریکا خۆی بکاتەوە سەرکردەی هاوپەیمانە رۆژئاوایی یەکانی (فەرانسە و بریتانیا و...) یانی ئەو دەسەلاتەی کە جاران سەر ئەوولاتانەدا بووی وەدەست بینیتەوە، ئەمەش دەبیتە هۆی ئەوە کە ئەوولاتانە لە رووی دا راوەستن و سیاسەتەکانی بەرپەرچ بدەنەوە یان بۆ شەوورەوی ، ئەگەرچی کوتایی پی هاتنی ئەم شەر وتیك نەچوونی سیستمی سیاسی ئیستای ناوچەکەبە قازانجە بەلام هاتنی کەشتی‌یەجەنگی یەکانی ئەمریکا بۆ ئەو ناوە ئیتر هەر ئەوشتەیە کە شوورەوی دەیەویست نەقەومی.

هەرئەم مەسەلەیە، کاتیك قسەدیتەسەر بەرژەوەندی رژیمەکانی ناوچەکە و ئەمەش وەك فاکتوریك دیتە نیو حیساباتەوە، ئەوەندەی دیکەدەبیتە کۆسپ لەسەرریگای وەدی هاتنی بەرژەوەندەبنەرەتی یەکانی ئەمپریالیزم، بۆ نموونە کاتیك قسە لەسەر جمهووری ئیسلامی یە، دەبی ویرای کوتایی پی هاتنی شەر، مانەوەی ئەو رژیمەش زەمانەت بکری ئەمەش تەنیا کاتیك ئیمکانی هەیە کە جمهووری ئیسلامی بتوانی هەروەك ئیستا چون خۆی رادەنی و فری سوارە هەرئاواش لە مەیدانی شەر بچیتەدەر بەلام هاتنە مەیدانی کەشتی یە جەنگی یەکانی ئەمریکا و بە تایبەت تیك هەلچوونی چەکدارانەی نیوان ئیران و ئەمریکا، کوسپیکە لەسەر ریگای ئەوەکە جمهووری ئیسلامی بە شیوەیەکی "ئالرومەندانە" لە مەیدانی شەروەدەرکەوی لە لایەکی دیکەوە، ئەمریکا لەبەرچەند هۆی دیکە ناچارە گەشتی یە جەنگی یەکانی خۆی بۆ پشتیوانی کردن لە کویت(و عەرەبستان) رەوانەبکاو بەرانبەر بە عەمەلیاتە ایزایی یەکانی جمهووری ئیسلامی گاردبگری چونکوو بە ئاشکرابوونی کەین و بەینی "ئیران – کونترا" وچەك ناردنی ئەمریکا بۆ ئیران، شوورەوی توانیویەتی ئیمتیازیکی سیاسی لە لای دەولەتە عەرەبەکان بە زەرەری ئەمریکا وەدەست بینی و، ئەمریکا بەهەرقیمەتیك بی دەبی لە لای دەولەتە عەرەبەکان تای ئەوتەرازووە بە قازانجی خۆی هەستینیتەوە، ئەمانە تەنیا چەند نموونەیەکن لەو ناکوکی یە واقیعی یانەکە لەماجەرای "خەلیج" داهەن.

بەم پی یە، لەهەمان کات دا کە ئەمپریالیستەکان قازانجیکی بنەرەتی و هاوبەشیان بە یەکەوە هەیە، هیچ ریگایەکیان بۆ تەقالاو تیکۆشانی هاوبەش نییە، ئەمەرەوتیکی پر لە ناکوکی‌یە کەلە سەرخەتیکی راست بەرەوپیش ناچی بەلّکوو لەگەلیك پیچاو پیچ و قۆرت و گری هەلدەنگوی هەرهیزیك و هەردەولەتیك لە دووی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیەتی و هەر کامەی تەنیا کاتیك لە"بەژەوەندی هاوبەش" دا بەراستی بەشدارەکە لەم نیوەدا باقی بەرژەوەندەکانیشی، سەرجەم، بپاریزرین هەربۆیەیش هیچ سیاسەتیك و هیچ هەنگاویك نەیتوانیوە بگاتە کۆتایی یە منتقی یەکەی خۆی.

واقعییەت ئەوەیە کە زیاترین گیر و گرفت و ئالوزترین گری کویرەی وەدی هاتنی ئەو "سبات" و "هیمنایەتی"یە کە ئەمپریالیستەکان مەبەستیانە، لەسەر جمهووری ئیسلامی هاتوەتەگۆر زەمانەت کردنی "سبات"ی ناوچەکە بە کوتایی پی هینانی شەر، یانی هەل و مەرجیك کە تییدا جمهووری ئیسلامی بتوانی – سەرەرای ئەوە کەشەری وەك مەیدانیکی سەرەکی

بۆ نیشاندانی جەوهەرەپان ئیسلامیستی یەکەی خۆی بەدەستەوە نامینی – هەروا وەك حکوومەتی ئیران لەسەرکار بمینیتەوە. ئەوە پیویستی بەوە هەیە کە جمهووری ئیسلامی گورانیکی بەسەردابی بۆ ئەوەی بتوانی خۆی لەگەلْ ئەم وەزعییەتە تازەیە بگۆنجینی گورانیك کە لە ئیستاوە روون نیە ئایا جمهووری ئیسلامی بەرگەی دەگری بەبی ئەوەی لەسەرەوە کەلینیکی گەورەی تی کەوی و لەنەتیجەدا لەناوەوە تووشی بوحرانیکی سیاسی بی.

**گری و گیروگرفتەکانی جمهووری ئیسلامی لەشەری ئیران و عیراق دا**

ئەو راستی‌یە کە جمهووری ئیسلامی ناتوانی لەم شەرەدا بەسەرکەوتن بگا لەوە روشنترە کە خودی کاربەدەستانی رژیمی جمهووری ئیسلامی تیی نەگەیشتبن، ئیستا نزیکەی دووساله کە جمهووری ئیسلامی نەیتوانیوە هیچ گورانیکی جیددی لە جەبهەکانی شەرایپك بینی و لە سالی 1365 بەم لاوە ئیتر تەنانەت هیچ هەولیکی بۆ "هیرشی گەورە" نەداوە، ئەوە کە سەر کەوتنی جمهووری ئیسلامی ئیمکانی نیە، لە بەریەك ترازانی وەزعییەتی ئابووری ولات کە بیگۆمان بە ناچار نارەزایەتی گشتی و ئیعترازاتی جەماوەری پەرەپی دەدا، و جگە لەمەش فشارە دیپلوماتیك و سیاسی یەکان لە ئاستی جیهان دا بۆ کوتایی پی هاتنی شەر، کاربەدەستانی جمهووری ئیسلامی‌یان تی‌گەیاندوە کەدریژە دان بە سیاسەتەکانی تائیستایان لەشەری ئیران و عیراق دا ئیمکانی نیە. عکس العمل ی کاربەدەستانی جمهووری ئیسلامی، لە خامنەیی یەوە بگرە هەتا رەفسنجانی، بەرانبەر بەو هەنگاوە دیپلوماتیکە جیهانی یانە کە بۆ کۆتایی پی هینانی شەر هەلگیراون، وەهەروەها ئەو هەموو احتیات و پاریزە کە جمهووری ئیسلامی لەسەر مەسەلەی ئیمکانی رووبەروو بوونەوەی چەکدارانە لەگەلْ هیزەکانی ئەمریکا لە خەلیج لە خۆی نیشاندا، – کە هیچکام لەم دوو نموونەیە لە شیوەکاری حکوومەتی جمهووری ئیسلامی دا سابیقەیان نەبووەبەروونی ئەوە نیشان دەدەن کە جمهووری ئیسلامی تی گەیشتوە کە ناتوانی بە شیوەکانی پیشوو ئامانج و سیاسەتەکانی خۆی بەرەوپیش بەری هەموو مەسەلەکە لەوەدایە کە ئایا جمهووری ئیسلامی دەتوانی خۆی لەگەلْ ئەم وەزعییەتەی ئیستا سازگار بکا؟ ئایا دەتوانی هروالەو ناوچەیە ئالا هەلگری پان ئیسلامیزم بی بەبی ئەوەی خۆی تووشی شەریکی ئاشکرا بۆ زال کردن و داسەپاندنی پان ئیسلامیزم بەسەرناوچەکەدا بگا؟ واقعییەت ئەوەیەکە ئەوئال گورانەی بەسەر شەرەکەدا هاتوون و قوناغی ئیستای ئەوشەرە، جمهووری ئیسلامی و پان ئیسلامیزمەشیعەیی‌یەکەی ئەورژیمەیان گەیاندوەتە قوناغیکی ناسك، جمهووری ئیسلامی و پان ئیسلامیزمەکەی ئیستا لە قوناغیك دان کە دەبی داهاتوویەکی تازە بۆ خۆیان بدوزنەوە.

نەتیجەی تا ئیستایشەری ئیران و عیراق نیشانی داوە کە پان ئیسلامیزمی شیعەیی جمهووری ئیسلامی توانای ئەوەی نیەکەببیتە هیزی زال لە ناوچەکەدا ئەوە کە جمهووری ئیسلامی دەساله حکوومەت دەکا، بە ناچار ئەم رژیمە لەگەلْ گیروگرفتی بەریوە بردنی ولات ووەری خستنی ئابووری بەرەورووەدەکا و جەریانیکی پان ئیسلامیستی کە بۆیە کەمین جار لەمیژووی رابوردوو و ئیستای خۆی دا، لەولاتیکی وەك ئیران حکوومەتی بەدەستەوە گرتوە، دەبی ببیتە ئەم مەیدانە جەریانی پان ئیسلامیزم دەبی فیربی کە چلون ئەوئامانج و ئیددیعایانەی خۆی بپاریزی کە لە سنوورەکانی ئیران واوەتردەچن و هەموو ناوچەکە دەگرنەبەر، بەلام لەهەمان کاتیش دا لگەلْ رژیمەکانی ناوچەکە سازگار بی و لە مەیدانی دیپلوماسی جیهانی دادەوریکی متعارف و ئاسایی بگریتە ئەستو ئەم واقعییەتانە دەبنەهۆی ئەوە کە پیویست بی لەناو خۆی رژیمی جمهووری ئیسلامی دا هەندیك جم و جول بکەویتەری بۆئەوەی ئەم رژیمە لەگەل هەل و مەرجی تازە( کەدیارە زۆر جیاوازی هەیە لەگەلْ ئەوهەل و مەرجە کە جمهووری ئیسلامی خۆی ئاواتی بۆدەخواست) سازگار بکری ئەوشتە کە پیی دەگوتری بالی "واقع بین" و "پراگماتیست" و "میانەرو" و ... لە حکوومەتی جمهووری ئیسلامی دا (کەرەفسنجانی نوینەر یەتی) لە ناوەروك داهەمان میکانیزم و جم و جولی ناوخۆی جەرەیانی پان ئیسلامیستی یە بۆ ئەوەی خۆی لەگەلْ هەل و مەرجی تازەی ژیانی بگونجینی.

دەولەتە ئەمپریالیستەکان – کە نەیانتوانیوە ئالترناتیویکی دیکە جگە لە جمهووری ئیسلامی بۆ حکوومەت کردن لە ئیران دا سازبکەن و جمهووری ئیسلامی یان وەك رژیمی حاکم بەسەر ئیراندا بەرەسمی ناسیوە– لە هەولی ئەوەدان کە بە پشتیوانی کردن لە وخەتەلەناو خۆی رژیمی حاکم دا، یاریدەی جمهووری ئیسلامی بدەن بۆ ئەوەی خۆی بگوری و خولەگەلْ هەل و مەرجی تازە بگونجینی ئەوە سیاسەتیکە کە ئیمکانی ئەوە پیك دینی کە رژیمی جمهووری ئیسلامی لەسیستمی سیاسی ئەمپریالیستی داجی بکەوی، سیاسەتیکە کە بوحرانی جیهانی ئەمپریالیزم، ئەمپریالیستەکانی ناچار کردوەرووی تی بکەن ئەگەرچی جمهووری ئیسلامی دەیەویست لە سیستمی ئەمپریالیستی دا وەك هیزیکی ناوچەیی نەك وەك حکوومەتی ولاتیك جیگا بۆ خۆی و پان ئیسلامیزم بکاتەوە و زوریشی هەول و ئەمەدا، بەلام بەهەر حال واقعییەتەکان و سەنگ و سووکی هیزەکان ریگای ئەوەنادەن کە جمهووری ئیسلامی لە مەزیاتری پی ببڕی ئەوەکە لە تیك هەلچوونی چەکدارانەی ئەم دوایی یەی نیوان ئیران و ئەمریکا دا هەرتك لا زۆر بەپاریزەوە هەناگاویان هەلدەگرت خۆی نیشانەی ئەوەیە کە هەرتك لا لەم واقعییەتە گەیشتوون.

بەلام سەرەرای ئەوەی "بالی پراگماتیست "ی رژیمی جمهووری ئیسلامی لەباری نفووزو دەسەلاتەوە لەوەزعییەتیکی باش دایە و سەرەرای هەول و تەقالای زۆری "بالی پراگماتیست"، سازگار کردنی رژیمی پان ئیسلامیستی لەگەلْ ئەم هەل و مەرجە تازەیە کاریکی زۆردژوار و پر لە ناکوکی‌یەو گەلیك گری و کوسپی لەسەر ریگایە یەکەمین کوسپ بیگۆمان لە ناوخۆی خودی رژیم دایە و بریتی یە لەو جەریانەکە لەم وەروچەرخانە سیاسی یە دەترسی و هەتا لەوە دلنیا نەبی کە ئەم ئال و گوارنە بەکوی دەگەن و هەتا لەوە دلنیانەبی کەئەم ئال و گۆرانە داهاتووی پان ئیسلامیزم و رژیمی جمهووری ئیسلامی زەمانەت دەکەن، بەم وەرچەرخانە رازی نابی و ملی پی نادا ئەمە هەر ئەو ریبازەیە کە بەروالەت تەبلیغی دریژە پی دانی شەردەکا، بەلام واقعییەت ئەوەیە کە لەبەرانبەر بن بەستی شەردا هیچ ریگا چارەیەکی واقیعی شك نابا، و تەنیا تا کاتیك ئەم وەزعییەتە ئیستا دریژەپی دەدا کە ریگایەکی خاترجەم بودەرباز بوون لەم وەزعە بدوزیتەوە مەسەلەیەکی دیکە کە هەرتك"بالی" جمهووری ئیسلامی پیوەی خەریکن ئەوەیە کە ئەگەر شەر کوتایی پی هات پان ئیسلامیزمی شیعەیی چلون و بەچ شیوەیەك دەتوانی حەرەکەتی خۆی لەناوچەکەدا دریژەپی بدا؟ مەسەلەیەکی دیکەکیشە و ناکوکی یەکی واقیعی یە کەلە ناوخۆی رژیمی جمهووری ئیسلامی دا و بە گشتی لە نیو جەرەیانی پان ئیسلامیستی دا لە ئیران هەیە لەسەر ئەوە کە مودیل و قەوارەی ئابووری ئیران چ بی؟ سەرمایەداری دەولەتی بی یان خوسووسی؟ رژیمی جمهووری ئیسلامی – کەئوپوزیسیونە ئیسلامی یەنیمچە قانوونی یەکانی رسالت و "نهزت ازادی" وەك نوینەری سەرمایەی ناونجی لەبەرانبەر خۆی دادەبینی – دەبی بتوانی بەرانبەر بە ئوپوزیسیون لەم مەیدانەش دا خۆی راگری جگە لەمانە لەو شەروکیشەیەدا کە لە سەربەدەستەوە گرتنی دەسەلاتی دوای مەرگی خومەینی لە ئیستاوە کەوتوتە نیو تاقمی دەسەلاتدارچونیەتی هەلویست گرتن بەرانبەر بەشەری ئیران و عیراق خۆی بووەتە مەیدانیك بورەقابەت و کیشەی سیاسی لە ناوخۆ تاقمی دەسەلاتداراو ئامرازیکە هەرلایەنیك بۆ بووەدەرنانی لایەنەکەی تر لە مەیدان کەلْکی لی وەردەگری لە هەموو ئەمانەش گرینگتر ئیعتراز وخەباتی کۆمەلانی زەحمەتکیشە کە جمهووری ئیسلامی وەك هەموو دەولەتیکی دیکەی سەرمایەداری، هەر لەبنەرەتەوە بۆ بەربەرەکانی لەدژی ئەم خەبات و ئیعترازەهاتوەتە سەرکار و حیکمەتی بوونی جمهووری ئیسلامی هەرئەوەیە کە ئەم خەباتە بەرپەرچ بداتەوە، ئایا هەنگا و هەلگرتن بۆ کوتایی پی هینانی شەردەتوانی بکریتە وەسیلەو ئامرازیکی تازە بۆ ئەوەکە جەماوەر تووشی دەستە وەستانی بکاودەستیان پی لە خەبات هەلگری و بەوەهیوا داریان بکا کە لە سەرەوە خەریکە ئال و گۆریك روودەدا و چاوەروان و چاو لە دەستی سەرەوەیان بکا و هەرئەم دەستەوەستانی و چاوەروانی یە ببیتە هۆی ئەوەکە جەماوەربودەورەیەکی تر فشاری ئابووری و سیاسی یان لی توند کریتەوە؟ یان بەپیچەوانەی هەردوودلی ورارایی یەك و هەروەرچەرخانیك لە سەرەوە، دەبیتەهۆی ئەوە کە خەباتی جەماوەری لە دژی شەروبوورخاندنی جمهووری ئیسلامی هەرچی زیاتر بە رەبگری؟

ئەوناکوکی و گیروگرفتانەی کە بەروکیان بەجمهووری ئیسلامی گرتوە روو لەمانەزیاترن کە باسمان کردن بەلام مەسەلەکە ئەوەیە نەرمی لە خۆنیشاندانی جمهووری ئیسلامی لە حاست ئەوهەنگاوە دیپلوماتیکە جیهانی یانە کە بۆ کۆتایی پی هینانی شەرهەلیگراون خۆپاراستنی ئەو رژیمەلەوەکە لەسەرهاتنی کەشتی یە جەنگی یەکانی ئەمریکا بۆ خەلیج و تیك هەلچوونی چەکدارانەی خۆی لەگەلْ ئەمریکا، هەرواهور یا و تەبلیغاتی جەنگی وەری بخاو پیکاتەبیانوویەك بۆ هیزکو کردنەوە، شتیکی بی سابیقەیەو نیشانەی ئەوەیە کە کار بەدەستانی جمهووری ئیسلامی هیشتا لەسەر دووڕیٚ یانیك ماونەتەوە و نەیانتوانیوە لەسەر ئەوە ساغ بنەوە کە کامەریگا هەلبژیرن.

ئەنجام:

بن بەستی شەری ئیران و عیراق، ئەم شەرە و هەموو ناوچەکە کردوەتە مەیدانی ململانی و ناکوکی یەکانی ئوردووگای جیهانی سەرمایە و ئەمپریالیزم ئوردووگای دوژمنانی کریکاران و زەحمەتکیشان هەموو ئەم ململانی و ناکوکی یانەی تیدایە کیشەی دەولەتانی ئەمپریالیست و سەرمایەدار لەسەر ئەوەیە کە بزانن باشترین و خاتر جەم ترین ریگای لەکوت و بەنددا هیشتنەوەی خەلکی بی‌بەشی ناوچەکە کامەیە، وەکام هیز، کام بلووك کام دەولەت دەتوانی لە حاسلی چەوسانەوەی کریکاران و زەحمەتکیشان بەشیکی زیاتر برفینی؟ بەروونی لە هەموو شتیك گەیشتوون: بەردەوام بوونی ئەم شەرە دەبیتە هۆی لاواز بوونی هەندیك لە رژیمەکانی ناوچەکە، وەجگە لە کەم و زیاد بوونی قازانجی رەقیبە ئەمپریالیستەکان لەم نیوەدا، مەترسی و خەتەری گەورەئەوەیە کەلاواز بوونی رژیمەکانی حاکمی ناوچەکە ریگا بۆ ئەوەخۆش دەکا کە ئەو شتەترسناکەی بەدریژایی میژوو ئەمپریالیستەکان و سەرمایەداران لیی توقیون،یانی شورشی کریکاران و زەحمەتکیشان، رووبدا بەم جۆرە، هەموویان تی گیشتوون کە پاراستنی "سبات" و"هیمنایەتی" ناوچەکە لەهەموو شتیکی دیکە واجب ترە و گەورەترین قازانجی تیدایە، بەلام ململانی و ناکوکی یەکانیان لگەلْ یەکتر و ئەو ناکوکی یە سیاسی و ئابووری یانە کە هەرکامیان تووشی بوون و پیوەی ئەسین، زۆر لەوەزیاترن کە ئەمانە بتوانن بە ئاسانی کوتایی بەم کیشەیەی خۆیان بینن.

جەوهەروناوەروکی ئەو ئال و گۆرانە کە لەم دوایی یەدالە شەری ئیران و عیراق و لەناوچەی خەلیج داروویان داوە، دەبی بۆ کریکاران و وەزحمەتکیشانی ناوچەکە بزانن کە یەکەم: هەموو ئەم شەرەو ئەم بریارنامەدەر کردنانە و ئەم کەشتی هینان و بردنانە لەسەر ئەوەیە کە کام تاقم وەك نوینەری سەرمایەداران و ئەمپریالیستەکان بەسەر ئیمە دا حاکم بن، و دووهەم، هەمووکریکاران و زەحمەتکیشانی ناوچەکە دەبی بزانن کە وەزعی جیهانی ئەمپریالیستەکان و سەرمایەداران لە بلووکی "رۆژئاوا" وەهەتا "رۆژهەلات" ولە شیخ نشینەکانی خەلیجەوە هەتا جمهووری ئیسلامی ئیران، لەوە ئالوزترەکە ئەمانە بتوانن بە ئاسانی بەسەرمان دا حاکم بن ئەوئال و گورانە کە لەم دوایی یەدا لە خەلیج روویان داوەتەنیا نموونەیەکن لەم وەزعییەتە بوحرانی و ئالوزە کە هەموو جیهانی سەرمایە و ئەمپریالیزم پیوەی گیرودەیەو هەر ئەم نموونەیە بە باشی ئەوە نیشان دەدا کە ئوردووگای شلەژاوی دوژمن، چ مەجال و دەرفەتیکی بۆسەر کەوتنی شورشی کریکاران و زەحمەتکیشان رەخساندوە.

ئەگەر ئەمروریزی شورشی کریکاری لە ناوچەی خەلیج و لە رۆژهەلاتی ناوەراست لەوەبی هیزترە کە وەك هیزیکی بالفعل بیتەمەیدان و لەنیو ئەم بشیوی و ئالوزی یەی هیزەکانی دوژمن دا، بەخیرایی سەرکەوتن وەدەست بینی، ئەمەتەنیا نیشانەی شکستەکانی رابوردوومان نیە، بەلْکوو لەهەمان کاتدا تەئکید لەسەر ئەوە دەکا کە پیشەنگانی وشیاری شورشی کریکاری، کۆمۆنیستەکان ئەرکی چەند گەورەو مەزنیان لەسەرشانە بەرانبەر بەم وەزعە ئالوزەی ئوردووگای سەرمایەداران، کۆمۆنیستەکان دەبی بەروونی ئەوەباس بکەن کە بەرژەوەندی کریکاران و زەحمەتکیشان بەوە نایەتەدی کە چاوی هیوابرنە هیچکام لەو هیزانەی لەمەیدان دان سەر کەوتنی سوسیالیزم لە ناوچەکەدا و رامالینی هەموو ئەمپریالیستەکان و سەرمایەداران لە ناوچەی خەلیج و رۆژهەلاتی ناوەراست، وەپاك کردنەوەی ناوچەکە لە کونەپەرستی ئیسلامی و قەومی، تاقەریگای رزگاربوونی کریکاران و زەحمەتکیشانی ناوچەکەیە برایەتی ریشەداروپتەوی کریکاران و زەحمەتکیشانی ناوچەکە، تەنیا لەوەدایە کە حکوومەتی کرێکاری لەناوچەکە دامەزرینن.

کریکاران و زەحمەتکیشانی ئیران دەبی بەروونی مەعنای ئەوئال و گۆرانە بزانن کە لەم دوایی یەدا لە خەلیج و لەشەری ئیران و عیراق داروویان داوە کرێکاران و زەحمەتکیشانی ئیران دەبی بەهیزی خەباتی خۆیان لەدژی شەر و لەدژی جمهووری ئیسلامی، دەست بەجی کوتایی بەم شەرەبینن. شەریك کە سەرمایەداران هەلیان گرساندوە، لە باشترین حالەتی خۆیدا دەتوانی ببیتە مایەی سەقامگیر بوونی "سبات"ی ئەمپریالیستی، یانی خەفەقان و هەژاری و کویرەوەری لە ژیر چنگی حکوومەتیکی خاوەن "سبات" دا کە ئەمپریالیستەکان بۆی دەبنەپالپشت، مەگەر ئەوە کە کریکاران و زەحمەتکیشان بینەمەیدان، خەباتی خۆیان بۆکۆتایی پی هینانی دەس بەجیی شەر پەرەپی بدەن، وەدخوازە سیاسی و ئابووری‌یەکانی خۆیان لە رژیمی جمهووری ئیسلامی و لەسەرمایەداران هەرچی زیاتر داوابکەن کریکاران و زەحمەتکیشانی ئیران دەبی خەبات بۆ کۆتایی پی هینانی شەربکەنە پالپشتی خەباتی خۆیان بۆ رووخاندنی جمهووری ئیسلامی هەموو دەولەتە ئەمپریالیستەکان هاتوونەتە خەلیج، هەموو کارشناسان و راویژکارانی ئەمپریالیستەکان لەهات و چودان و سەربەم سالون و بەودالان دادەکەن هەتا بەشکم ریگا چارەیەك بۆ ئەم وەزعە بوحران تی کەوتوەی حکوومەتەکانی ناوچەکە –کە جمهووری ئیسلامیش یەکیکیانە – بدوزنەوە. کریکارانی ئیران جاریك بە شورش و رووخاندنی شاهەموحیساباتی ئەمپریالیستەکانیان تیك داوە ئەمجار رووخاندنی ئەم نوینەرە ئیسلامی یانەی سەرمایە و ئەمپریالیزم و دامەزراندنی دەسەلاتی کریکاران و زەحمەتکیشان لەسەر ویرانەی ئەم رژیمە، ئەرکی سەرشانیانە.

30رەزبەری 1366

وەرگیردراو لە گۆڤاری "کمونیست"ژمارە33

وەرگیر: ناصری حیسامی

دەورەی دووهەم ژمارەی 25 بەفرانباری_1366 ژانوویەی _ 1988

پێشڕەو

# بۆریزگرتن لە یادی هاوری جەعفەری شەفیعی



رۆژی 9ی خەزەلوەر لە کوردستان جەنازەی هاوری جەعفەر لە نیو ئالقەی سەدان پیشمەرگە و ئالای سووردا بەدرەقە کرا و لە نیوپەژارەی کۆمەڵیك لە هاوری‌یانی حیزبی و زەحمەتکیشان دا، ئەسپەردەکرا. ئەم مەراسمە بە سروودی ئەنترناسیونال، بانگەوازی یەکیەتی و هاوپشتی جیهانی چینی کریکار، دەستی پیکرا و پاشان بۆ ریز گرتن لە یادی هەمووگیان بەخت کردووانی ریگای سوسیالیزم و ئازادی دەقیقەیەك بی دەنگی راگیرا، لەم مەراسمەدا نوینەرانی ریکخراوەکان شەخسییەتە ئیرانی و کوردستانی‌یەکان بەشداربوون، هاوری ئیبراهیمی عەلیزادە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیست و سکرتیری یەکەمی کۆمەڵەش لەو کەسانەبوو کە لەو مەراسمەدا سەبارەت بە دەوروجیگا وشوینی هاوری دوکتور جەعفەر قسەی کرد.

بەشوین ئەو رووداوە دلتەزینەدا گەلیك پەیام و نامە بۆ دەربرینی هاودەردی و سەرەخۆشی بۆ کۆمیتەی ناوەندی ناردراون جگەلەمە، لە دەرەوەی ولات بە کوششی لایەنگران و دوستانی حیزب لە شارەکان و ولاتانی جۆراوجۆر، چەندین مەراسم بۆ ریزگرتن لە یادی هاوری جەعفەر پیك هینران لەو کۆبوونەوانەدا جگە لە لایەنگرانی حیزب لە دوستانی تریش بۆ نیشاندانی هادەردی و هاودلی بەشداری‌یان کرد. کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بەم بۆنەوە راگەیاندنیکی کورتی بڵاو کردوەتەوە:

به بڵاو بوونەوەی هەوالی گیان بەخت کردنی هاوری دوکتورجەعفەری شەفیعی ژمارەیەکی زۆر لە شەخسییەتەکان وریکخراوە سیاسی‌یەکان، هاوری یانی تەشکیلاتی و خەلکی تیکۆشەر، چ بەسەردان وچ بەناردنی نامەوپەیام، بەبۆنەی ئەم کارە ساتەوەها و دەردی خۆیان دەربریوە بەم جۆرە سپاسی پربەدلی خۆمان پیشکەشی هەمویان دەکەین و داوای لیبووردن دەکەین کە نەمانتوانیوە یەك بەیەك وەلامی ئەم هاودەردی یانە بدەینەوە.

**کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە**
**15ی خەرمانانی 1366**

رادیوکانی دەنگی حیزبی کۆمۆنیست ودەنگی شورشی ئیرانیش لە چەند حەوتووی رابوردوودا چەند وتاریان بەیادی هاوری دوکتور جەعفەری شەفیعی بڵاو کردوەتەوە. ئیمە لیرەدا کورتەیەك لە گۆشە جۆراوجۆرەکانی ئەم وتارانە دینین بەو هیوایە کە لە داهاتوودا بتوانین بەو هیوایە کە لە داهاتوودا بتوانین خۆینەران لەگەڵ گۆشەولایەنە باس نەکراوەکانی ژیان و تەجرەبەی ئەو هاوری‌یەکە هەموو شتیکی خۆی نابووە پیناوی شورش و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، ئاشنابکەین، شەخسییەتیك کە لە لایەك شورشگیریکی پیشەیی و کادریکی هەلکەوتووی جیزبی بوو، وەلەلایەکی‌تر سیمایەکی خۆشەویست و ناسراو بۆ کۆمەلانی خەلك ئیستا، کەئیتر هاوری جەعفەر لە نیو ئیمە دانیە، جیگای خۆیەتی بۆ ئاشناکردنی ئەو کەسانەکە هاوری‌یەکی لیهاتووی وەك دوکتور جەعفەریان کردوەتە سەرمەشقی خۆیان، بروانینە تەجرەبە و بیرەوەری‌یەکانی ژیانی پر لە خەبات و تیکۆشانی، چ وەك پزیشکیکی دلسوز و ماندوویی نەناس لە خزمەت خەلکی هەژار دا، چ لەسیمای کریکاریکی وشیاردا کە لە نیو کریکاران خەریکی پیك هینانی ئالقەی نهینی وسیللولی کۆمۆنیستی بوو، چ وەك رابەریکی حیزبی و چ وەك ئاژیتاتوریکی بەتوانای جەماوەری... ئەمە پیش هەمووشتیك بانگەوازکردنی ئەو هاوری‌یانەیەکە زووتریش هاوخەبات و هاوکاری هاوری جەعفەربوون، بۆئەوەکە بیرەوەری خۆیان لە ئاموزگاری یەکان و خەبات و تەجرەبەکان هاوری جەعفەر، بنووسنەوە ئیمە لە هەمان کات دا هیوادارین سەرجەمی نووسراوەکانی هاوری جەعفەر کۆبکرینەوە هەتا نەوەکانی داهاتووی ئەم خەلکە زۆرلیکراووچەوساوەیە، شەخسییەت وکارەکان و خزمەتەکانی ئەم شورشگیرە کولنەدەرە لە بیرنەبەنەوە.

هاوری جەعفەر سالی 1330لە شاری بۆکان لە خانەوادەیەکی مەزهەبی دا لەدایك بووکە ژیانیکی ناو نجی و سادەی هەبوو. خویندنی سەرەتایی و دەبیرستانی لە شاری بۆکان تەواوکرد لە دەرس خۆیندن دا وریا و بیرتیژ بوو سالی 1349خویندنی دەبیرستانی تەواو کرد و هەرئەوساله چووە دانشکدەی پزشکی لە دانشگای تەوریز هاوری جەعفەر هەر لە دەورانی دەبیرستانەوە بەرانبەر بەو ستەم و خەفەقانە کەرژیمی شا بە سەرخەلکی داسەپاندبوو، وەبەتایبەت لە کوردستان بە شیوەیەکی زۆرزەق خۆی دەنواند، ئیعتیرازی هەبوو بۆهاوری جەعفەر ئەو هەژاری و مەینەتانەکە خەلکی زەحمەتکیشیان ئازاردەدا، مەسەلەیەکی جیددی بوو بەم جۆرە بەروحییەیەکی موعتەریز و بیریکی ئازادیخوازانەوە چووە دانشگا و هەربەم بۆنەوە لە دانشگای تەوریز زۆر زوو دەستی دایە تیکۆشان لە نیو ریزی بزووتنەوەی دانشجویی دا کە بزووتنەوەیەك بوو لە دژی خەفەقان و استبداد هەر لەم دەورەیەدا لەگەڵ مارکسیزم و ئەدەبییاتی چەپ ئاشنا بوو، وەخۆشەویستی مارکسیزم و کۆمەڵە لەنیودلی سەری هەلدا. بزووتنەوەی دانشجوویی یەکەمین مەیدانی خەباتی سیاسی هاوری جەعفەر بوو لە ماوەیەکی کورت دا بووەیەکیك لە تیکۆشەرانی هەلسووراوی بزووتنەوەی دانشجووی لە تەوریز.

هاوری جەعفەرکەخەباتکاریکی نەسرەوتوو بوو، زۆرزوو لەنیوهاورییانی کۆمەڵەدا جیگای خۆی کردەوە ئەوەی کە کۆمەڵە تەئکیدی لەسەر پیك هینانی پەیوەندی قوول وبەرین لەگەڵ زەحمەتکیشان دەکرد، بووە هۆی ئەوەکە هاوری جەعفەر راستەوخۆتر لە جاران روو بکاتە کریکاران و زەحمەتکیشان هاوری جەعفەر بەهۆی ئەوەی رووگەشی و زوو ئاشنابوون یەکیك لە تایبەتی بە بەرچاوکانی بوو توانی لە ماوەیەکی کورت دا گەلیك پەیوەندی نزیك و شورشگیرانە لەگەڵ کریکاران و زەحمەتکیشانی شاری تەوریز و شار و دیهاتی شیمالی کوردستان-کە هات و چوی نەخۆشخانەکانی تەوریزیان دەکرد پیك بینی هەرکام لەم پەیوەندی‌یانەش بەش بە حالی خۆیان، بۆ ئەو هاوری شورشگیرە ریگایان دەکردەوە کە پەیوەندی هەرچی بەرینتر لەگەل گەرەکی شارەکان و دیهات و کوروکۆمەلی کریکاران پکی بینی بەشی پزیشکی ش خۆی زەمینەیەکی باش بوو بۆ پەرەپیدانی ئەم پەیوەندی‌یانە و هەروەها بۆ نهینی مانەوەی گەلیك لەو پەیوەندی یانە کەرۆژبەرۆژ زیاتر دەبوونە پەیوەندی ساسی خەباتکارانە هاوری جەعفەر لە دەورانی دانشجووی دا لە تەوریز توانی لە نیو کریکاران کفاش و قالی چن و کریکارانی ماشین سازی تەوریزدا گەلیك پەیوەندی دوستانە پیك بینی، وەهەولیکی بی و چانی‌دا بۆ ئەوەی پەیوەندە دوستانە و سیاسی‌یەکانی خۆی لەگەل ئەم کریکارانە بگەیەنیتەرادەی پەیوەندی تەشکیلاتی لە ئەنجامی ئەم هەول و تیکۆشانەدا هاوری جەعفەر بوو بەیەکیك لەرابەرانی تیکۆشانی سیاسی-تەشکیلاتی کۆمەڵە لەنیو کریکاران دا لە شارەکانی بۆکان و تەوریز.

سالی 1351،"ساواك"هاوری‌جەعفەری گرت دوای شەش مانگ لە زیندان لە ژیر فشاری شکەنجەش سەربەرزانە هەروەك لیی چاوەروان دەکرا-هاتەدەر هاوری جەعفەر هیکام لە نهینی‌یەکانی کۆمەڵەی نەدرکاند و هەموو دوستانی تیکۆشەر و هاوری‌یانی تەشکیلاتی خۆی پاراست، هەرکە لە زیندان هاتەدەر، ئەرکی خباتکارانە و شورشگیرانەی خۆی دریژەپیدا ئەمجار ئیترنەك پزیشکی، دەستی دایە کریکاری، دەورانی کریکاری بۆ هاوری جەعفەر کە شورشگیریکی خاوەن تەجرەبەی ریزەکانی کۆمەڵە بوو، خۆی دانشگایەکی تربوو هاوری جەعفەر لەو ماوەیەدا توانی وەك کریکاریك هەموو سەختی و دژواری‌یەکانی کاری قورس و تاقەت پرووکین، مەحروومییەت و بی بەشی و بی مافی و ژیر دەستەبوون و چەوسانەوە بچیژی هەروەها هاوسفرەبوون و هاوژیان بوونی لەگەل کریکاران وەخوین گەرمی خۆی و خۆشەویست بوونی لە نیو کریکاران دا، بووە هۆی ئەوەکە نەك هەرژیانی کریکاری تاقی بکاتەوە بەلکوو گەلیك حەقیقەتی دیکەش لە زمان دوستانی کریکاری خۆی ببیستی کە لە شوین و کاتی تر دا روویان دابوو ئەو حەقیقەتانە وینەیەکی زوور روونتریان لە ژیان و کاری چینی کریکار بەرچاودەخست هاوری جەعفەر لەو ماوەیەدا فیرببوو کە هەموو شتیك بە چاوی کریکاریك چاو لی بکا و بە وتەیەکی تر، فیربوو کە مارکسیست بی، کریکاریکی مارکسیست بی.

هاوری جەعفەر شەفیعی سالی 1356بۆ مەئموورییەتیکی تەشکیلاتی چوو بۆ لای یەکیەتی نیشتمانی و بۆ کوردستانی عیراق، وەکاتیك خەباتی جەماوەری خەلك لە دژی رژیمی شا پەرەی گرت، گەرایەوە بۆ کوردستانی ئیران و وەك رابەر و ریکخەری خەباتی جەماوەری خۆی نیشاندا دوای هیرشی جمهووری ئیسلامیش بۆسەر کوردستان لە 28ی مورددادی 58دا، هاوری جەعفەر ئەرکی رابەری کردن و ریکخستنی خەباتی جەماوەری خەلکی بەباشی بەریوە برد. خۆنیشاندان وەك رابەریك لەهەموو مەیدانەکانی تیکۆشانی سیاسی و جەماوری دا، وەئەندامەتی لە هەیئەتی نوینەرایەتی گەلی کورددا کاتی وت وویژلەگەل دوژمن، هاوری جەعفەر وەك رابەریکی نەسرەوتووی هەموو مەیدانەکانی بزووتنەوەی شورشگیرانە بەهەمووان ناساند.

هاوری جەعفەر لە سالی 58ەوە هەتا کوتایی ژیانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، بوو هاوری جەعفەر وەك کادریکی پیشرەو و کۆمۆنیست بە تەواوی لە پیویستی پیك هاتنی حیزبی سەراسەری چینی کریکار ئاگادار بوو، وەخۆی بە هەموو توانایەوە لە بنیات نان و پیك هینانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران دا بەشداربوو هاوری جەعفەر ئەندامی کۆمیتەی بەرپاکردنی کۆنگرەی دا مەزرینەری حیزبی کۆمۆنیست و یەکیك لە ئەندامانی ئەو کۆنگرەیەبوو، وە لەسەرەتای پیك هاتنی حیزبەوە هەتا کوتایی ژیانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئیرانیش بوو لە سالی 1360بەم لاوە بەشی هەرزۆری تیکۆشانی تەشکیلاتی هاوری جەعفەر بەریوە بردن و رابەری کردنی نەشرییە حیزبی‌یەکان، رادیو و باقی ئورگانە تەبلیغی‌یەکان حیزب و بەتایبەت تەبلیغاتی حیزب لە کوردستان بوو هاوری ئیبراهیمی عەلیزادە لە مەراسمی ئەسپەردەکردنی هاوری جەعفەردا لەم بابەتەوە دەلی:

"... بۆ ناسینی دوکتور جەعفەر هەرگیز ئەوەندەکاف نیە کە بروانینە پلەوجیگا و شوینە تەشکیلاتی یەکەی راستەدوکتور جەعفەر بەدریژایی ژیانی سیاسی و تیکۆشانی تەشکیلاتی خۆی هەمیشە یەکیك لە سیاسەت داریژەران و رابەرانی تەشکیلاتی ئیمە بووە، بەڵام ئەمەقەت ناتوانی هەموو شەخسییەت و هەموو لایەنەکانی ئەو جیگا و شوینە کە هاوری جەعفەر بووی بە ئیمە نیشان بدا... لە کوردستان بزووتنەوەیەکی شورشگیرانە و جەماوەری بەرپا بوو کەیەکیك لە گرنگترین داخوازەکانی خودموختاری و ماف دیاریکردنی چارەنووس بوو هینانە گۆری ئەم داخوازە و هینانە مەیدانی جەماوەر بۆ بەرەوپیش بردنی ئەم خەباتە پتەوکردنەوەی ریزەکانی ئەم خەباتە هەقخوازانەیە، ئەرکی ئیمەبوو، وەئیمە لەبەریوە بردنی ئەم ئەرکەدا دریغمان نەکردوە بەڵام ئەوشتەکە ئیمەی لەباقی جەریانی نیو ئەم بزووتنەوەیەجیادەکردەوە، وەتا ئەمرۆش شانازی پیوەدەکەین کە جەرەیانیکی جیاوازین، ئەوە بووکە ئیمە لە کوردستان بە پیچەوانەی داب و نەریت و ئەخلاقیان و فەرهەنگ و ئیدئولوژی کۆن و لە دژی سوننەتە کۆنەپەرستانەکانیش هەستابووین و ئەمەکاریکی یەکجار گەورە و دژواربوو کەئیمە لەگەلی بەرەورووبووین، چوونەوە بەگژ هەموو ئەو داب و دەستووروئەخلاقیات و بیروباوەرەدا کە دەیان وسەدان سالە لە نیو خەلك داریشەیان داکۆتاوە، ئەویش لە جەرگەی خەباتیکی جەاوەری‌دا کە پیویستی بەزیاترین هاودلی وتیك رادیوی هەیە، کاریکی سادەنیە دوکتو جەعفەر یەکیك لەو کەسانەبوو، وەدەتوانم بلیم لەو یەکەمین کەسانەبوو کە بەرەوپیری ئەم ئەرکە گەورە و گرینگەچوو، تەبلیغات و نەشرییەکانی کۆمەڵە و هەموو موبەللیغەمحەللی‌یەکانی ئیمە-کەویرای هەلخراندنی خەلك بودریژەپیدانی خەبات، بیروباوەری نوی، بیروباوەریکی بەپیچەوانەی رەوتی کۆن و لە میژینەوەبەپیچەوانەی خورافات و سوننەت و عادەتی کۆنەپەرستانەیان لە نیو جەماوەری کریکار و زەحمەتکیش دا لە کوردستان باڵاو دەکردەوە- هەموویان لە ژیر چاوەدیری ورابەری هاوری جەعفەردا بوون ئەگەر کەسیك دەیەوی دەور و تەئسیری هاوری جەعفەر باشتربناسی و باشتر بزانی کە چ خزمەتیکی گەورە و بایەخداری بەبزووتنەوەی کریکاری و کۆمۆنیستی کردوە، با چاو لەوە بکا کەبیروباوەری شورشگیرانە و کۆمۆنیستی چلون لەوسالانەدا لە نیو دلی کۆمەڵگای سوننەتی کوردستان دا، بەپیچەوانەی هەموو هەول و تەقالایەکی هیزەکۆنەپەرستەکان کە دەیانەویست پیشی پی بگرن، پەرەی گرتوە و چاولەوەبکەن کە چلون توانیومانە لە نیودلی بزووتنەوەیەکی جەماوەری دا، ریزی سەربەخۆی چینی کریکار و سەنگەری دیفاع لە بەرژەوەندی سەربەخۆی کریکاران و زەحمەتکیشان بپاریزین بۆیە دەور و جیگا و شوینی هاوری جەعفەرمان هەرگیز لە بیر ناچیتەوە.

ئەو تووەی کە بەکوششی هاوری جەعفەر چاندرا، ئیستاداریك باڵاکردووی ریشەدارە بیروباوەری کۆمۆنیستی ریی‌بردوەتە نیو دلی سەدان هەزار کریکار و زەحمەتکیش، وەئیستاهەزاران ئینسانی روت و برسی و زۆرلیکراو و بی بەش لە کوورەخانەکان و کارگاکان و کارخانەکانی کوردستان و هەزاران ژنی زۆرلیکراو و زەحمەتکیش، پاریزەر ولایەنگری کۆلنەدەری ئەو ریگایەن ئیستا ئەگەرچی خەم وپەژارەی گیان بەخت کردنی هاوری جەعفەر قورسایی دەکاتە سەر دلمان، بەڵام بە هیممەتی کەسانی وەك دوکتور جەعفەر ئاسویەکی روونمان لەبەرچاوەکە موژدە بەخشی سەرکەوتنە سەرکەوتنی چینی کریکار.."

# بریارنامە سەبارەت بە :
# ریکخراوە جەماوەریەکانی چینی کریکار شوورا، کۆبوونەوەی گشتی، سەندیکا

لەبەرئەوەی:

1- ریکخراوە جەماوەرییە کریکاریەکان، لە پال ریکخراوە حیزبییەکانی چینی کریکار، بناغەیەکی سەرەکین بۆ خەباتی چینایەتی کریکاران، وەپیشرەوی سەرکەوتن لەو خەباتەدا بەبێ پیک هاتن و بەهیز بوونی ئەم ریکخراوانە و یەکگرتووبوونی بەرینی کۆمەلانی چینی کریکار لەو ریکخراوانەدا، ئیمکانی نیە،

2- چینی کریکاری ئیران لە میژووی خۆی دا ریکخراوەی جەماوەری و ئاشکرا و ئیدامەکار مەحرووم بووەونەبوونی ئەم ریکخراوانە ئیستاش یەکیك لە کەم و کووری یە سەرەکی یەکانی خەباتی چینی کریکارە لە دژی بورژوازی پرولیتاریای ئیران بۆ دەخالەت کردنی کاریگەرتر لە ئال و گۆرەسیاسی - کۆمەلایەتی یەکانی دا هاتوودا و بۆ بەدەستەوەگرتنی دەوری میژوویی خۆی، دەبی ئەم کەم و کووری یە لەنیو بەری.

3- مەرجیکی سەرەکی بۆ پیشرەوی و قوول بوونەوەی خەباتی رۆژانەی کرێکاری و بە سەرکەوتن گەیشتنی ئەم خەباتە کە لەم سالانەی دوایی دا بەشیوەیەکی بەرینی کەم وینە بی وچان دریژەی بووە، پیك هینانی ریکخراوە جەماوەرییە کریکاریەکانە.

4- مەیل بەرەو ریکخراوبوون، داخواز و بۆ چوونیکە کە لە نیو کۆمەلانی کریکاردا دەتەنیتەوە و خەبات بۆپیك هینانی ئەم ریکخراوانەی خۆی لەدەورەی رابوردوودا لایەنیکی هەمیشەیی بزووتنەوەی کریکاری بووە، جمهووری ئیسلامی بەردەوام ئەم خەبات و تیکۆشانەی سەرکوت کردوە و هیرشی کردوەتە سەر ئەو ریکخراوە جەماوەری و سەر بەخۆ کریکاری یانەکە لە جەرگەی شورش و سالەکانی دواتر دا پیك هاتبوون، وە لەبەریەك بلاوی کردوون،

5- لە جەرگەی ئەم هەل و مەرجەدا، جمهووری ئیسلامی هەول دەدا کە بە تەبلیغ بۆکردن و پیك هینانی ریکخراوە زەرد و کۆنەپەرستەکان لە کارخانەکان و شوینەکانی بەرهەم هینان، داخوازەکانی کریکاران بەلاری دا بەری و بزووتنەوەی کریکاری تەنگەبەربکاتەوە و بیکیشیتە ژیر دەستی خۆی،

6- زەخت و زۆری رژیمی ئیسلامی بۆ سەر بزووتنەوەی کریکاری، بووەتە هۆی بەهیز بوونی مەیل و بوچوونی خۆپاریزانە و سەندیکالیستی لە هەندیك کۆروکۆمەلی کریکاری دا و بە تایبەت لە ریکخراوە چەپی یە گەلی یەکان دا. جگە لە مەتەرح و ئیدەی زەینی و غەیرە عەمەلی وەك "سەندیکای نهینی" کەنەك تەنیا ئیمکانات و پیویستی یە واقعیەکانی بزووتنەوەی کریکاری لەبەرچاو ناگرین بەلکوو وەلامی ئەوەش ناداتەوە کە کریکارانی ئیران پیویستی یان بەریکخراوەی جەماوەری و ئاشکرا هەیە، لەلایەن هەندیك گۆرووهەوە هینراوەتە گۆر ئەم بۆچوونەو، ئەگەرچی لە نیو کریکاران دا پیشوازیکی بەرینی لی نەکراوە، بەلام بەهەر رادەیەك پەرەبستینی، دەبیتەمایەی ئالوزبوونی بیری کریکاران وەدەبیتە کۆسپیك لە سەر ریگای ریکخراو بوونی چینی کریکار بەشیوەی جەماوەری.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەو خالانەی سەرەوە ئەو ئەرکە گرینگە دەکەویتە سەرشانی کۆمۆنیستەکان کە تەرح و نەزەری تایبەتی خۆیان بۆ ریکخستنی جەماوەری کریکاران بە روونی رابگەیەنن.

الف: خالە سەرەکی یەکانی سیاسەتی ئیمە

سیاسەتی کۆمۆنیستەکان بۆ ریکخستنی جەماوەری کریکاران دەبی لەسەر بناغەی ئەم خالانەی خوارەوەبی:

1- خەباتی ئابووری کریکاران لە ئیران، بەگشتی خاوەنی خەسلەتیکی سەراسەریەو لەچوارچیوەی صنفی واوەترە.

بەشیوەیەکی بنەرەتی، تیکەل بوونی سەرمایەکان لەرشتە جۆراوجۆرەکانی بەرهەم هینان دا، مالکییەتی دەولەتی بەسەر بەشی هەرەزۆری سەرمایەسەنعەتی یەکاندا، دەوری ئابووری دەولەت و سیاسەتە دەولەتی یەکان لە تەنزیم کردنی پەیوەندی گشتی نیوان کار و سەرمایەدا، وەنزیکایەتی ئورگانیك و هەرچی زیاتر لیك هەلپیکرا و بوونی ویست و داخوازەکانی بەشەجۆراوجۆرەکانی چینی کریکار بووەتە هۆی ئەوە کە داخوازییەکان و خەباتی کریکاران لەهەر کارخانەیەك خاوەنی خەسلەت و جیگا و شوینیکی گشتی بی ولە چوارچیوەی صنفی واوەتربی.

2- لەم هەل و مەرجەدا ریکخراوە کرێکاری یەکان بۆ بەرەوپیش بردنی خەباتی ئابووری دەبی پشت بەریکخراوی فابریکی-مەنتەقەیی ببەستنن نەك بە ریکخراوی صنفی و رشتەیی کریکاران.

3- ریکخراوەجەماوەرییەکرێکاریەکان دەبی ببنەمایەی دەخالەتی هەرچی بەرینترو هەلسووراوانەتری کۆمەلانی کریکارلەخەبات دا، وەپشت بەدیموکراسی و بەریوەچوونی ئیرادەی راستەوخۆی کرێکاران ببەستن لەغەیری ئەم حالەتەدا، بیگۆمان بوروکراسی و بریاردان بە جیاواز لە ئیرادەی کۆمەلانی کریکار، لەنیوریکخراوەجەماوەرییەکان سەر هەل دەدا و خۆی دەبیتە کۆسپیك لەسەر ریگای بەرەوپیش چوونی خەباتی کریکاران .

4- بزووتنەوەی کریکاری ئیران، لەجەرگەی خەفەقان دا ولەهەل و مەرجیك دا کە خەبات و مانگرتنی کریکاران بەناچار لەگەلّ دەولەت بەرەورووەدەبی، بەرەو خەباتی سیاسی دەچی و بوهیچ دەورەیەکی دریژخایەن لە ئاستی ئابووری دا و لە چواچیوەی نیزام و قانوون و یاسای مەوجووددا نامینیتەوە، بەم بۆنەوە ریکخراوە جەماوەرییەکانی چینی کرێکار دەبی لە هەمووهەل و مەرجیك دا توانای وەگەرخستنی جەماوەری کریکارانیان هەبی ولەچوارچیوەی قانوون و قانوونییەتی بورژوایی دا خۆیان نەبەستنەوە.

5- تەجرەبەی بزووتنەوەی کریکاری لە دەورەی رابوردوودا لەسەر ئەم واقعییەتانەی سەرەوەتەئکیدی کردوە و شکلی ریکخراوبوونی گونجاو لەگەلّ ئەم واقعییەتانەی دەست نیشان کردوە. ئەم شکلە ریکخراوبوونە، ریکخراوەشوورایییەکانی چینی کریکارە لە دەورەی شورش دابەشیکی بەرین لە تیکۆشەران و پیشرەوانی بزوتنەوەی کریکاری روویان کردە بزووتنەوەی شوورایی و لە زۆرواحیدی بەرهەم هینان دا شوورای کارخانە و لە هەندیك مەنتەقە شوورای مەنتەقەیی کریکاران پیك هاتن ئەم بزووتنەوەیە بەهۆی سەرکوتی 30خورداد و خەفەقانی دوای ئەو دەورەیە، لەچوارچیوەیەکی بەرتەسك تردا بەشکلی بزووتنەوەی کۆبوونەوەی گشتی دریژەی پی درا و ئیستایش داخوازی پیك هینانی شوورا، مەیلیکی بەرین و گشتییەلە نیو کۆمەلانی کریکاردا.

بەلەبەر چاوگرتنی ئەم خالانەی سەرەوە، ئیمە رادەگەیەنین کە:

1- شیعاری سەرەکی سیاسەتی گشتی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران لە زەمینەی ریکخستنی جەماوەری کریکاران دا، بریتییە لە تەبلیغ کردن و هەنگاو هەلگرتن بوپیك هینانی شووراکریکارییەکان و ریکخستنی شوورایی چینی کرێکار.

2- ئیمەریکخراوی شوورایی چینی کریکار بەناوەندو میحوەری ریکخراو بوونی جەماوەری چینی کریکاروپالپشتی باقی ریکخراوەجەماوەری یەکان دەزانین و بۆ پەیوەس کردنی باقی ریکخراوە کریکاری یەکان بەریکخراوی شوورایی چینی کرێکارەوە، تیدەکوشین.

3- ریکخراوی شوورایی، پیشرەوترین شکلی ریکخراوبوونی جەماوەری کریکارانە و دەبیتەمایەی ریکخراوبوونی بەشی متمرکز و پیشرەوی چینی کریکار لە سەنعەتەکان و واحیدگەورەکانیکاردا. لەم رووەوە ئیمە بۆ بەرپا کردنی بزووتنەوەیەکی جەماوەری و سەراسەری شوورایی چینی کریکار خەبات دەکەین، سەرەرای ئەمە لە کارگا چکولەکان دا و بەگشتی لەو بەشانەدا کە بە هۆی جیگاوشوینی ئابووریان، ژمارەیەکی کەمتر لە کریکاران تییاندا کۆبوونەتەوە، وەیەکیەتی پیشەیی لە چاویەکیەتی شوینی کار، دەبیتەهۆی ئەوە کریکاران بەرانبەر بە سەرمایەداران بە هیز و تواناترین، کریکاران بۆ پیك هینانی اتحادیە پیشەیی یەکان بانگەواز دەکەین وبۆ پیك هینانیان خەبات دەکەین، ئیمە هەول دەدەین کە ریکخراوە اتحادیەیی یەکانی ئەو بەشانەپەیوەندی یەکی نزیك و پتەویان لەگەلّ بزووتنەوەی سەراسەری شوورایی چینی کریکار هەبی.

ب: تایبەتی یەکانی شوورا کریکاریەکان

تایبەتی یەکانی شووراکان و چۆنیەتی ریکخراوبوونی شوورایی کریکاران، کەدەبی لە تەبلیغاتی ئیمەدا لە بەرچاو بگیرین بریتین لە:

1- شووراکان لە خوارەوە پیك دین و تایبەتمەندی سەرەکی یان بریتی یە لە دیموکراتیزم و بە ریوەچوونی ئیرادەی راستەوخۆی کۆمەلانی کریکار.

2- شوورابریتی یە لە کۆبوونەوەی گشتی منزم و شکل پیدراوی کریکاران لە هەر واحیدیکی بەرهەم هینان دا هەموو کریکاران ئەندامی شوورای ئەوواحیدەن و کۆبوونەوەی گشتی کریکاران، پەیکەرە و ئورگانی بریاردەری شوورایە کۆبوونەوەی گشتی بۆ بەریوەبردنی بریارەکانی خۆی کەسانیك (وەك کۆمیتەی بەریوەبەر وەیا بەهەر ناویکی تر) هەل دەبژیری . ئەوەکەسانە، لە هەموو کۆبوونەوەیەکی گشتیدا دەکری وەلابنرین وەیا هەل بژیردرینەوە.

3- لەکارخانە گەورەکان کەپیك هینانی کۆبوونەوەی گشتی هەموو کریکاران مەیسەرنابی، شوورای کارخانە لە نوینەرانی چەندین کۆبوونەوەی گشتی، بونموونە کۆبوونەوەی گشتی بەشەجۆراوجۆرەکان پیك دی.

4- ریکخراوی سەراسەری شووراکان ریکخراویکی هیرەمی یەکە شوورافابریکی یەکان، واحیدی بناغەیی ئەو ریکخراوەن لە ئاستی سەرەوەتر لە فابریکەکان، شوورای نوینەرانی شووراکانی کارخانە پیك دی(و لەئاستی سەروەتریش هەربەم جۆرەدەبی).

5- سیستمی شوورایی بەمەعنای ئەوە نیەکە اتحادیەکان وجوودیان نەبی و لەو شوورایانەدا یەك نەگرن. ئەو صنفانە کە اتحادیە شکلیکی گونجاوە بۆ ریکخراوبوونیان، دەتوانن لە ئاستیکی دیاریکراودا نوینەرانی خۆیان بنیرنە شووراکانی نوینەرایەتی و بەم جۆرە رابگەیەنن کە سەر بەریکخراوی سەراسەری شووراکانن.

6- سیستمی شوورایی ئەو ئیمکانەی هەیە کەچینی کریکار و زەحمەتکیشان لە لایەنی تردا و لە شکل و قەوارەی کۆمەلایەتی دیکەدا لە خۆی هەلپیکی شووراکانی دیهات وەیا شوورکانی سەربازان، دەتوانن لە ئاستیکی دیاریکراودا بەم بزووتنەوەیەوە پەیوەس بن. بزووتنەوەی تەعاونی یەکریکارییەکان و...ش دەتوانن لە لایەکەوە بەشەبەکەی شووراکانەوە پەیوەس بن.

ج: بزووتنەوەی کۆبوونەوەی گشتی

وەك یەکەمین هەنگاو بو ریکخستنی شوورایی کریکاران و وەك ریگاچارەیەکی دەس بەجی ودەم وەدەست بۆ پر کردنەوەی ئەو بۆشایییەکە بەهۆی نەبوونی ریکخراوە جەماوەرییەکریکارییە کانەوە پیك هاتوە، حیزبی کۆمۆنیست خوازیاری پیك هاتن و پەرەگرتنی بزوتنەوەی کۆبوونەوەی گشتی کریکارانە مەبەستی کۆبوونەوەی گشتی ئەوەیەکە شەبەکەیەکی بەرین لە کۆبوونەوەگشتییەکانی کریکاران لە کارخانەکان وواحیدەتەولیدی و ئابووری یەکان پیك بهینری، ئەو کۆبوونەوە گشتی یانە لیك هەلپیکرین و لەم ریگایەوە هەرچی خیراتر ئامرازیکی کاریگەری تەشکیلاتی و رابەری یەکی عەمەلی کەم تازۆر سەراسەری بۆ خەباتی رۆژانەی کریکاری پیك بهینری.

بزووتنەوەی کۆبوونەوەی گشتی کەدەبی بەتیکۆشانی وشیارانەی کریکارانی کۆمۆنیست بەرپابکری، ئەولایەنە بە هیزەشی هەیە کە لەهەمان کاتدا کە یەکەمین هەنگاوەبۆریکخستنی شوورا کریکاریەکان، هەرئیستا لەبەرئەوەی لە بزووتنەوەی کریکاری‌دا زەمینەیەکی زۆرباشی هەیە دەتوانی بەخیرایی ئامانجەکانی خۆی وەدی بینی واقعییەتەکانی ئیستای بزووتنەوەی کریکاری ئیران راست و رەوابوونی ئەم سیاسەتە دەسەلمینن.

1- واقعییەتەکانی دەورەی رابوردووی خەباتی کریکاری بەروونی ئەوە نیشان دەدەن کە هەر ئەمرۆ کۆبوونەوەی گشتی وەك ویست و داخوازیك لە نیو بزووتنەوەی کریکاری‌دا جیگیر بووە و لە نیو کۆمەلانی کریکاردا کۆبوونەوەی گشتی دیاردەیەکی ناسراوە لە دەورەی رابوردوودا کریکاران بۆبەرەوپیش بردنی خەباتی خۆیان و بەرانبەر بە ریکخراوەزردەکان بەکردەو زۆرجار کۆبوونەوەکانی خۆیانیان تەنانەت لە ژیر ناوی کۆبوونەوەی گشتی دا بەریوە بردوە.

2- هەرتەرحیك بۆ ریکخستنی کریکاران بەشیوەی جەماوەری و ئاشکرا تەنیا کاتیك دەتوانی کۆمەلانی بەرینی کریکار بگریتەخۆی و بەریوەبچی کە هەر ئەمرۆ و لە هەموو هەنگاویکی رەوتی بەرەوپیش چوونی بزووتنەوەدا، وەلامدەرەوەی نیاز و پیویستی یەکانی خەباتی رۆژانەی چینی کریکار بی بزووتنەوەی کۆبوونەوەی گشتی لە شکلی ئیستای خۆیدا نیشانی داوە کە ئەمەی لی دەوەشیتەوە.

3- بەپیی هەل و مەرجی کۆمەلایەتی سیاسی ئیران و تایبەتی یەکانی بزووتنەوەی کریکاری پیویستە هەرچەشنە ریکخستنی جەماوەری چینی کریکار، یەکەم، لەئاستی محەللییەوە دەست پی بکاو دووهە، پشت بە رابەرانی محەللی بزووتنەوەی کریکاری ببەستی و بزووتنەوەی کریکاری ببەستی و سیهەمیش، هەر لە ئیستاوەریکخراوەیەکی جەماوەری بی کۆبوونەوەی گشتی ئەم تایبەتی یانەی هەیە و ئەم پیویستی یانە بەباشی وەدی دینی.

حیزبی کۆمۆنیست و کریکارانی کۆمۆنیست و تیکۆشەر بەگشتی دەبی لەسەر ئەساسی ئەم زەمینە گونجاوە ئەو بوچوونەی کریکاران کە دەیانەوی کۆبوونەوەی گشتی بکەنە پالپشتی خەباتی رۆژانەی خۆیان، بزووتنەوەی کۆبوونەوەی گشتی وەك حەرەکەتیکی وشیارانە و ئامانجداروبەرین لە نیو کریکاران دا ریك بخەن و پەرەی پی بدەن. کریکارانی کۆمۆنیست و تیکۆشەرانی بزووتنەوەی کۆبوونەوەی گشتی ئەرکی سەرشانیانەکە:

1- ئیدەی لیهاتوویی کۆبوونەوەی گشتی وەك ئورگانیکی خەباتکارانەی کاریگەر وبناغەی شووراکریکارییەکان، وەهەروەها ئاسوی بەرینتری بزووتنەوەی کۆبوونەوەی گشتی لە نیو کریکاران دا تەبلیغ بکەن و جیگیری بکەن و کریکاران بانگەواز بکەن کە ببنە تیکوشەرانی بزووتنەوەی کۆبوونەوەی گشتی .

2- لەهەر واحیدیکی بەرهەم هینان دا کریکاران بۆ پیك هینانی کۆبوونەوەی گشتی بانگەواز بکەن.

3- بەردەوام هەول بدەن بۆ ئەوەی کۆبوونەوەی گشتی بە شیوەی منزم پیك بی (جیاواز لەوەکە ئیعترازو مانگرتن لە هەرواحیدیك دا هەبی یان نەبی).

4- کۆبوونەوە گشتی‌یەکان وەك قسەکەری واقیعی کریکاران بەرەسمییەت بناسن.

5- بەردەوام هەول بدەن بۆ ئەوەی کۆبوونەوە گشتی یەکان لەگەلّ یەکتر پەیوەندی ئورگانیکیان هەبی.

6- لەبەستنی قەرارداد دەستە جەمعی یەکان دا، لەچارەسەرکردنی ناکوکی‌یەکاندا و لە دەربرینی بیروراو بریاردان لەسەر تەرحەکان و ئیقداماتی دەولەت، هەرچی زیاتر کۆبوونەوە گشی‌یەکان بخەنەگەر.

د: سەبارەت بە اتحادیە

بەلەبەر چاوگرتنی هۆی جۆراوجۆری وەك ئەوەکە اتحادیەکان لەباری میژوویی و عەمەلی‌یەوە لە پیك هینانی یەکگرتوویی بەرینی چینایەتی و لەرابەری کردنی خەباتی کریکاری دا مەحدوودییەتیان هەیە بزووتنەوەی اتحادیەیی بەدریژایی میژووی خۆی لەگەلّ سیاسەتی سوسیال دیموکراتیك لیك هەلپیکراون، اتحادیەکان بەرەو دوورکەوتنەوە لە دیموکراسی راستەوخۆ دەچن و لە نیویان دا بۆروکراسی‌یەکی بان سەری کریکاران سەرهەلدەدا، وەسەرەنجام بەلەبەرچاوگرتنی ئەوە کە لە هەل و مەرجی ئیستای ئیران دا زەمینەی ماددی بۆ پیك هاتنی اتحادیە وجوودی نیە، حیزبی کۆمۆنیست سیاسەتی پیك هینانی اتحادیەکان نانیتە ناوەندی خەباتی خۆی بۆ پیك هینانی ریکخراوەجەماوەرییەکان سیاسەتی گشتی حیزب پیك هینانی شوورا کریکارییەکانە لەهەمان کات دا رادەگەیەنین کە:

1- ئازادی بی قەیدوشەرتی پیك هینانی اتحادیەی کریکاری بەشیکە لە مافی مسوگەری کریکاران بۆ پیك هینانی هەرچەشنە ریکخراوەیەکی صنفی و سیاسی، وەئیمە لیبراوانە دیفاع لەم مافە دەکەین.

2- لە هەول و تیکۆشانی کریکاران بۆ پیك هینانی سەندیکا، پشتیوانی دەکەین و یاریدەیان دەدەین.

3- لە اتحادیە کریکاری‌یە سەربەخۆکان دا بەشداری دەکەین، بۆهیزوتوانا بەخشین بەریبەرایەتی کریکارانی کۆمۆنیست لە نیویان دا تی‌دەکۆشین و لە نیو هەر اتحادیەیەك دا هەول دەدەین بۆ یەکگرتوو کردن وپتەوکردنی خەتی کۆمۆنیستی .

4- بۆ نزیك کردنەوەی هەرچی زیاتری اتحادیەکان لە قەوارەیەکی غەیر بوروکراتیك و بە تایبەت بۆ ئەوەی هەرچی زیاتر لە ئاستی محەللی دا پشت بە کۆبوونەوەی گشتی کریکاران ببەستن، تی دەکوشین.

5- بەهەر رادەیەك کە سیاسەتی ئیمە بۆ پیك هینانی شوورا کریکاری یەکان و پەرە پیدانی بزووتنەوەی کۆبۆونەوەی گشتی وەك هەنگاوی یەکەم، لەگەل هەوك و تیکۆشانی کوروکۆمەلە کریکاری یەکان و جەرەیانە تیکوشەرەکانی لایەنگری اتحادیە هاوجیهەت بن (بۆنموونە پیك هینانی کۆبوونەوە گشتی‌یەکان کەهەندیك لە لایەنگرانی پیك هاتنی اتحادیە تەئییدی دەکەن) ئیمە ئامادەین لەگەلّ ئەو کۆروکۆمەلّ و جەریاناتە هاوکاری بکەین.

دەورەی دووهەم ژمارەی 25 بەفرانباری _1366 ژانوویەی _ 1988

پێشڕەو

# خەباتی جەماوەری

## کورتەیەك لە خەبات و ئیعترازی کۆمەڵانی زەحمەتکیشی کوردستان لە دژی سیاسەتە دژبە شورشەکانی جمهووری ئیسلامی

### لەدژی سەبازگیری، چەکدارکردن و نیگابانی زۆرەملی

**سنە**:

شەوی 28ی خەرمانان دووسەربازی شورشگیر، هەمووبەکریگیراوانی نیو پایگای "کول" لە بەشی سارال-کە 7کەس بوون-دەکوژن و بە دووتفەنگەوە ریزی هیزەکانی رژیم بەجی دیلن هەروەها رۆژی 27ی خەرمانان ژمارەیەکی دیکە لە سەربازان لە مقەری"حاجیاوا"ی شاری سنە تەلبەندی دەوری مقەرەکەدەبرن وهەلدین هیزەکانی رژیم تەقەیان لی دەکەن بەلام ژمارەیەك لە وسەربازانە بە هاوکاری خەلك دەتوانن خۆ دەربازکەن و 3سەبازی دیکە لە کاتی هەلاتن دا دەگیرینەوە.

18کەس لە لاوەگیراوەکانی شارودیهاتی سنە دەدرینە دەست دوونیگابان کە بیانبەنە پادگانی"عجب شیر" لە ئازەربایجان، لاوەکان لەریگا پەلاماری هەردوونیگابانەکە دەدەن و هەلدین و بە یارمەتی خەلك خودەگەیەننەوە شار و دیهاتی خۆیان.

**سەقز**:

رۆژی 1ی رەزبەری بەکریگیراوانی جمهووری ئیسلامی لە ئاوایی "حەوتاش" هات و چو لە خەلك قەدەغەدەکەن و رۆژی دواتر بەتەمای گرتنی لاوەکان خەلك لە مزگەوت کۆدەکەنەوە، بەلام خەلکی تیکۆشەر یەکگرتوانە رادەگەیەنن کە بە هیچ شیوەیك سەرباز بەرژیم نادەین.

**مەریوان**:

رۆژی 25ی خەرمانان بەکریگیراوانی رژیم بە مەبەستی سەربازگیری لەدەروازەکانی شاری مەریوان و لەسەر ریگای هات و چوی خەلك دەست دەدەنە پشکنینی لاوەکان، خەلکی تیکۆشەر بەشاردنەوەی مەشموولەکان و سەرباز هەلاتووەکان و بە ئاگادارکردنی یەکتر لە پیلانی رژیم، ئەم پیلانەی رژیمیان پووچەل کردەوە.

**بانە**:

رۆژەکانی 17و18ی رەزبەر هیزەکانی رژیم لە نیوشاری بانە تەقالایەکی بەرین بۆ گرتنی لاوەکان دەست پی دەکەن بەلام بەهۆی وشیاری و موقاوەمەتی خەلکی تیکۆشەر، بەکریگیراوان دوای دوو رۆژ کەمین نانەوە و کۆنترولی شارنەیانتوانی هیچ کەس بگرن. لە ئاوایی "بژی" بەشی بۆیەن خەلکی تیکۆشەری ئاوایی بەداروبەرد پەلاماردەبەنەسەر بەکریگیراوانی رژیم و لە ئاوایی وە دەریان دەنین.

هەروەها تەقالای هیزەکانی رژیم بۆ گرتنی لاوەکان لە بەشەکانی "هەوەتوو" و "تیلەکوی" دیواندەرە لەگەل موقاوەمەتی خەلك بەرەورووبوە و ئەوکەسانەش کە غافلگیرکرابوون و گیرابوون دوای ماوەیەکی کورت خۆیان لە دەستی بەکریگیراوان دەربازکرد و هەلاتنەوە.

هیزەکانی رژیم لە ئاواییەکانی "ولیاوا"، "هەنگەژال"و"کیلە" و"سەیران بەن" لە ناوچەی بانە و لە ئاوایی "بۆغدەکەندی" لە ناوچەی بۆکان و لە ئاوایی "رەزاو" لەبەشی شامیانی مەریوان فشاریان بۆ خەلك هینا کە چەك هلگرن و نیگابانی بۆ رژیم بدەن خەلکی تیکۆشەری ئەو ئاواییانە ملیان بەم داوایەی رژیم نەدا تەنانەت خەلکی ئاوایی "ولیاوا" ئاواییەکایان چول کرد و بۆ ئیعتیراز بەم داوایەی رژیم چوونە شاری بانەو لەبەردەم ئیدارە دەولەتییەکان کۆبوونەوە هەتا پاشەکشەیان بە بەکریگیراوانی رژیم کرد.

**دیواندەرە**:

رۆژی 13ی رەزبەر لە کاتیك دا کە چەندکەس لە خەلکی ئاوایی "مرەدەر" لە سەر پوستی نیگابانی زۆرەملی بوون، لەلایەن بەکریگیراوانی پایگاوە تەقەیان لی دەکری رۆژی دوایی خەلکی ئاوایی لە بەرانبەر پایگای رژیم دا کۆدەبنەوە ورادەگەیەنن ئیتر حازر نین نیگابانی بۆ رژیم بدەین.

### تەقەلای هیزەکانی رژیم بۆبرینی پەیوەندی پتەوی نیوان زەحمەتکیشان و هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە

**سەقز**:

رۆژی 23ی خەرمانان هیزەکانی رژیم ئاای "کانی‌نیاز" گەمارو دەدەن وویرای ئازادانی خەلکی چەند کەس بە بیانووی هاوکاری کردن لەگەل کۆمەڵە دەگرن کە لەگەل ئیعترازی خەلکی ئاوایی بەرەو روو دەبن.

هەروەها بەکریگیراوانی رژیم لە ئاوایی "کەمەتوو" داوا لە خەلك دەکەن کە لە دژی کۆمەڵەن، هاوکاری لەگەل رژیم بکەن خەلکی تیکۆشەری ئاوایی یەکگرتوانە رادەگەیەنن کە بە هیچ چەشنیك ئامادەنین جاسووسی بۆ رژیم بکەبن بەکریگیراوان بۆ چاوترسین کردنی خەلك یەکیك لە زەحمەتکیشانی ئاوایی دەگرن بەلام بەهۆی ئیعترازی خەلك ناچاردەبن ئازادی بکەن.

**سنە**:

لە ئاوایی"باینچو" هیزەکانی رژیم داوایان لە خەلك کرد کە لەبەرانبەر پەلاماری پیشمەرگەی کۆمەڵەدا بیانپاریزن و لەهات و چوی پیشمەرگە ئاگاداریان بکەن خەلکی تیکۆشەری ئەو ئاوایی یە پییان دەلین:"لە کوردستان هیچ ئەمنییەتیك بۆ بەکریگیراوانی رژیم نیە و ئەگەر لە بیری ئەمنییەتی خۆتان دان دەبی لەکوردستان بچنەدەر"بەکریگیراوانی رژیم دوای چەند رۆژ جاریکی تر دەرژینە ئەو ئاوایی یەو 21کەس لە خەلکەکەی دەگرن خەلکی تیکۆشەری ئاوایی بە ئیعترازی خۆیان 18کەس لە گیراوەکان بە رژیم ئازاد دەکەن و بۆ ئازادکردنی 3کەسەکەی دیکەش دریژە بە ئیعترازی خۆیان دەدەن.

**مەریوان**:

رۆژی 5ی رەزبەر هیزەکانی رژیم لە ئاوایی "نسل"6کەس لە کچانی ئاوایی بە بیانووی ئەوەی دەیانەوی ببنە پیشمەرگەی کۆمەڵە دەگرن و دەیانبەن بۆ ئاوایی "سەولاوا" خەلکی تیکوشەر یەکگرتوانە ئیعترازدەکەن و چەندین جار کۆبوونەوەی گەورەی ئیعترازی لە ئاوایی "سەولاوا" پیك دەینن و سەرەنجام دوای 15رۆژ بەکریگیراوان ناچاردەکەن هەر 6کچەکە ئازاد بکەن.

رۆژی 21ی رەزبەر بەکریگیراوانی رژیم 8کەس لە خەلکی ئاواییەکانی "گاگل"و "شەرکە"دەگرن و داوایان لی دەکەن کە لە دژی پیشمەرگەکانی کۆمەڵە هاوکاری لەگەل رژیم بکەن گیراوەکان تەسلیمی ئەم داوایەی بەکریگیراوان نابن و دوای ماوەیەك ئازاد دەکرین.

**سنە**:

رۆژی 23ی رەزبەر هیزەکانی رژیم لە ئاوایی لەنگەریز 12کەس دەگرن خەلکی ئاوایی کودەبنەوەو بەدانی شیعاری شورشگیرانە خۆپیشاندانیك بەرەو جادە سنە -مەریوان وەری دەخەن خەلکی تیکۆشەر لە سەر جادەکە پەلامار دەبەنەسەر فەرماندەی میحوەری "نگل شویشە" وچەکی دەکەن بەکریگیراوانی تر ویرای تەقەکردن لە خەلکی ژنیك دەگرن و دەیبەن بۆ ئاوایی "نگل" لە نەتیجەی ئیعترازی کۆلنەدەرانەی خەلکی ئاوایی دا ئەو ژنەوهەر 12کەسەکەی پیشتر گیرابوون ئازاد دەکرین.

**مەریوان**:

بەکریگیراوانی رژیم دووکەس لە خەلکی ئاوایی "زویران" دەگرن و فشاریان بۆ دینن کە دووپارچە چەکیان تەحویل بدەن گیراوەکان تەسلیمی ئەم داوایەی هیزەکانی رژیم نابن.

رۆژی 7ی رەزبەر هیزەکانی رژیم لە ئاوایی "پیلە"راننەدەی تراکتوریك کە حازر نەبوو بوو بیگاری یان بۆ بکادەگرن خەلکی تیکۆشەری ئاوایی لە بەرپایگای بەکریگیراوان کۆ دەبنەوە و گیراوەکەیان پی ئازاد دەکەن.

**سەردەشت**:

هیزەکانی رژیم بۆ تیك شکاندنی موقاوەمەتی خەلکی تیکۆشەری ئاوایی "سیسیر" کە حازر نەبوو بوون لەوەلامی بەکریگیراوان دا هەوارەکان و کوخەکان چول بکەن، ماوەیەك لەوە پیش شوینی کار و ژیانی زەحمەتکیشانی ئەو ئاواییە توپ باران دەکەن و کوخەکان دەسووتینن. خەلکی تیکۆشەری ئاوایی بۆ دەربرینی ئیعترازی خۆیان، ژمارەیەك لە نوینەرانیان دەنیرنەشاری سەردەشت.

### لەدژی تالانچیەتی هیزەکانی رژیم

**بانە**:

رۆژەکانی 25و28ی خەرمانان بەکریگیراوانی رژیم بە مەبەستی راوورووت بەسەروگوی پیچراوی دەچنە ئاوایی "چیچوران" خەلکی ئاوایی هەردووجارەکە یەکگرتوانە بەکریگیراوان راودەنین.

**بۆکان**:

ژمارەیەك لە کریکارانی کوورەخانە دوای تەواو بوونی فەسلی کار بەرەوشاری بۆکان دەگەرینەوە لەریگا ژمارەیەك چەکداری بەکریگیراوی رژیم داوای پوول لە کریکارەکان دەکەن و بەهەرەشەولیدان پوولیان لی دەستینن لەو کاتەدا ژمارەیەکی‌تر لە کریکارانی کوورەخانە دەگەنە ئەو شوینە و هەموویان پەلامار دەبەنە سەر بەکریگیراوان وچەکیان دەکەن و دەیانبەنە شارو تەحویلی شارەبانی یان دەدەن و لەوی شاربانی ناچار دەکەن پوولەکەیان بداتەوە و چەکدارەکانیش زیندانی بکا .

**مەریوان**:

رۆژی 22ی رەزبەری 3بەکریگیراوی چەکدرای رژیم لە ئاوایی نژمار 50هەزار تمەن پوولی مالی زەحمەتکیشیکی دانیشتووی "نژمار" بەتالان دەبەن ئەو زەحمەتکیشە دەچیتە مقەری سپای پاسدارانی مەریوان و داوای پوولەکەی دەکاتەوە و ئەگەرچی بەکریگیراوان ناچنە ژیرباری ئەم راو ورووتە بەلام سەرەنجام ناچار دەبن پوولەکەی پی بدەنەوە و یەکیك لە بەکریگیراوانی تالانگەریش بگرن.

### ریزگرتن لەیادی گیان بەخت کردوانی ریگای ئازادی و سوسیالیزم لەکۆروکۆبوونەوەی بەرینی خەلکی زەحمەتکیش دا

**بانە**:

سەدان کەس لە خەلکی تیکۆشەرو شورشگیری شارو ئاواییەکانی بانە لە مەراسمیکی جەماوەری دا کە لە نیوان رۆژەکانی 25و29ی خەرمانان دا لەشاری بانە پیك هات یادی هاوریی کۆمۆنیست "مسعود امین نژاد"یان ریزلی گرت.

**سەقز**:

هەزاران کەس لە خەلکی تیکۆشەری شارەکانی سەقز، سنە، بۆکان، تکاب و ئاوایی یەکانیان بۆماوەی 12رۆژ لە چەندین مەراسمی جەماوەری‌دا یادی هاوری "محمود خدری"یان ریز لی گرت.

**سنە**:

بەبلاوبوونەوەی هەوالی گیان بەخت کردنی هاوریی کۆمۆنیست"صادق وزیری" ئەدامی کۆمیتەی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران و مەسئوولی پەلیك لە پیشمەرگەکانی کۆمەڵە سەدان کەس لە خەلکی تیکۆشەری شار و ئاوایی یەکانی سنە لە مەراسمی ریز گرتن لە یادی ئەو هاوری خۆشەویستە دا بەشداری یان کرد مەراسمەکە حەوتوویەکی خایاند.

لە مەراسمیکی دیکەدا کە لەئاوایی "ئەویهەنگ"ی بەشی ژاوەروی سنەبەرپا کرا سەدان کەس لە ژنان و پیاوانی زەحمەتکیشی بەشەکانی ژاوەرو و کەلاتەرزان، یادی هاوری"مصتفی نصری" ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران و پیشمەرگەی کۆمەڵەیان ریزلی گرت.

هەروەها لە ئاوایی "ئارینان" ژمارەیەکی زۆر لە خەلکی شاری سنە و ئاواییەکانی "نەوەرە"، "صوفیان"،"کەلەکان"،"سوورەزە"،"هەژگرە"،تەوار"، "مەرەبزان" و... لە مەراسمیگی بەرینی جەماوەری دا ریزیان لە یادی هاوری "عسمان احمدی" ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران گرت.

لە هەندیك لەو مەراسمانەدا، خەلکی تیکۆشەر عەکسی هاوری یانی گیان بەخت کردوویان بە گۆل ئەستیری سوور رازاندبووەوە و بەنووسینی شیعارەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران پەیوەندی خۆیان لەگەل ریبازی گیان بەخت کردوان و هەروەها ئیرادەی خۆیانیان بۆ دریژە پیدانی ئەو ریبازە نیشان دەدا لە مەراسمەکان دا خەلکی تیکۆشەر سەبارەت بە تایبەتی یەکانی پیشمەرگەی کۆمەڵە، سیاسەتەکانی کۆمەڵەو دەوری کۆمەڵە لە رابەری کردن و بەرەوپیش بردنی بزووتنەوەی شورگشیرانەی کوردستاندا، دەنگ و باسی چالاکی‌یەکانی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە و وەزعییەتی سیاسی ئیستای کورگستان قسەوباسیان دەکرد لە مەراسمی ریزگرتن لەیادی خاوری "محمودخدری"دابەشداربووان ویرای تەئییدی سیاسەتی شورشگیرانەلە بەرانبەربە حیزبی دیموکرات، لەسەر هەلویستە دژی دیموکراتیکەکان و سیاسەتی شەرخوازانە و خائینانەی ئەو حیزبە قسەوباسیان کرد و خوازیاری ئەوە بوون حیزبی دیموکرات بە قەبوول کردنی ئاگربەسی بی قەیدوشەرت، شەر لە دژی کۆمەڵە کۆتایی پی بینی.

### دیفاع لە خانەوادەی پیشمەرگە

هیزە داگیرکەرەکانی جمهووری ئیسلامی لە ترسی پەرەسەندنی خەباتی جەماوەری و هەلسوورانی پیشمەرگە کۆمەڵە و بە مەبەستی پیش گرتن و هاوکاری بی دریغی خەلکی زەحمەتکیش لەگەل کۆمەڵەو هاتنی پول پولی ژنان و پیاوانی زەحمەتکیش بۆ ناوریزی پیشمەرگەکانی کۆمەڵە، فشاروزەخت و زۆری خۆیان بۆسەر پەیوەس بوون بە ریزی پیشمەرگەی کۆمەڵەوە زیاد کردوە بەلام هەروەك لە خەلکی تیکۆشەر و زەحمەتکیشی کوردستان چاوەروان دەکری لەبەرانبەر ئەم سیاسەتە پووچەلیان کردوەتەوە.

بۆنموونە خەلکی ئاواییەکانی"نژمار"، "سەرنژمار" لە بەرانبەر ئەم سیاسەتەی رژیم دا یەکگرتووانە رایانگەیاند هیچ چەشنە فشاریك بۆسەر خانەوادەی پیشمەرگە قوبوول ناکەن و ئەگەر رژیم دەست لەم فشارە هەلنەگری هەموو خەلکی ئاوایی بە نیشانەی ئیعتراز ئاواییەکەیان بەجی دیلن هەروەها خەلکی ئەم دووئاوایی یەخوازیاری رویشتنی فەرماندەی بەکریگیراوای پایگای رژیم بوون کە رژیم ناچار بووسەر بۆ داخوازەکانیان شوریکا.

خەلکی ئاوایی "ولەژیر" بە ژن و پیاووگەورەوبچووکەوە بەرانبەر بە تالان و بروی مال و دارایی خانەوادەی پیشمەرگە راوەستان و بەکریگیراوانیان ناچار بە باشە کشە کرد.

خەلکی ئاوایی"گویزەکویرە" بە دەرکردنی بریارنامەیەك و بەهەلبژاردنی 15کەس وەك نوینەر بە کریگیراوانی رژیمیان ناچار کرد کە چەند خانەوادەی پیشمەرگەکە گیرابوون ئازاد بکەن و بیانگیرنەوە بۆ ئاوایی یەکەی خۆیان .

خەلکی ئاواییەکانی "رەشەدی"،"چور"،کانی سانان"،"درگاشیخان"،"نگل"، "لەنگەریز"،"بیساران"، یەکگرتووانە دیفاعیان لە خانەوادەی پیشمەرگەکان کرد و پاشەکشەیان بەهیزەکانی رژیم کرد.

### خەباتی قوتابیان و خانەوادەکانیان لە دژی زەخت و زۆری رژیم

**سنە**:

هیزە سەرکوتگەرەکانی جمهووری ئیسلامی رۆژی 7ی رەزبەر ژمارەیەك لە قوتابیانی ئاوایی"ئەویهەنگ، بەبیانووی لایەنگری لە کۆمەڵە دەگرن خەلکی زەحمەتکیشی ئاوایی بۆ ئازادی دەسبەجیی گیراوەکان کۆبوونەوەیەکی ئیعترازی پیك دینن بەکریگیراوانی رژیم ناچار دەبن هەر ئەورۆژە هەموو گیرواوەکان ئازادبکەن.

خەلکی ئاوایی "نەوەرە" چەندین کۆبوونەوەی ئیعترازی‌یان بۆکردنەوەی مەدرەسەی راهنمایی ئاواییەکەیان پیك هینا ئەم مەدەرەسەیە لەسالیك لەوە پیشەوە لە لایەن بەکریگیراوانی رژیمەوە داخراوە.

**مەریوان**:

رۆژی 4ی رەزبەر بەکریگیراوانی جمهووری ئیسلامی فیلمیك کە لە دژی بزووتنەوەی شورشگیرانەی کوردستان و کۆمەڵە دروستیان کردبوو، بۆنمایش دان دەبەنە دەبیرستانی ئاوایی "نی" لە دەوروبەری شاری مەریوان قوتابی‌یە تیکۆشەرەکانی ئەم ئاوایی‌یە لە دژی بەکریگیراوان ئیعتراز دەکەن و بە کۆمەلً ئەو فیلمە تەحریم دەکەن و سالونی نمایشەکە بەجی دیلن.

قوتابی‌یەتیکۆشەرەکان هەر ئەو رۆژە بۆ دژایەتی لەگەل سیاسەتی دا سەپاندنی حیجابی زۆرەملی بەسەرکچان لیباسی

نیزامی بەسەر کوران دا لەسەر دیواری مەدرەسەکە شیعاری "نەحیجابی ئیسلامی نە لیباسی نیزامی "دەنووسن.

خەلکی ئاوایی"کلە" چەندین جار لە دژی داگیرکرانی مەدرەسەو حەمامی ئاوایی‌یەکەیان لەلایەن هیزەداگیرکەرەکانەوە، ئیعترازیان کرد و خوازیاری چول کردنی مەدرەسە و حەمامەکەبوون.

رۆژ6ی رەزبەر خەلکی شاروچکەی جوجەسازی مەریوان کەبەشیکن لە ئاوارەکانی ئەو ناوچەیە لە دژی کەم بوونی ئیمکاناتی خۆیندنی مندالەکانیان ئیعترازیان کرد و بەدانی شیعار لە دژی رژیم خوازیاری دابین کردنی دەسبەجیی داخوازەکانیان لە کارەبەدەستانی رژیم بوون.

**دیواندەرە**:

رۆژی 8ی رەزبەر کاربەدەستە بەکریگیراوەکانی ئامووزش و پەروەرشی شاری دیواندەرە بە 15کەس لە قوتابیانی "مەدرەسەی رجائی"ی ئەم شارە کە لە ئیمتیحاناتی سالی پیشوودەر نەچووبوون ئیشنیاردەکەن برون بۆ جەبهە و بەلینیان پی دەدەن کە بۆ هەرسی مانگ کە لە جەبهەبن کلاسیك زوورتریان پی دەدەن.

قوتابی یەتیکۆشەرەکان یەکگرتووانە لە دژی ئەم داوا کۆنەپەرستانەیەی رژیم ئیعترازدەکەن و رادەگەیەنن کە لە هیچ شەرایتیك دا حازرنین بچن بۆ جەبهەکانیشەری کۆنەپەرستانەی ئیران و عیراق.

**بانە**:

لە سەرەتای سالی تازەی خویندنەوە بەکریگیراوانی پاسدار–معلم و دختراني زینب بۆ داسەپاندنی لیباسی نیزامی و حیجابی زۆرەملی قوتابیانی مەدرەسەکانی شارە بانەیان لە ژیر فشار نا.

قوتابی یەتیکۆشەرەکانی شاری نانە لە دژی ئەم سیاسەتە کۆنەپەرستانەیەی رژیم لە مەدرەسەکان دا دەستیان دا یەئیعتراز و مقاومەت و جگە لە ژمارەیەکی کەم لە قوتابیان کە بە جۆریك لە گەل رژیم و بەکریگیراوانی نزیکایەتی یان هەبوو کەسی تر نەچووە ژیر باری ئەم سیاسەتە کۆنەپەرستانەیە.

بەکریگیراوانی رژیم لەشاری بانە ویستیان کلاسی ئینگلیسی قوتابیانی سالی یەکەمی راهنمایی بگورن و بیکەنە کلاسی نیزامی،کەئەم داخوازە کۆنەپەرستانەیەی بەکریگیراوانیش لەگەل مقاومەت و خەباتی قوتابی یەکان بەرەورووبووەوە.

**لەدژی کوچی زۆرەملی خەلکی ئاوایی‌یەکانی بەشی سویسنی سەردەشت یەکگرتوانە لە دژی سیاسەتی‌کۆنەپەرستانەی کوچی زۆرەملی ئیعترازیان کرد.**

کاربەدەستانی رژیم لە شاری سەردەشت لە رۆژەکانی ئاخری مانگی رەزبەردا ژمارەیەك لە ئەندامانی شوورای ئیسلامی ئاوایی‌یەکانی بەشی سویسنی لە ئاوایی "مام کاوی" کودەکەنەوە و داوایان لی دەکەن کە ئاوایی‌یەکانیان چول بکەن.

ئەو ئاوایی یانەی کە بە کریگیراوانی جمهووری ئیسلامی دەیانەوی بەهەر جۆریك بی چولی بکەن بریتین لە: مام کاوی، داوداوی، مەزرا، دارمەکون، دولەتوو، ساوان، هەلیشە، ئەحمەدبریو، سوورەبان، زەلی، مەمەنداوی، بەردەسوور، ئاشەدینە، بایزەمەرە، سیرەمیرگ، سپیداری، گل کەنك، کانی زەرد، دولی خانوان و وەردی.

کاربەدستە بەکریگیراوەکانی رژیم لە ریگای شوورائیسلامی‌یەکانەوە هەرەشە لە خەلکی ئەو ئاوایی یانە دەکەن کە بە هۆی ئەوەی ئەو ناوچەیە ناوچەیەکی جەنگی‌یە دەبی هەرچی زووتر ئاوایی‌یەکانیان چول بکەن.

بەلام کۆبوونەوەی ئاوایی"مام کاوی" هیچ ئەنجامیکی بۆ بەکریگیراوان نەبوو وخەلکی تیکۆشەری ئاوایی‌یەکانی سویسنی هەر وەك سالانی رابوردوو لە بەرانبەر ئەم سیاسەتەی کۆنەپەرستان دا راوەستان و ئیعترازیان کرد چەند رۆژ دواتر لە هەر ئاوایی‌یەکی بەشی سویسنی چەندکەس بەنوینەرایەتی خەلك چوون بۆ شاری سەردەست و نارەزایەتی خۆیان بەرانبەر بە سیاسەتی کۆنەپەرستانەی کۆچی زۆرەملی دەربری و بە ئاشکرا رایان گەیاند کە بەهیچ جۆریك ئەم سیاسەتە کۆنەپەرستانەیەی رژیم قەبوول ناکەن رژیم لە بەرانبەردا ناچار بی دەنگەی لی کرد.

**خەباتی دەسفرۆشان و دەکەداران**

هیزەسەرکوتگەرەکانی جمهووری ئیسلامی لە دریژەی فشاروزەخت و زۆریان دا بۆسەر دەسفرۆشان ودکەداران جاریکی‌دیکە لە رۆژەکانی 29و30ی خەرمانان دا بە بیانووی پیش گرتن بە گران فرۆشی هیرشیان کردە سەر زەحمەتکیشانی دەسفرۆش و دەکەداری شاری سەقز وشت و مەکیان تالان کردن.

لە مەیدانی ماست فرۆشانی شاری سەقز ژمارەیەك لە زەحمەتکیشان بە پشتیوانی ژماریەکی دیکە لە خەلکی تیکۆشەری ئەو شارە لە بەرانبەر بەکریگیراوان دا مقاومەت دەکەن و رادەگەیەنن کە رژیم ئیسلامی بۆخۆی سەرچاوەی گرانی و بازاری رەشە و نابی و ناتوانی بەم بیانوانەوە ئەم راستیە لە بەرچاوی خەلك بشاریتەوە.

**خەبات لە دژی ملکدارەکان و بەکریگیراوانی رژیم**

لە بەهاری ئەمسالەوە هەندی لە ملکدارەکانی ناوچەی بانە کە بەکریگیراو و چەکداری رژیمن بە پشتیوانی ئورگانە سەرکوتگەرەکانی رژیم فشاریان خستوەتە سەر خەلکی ئاوایی‌یەکانی "نەنور"،"شیلمان"،"سەتەزین"،"قورووچاو"،"سەرسو ونج"، "نیروان"و ویستوویانە زەوی و باخەکانیان لی بستیننەوە بەلام خەلکی زەحمەتکیشی ئەم ئاوایی‌یانە بە ئیعتراز و مقاومەتی خۆیان لە بەرانبەر ئەم ویستە کۆنەپەرستانەیەدا پاشەکشەیان بە ملکدارە کۆنەپەرستەکان و بەکریگیراوانی دیکەی رژیمیش کردوە.

**خەباتی زیندانی یەسیاسی‌یەکان پەرەی سەندوە**

خەباتی زیندانی یەسیاسی‌یەکان لە زیندانەکان و شکەنجەگاکانی رژیمی ئیسلامی دا زیاتر پەرە سەندوە و بووەتە مایەی ترس و نیگەرانی رژیم لەرۆژ زیاتری زیندانەوانەکانی رژیم.

زیندانەوانەکان هەولیان داوە بۆ بەرگری کردن لە یەکیتی و هاوپشتی قایمی زیندانی‌یە کۆمۆنیست و شورشگیرەکان و بۆئەوەی ئەو زیندانی‌یانە نەتوانن یارمەتی مالی بەیەکتر بدەن لە مولاقاتەکاندا دایان ناوەکەهەر زیندانی یەك دەبی زیاتر لە 300 تمەن وەرنەگری بۆ پیش گرتن بەچوونەدەرەوەی هەوالەکانی نیو زیندان و هاتنی هەوالی دەرەوە بۆ نیو زیندانەکان مولاقاتەکانیان لە یەك دوور خستوەتەوەو کردوو یانە بەهەرسی حەوتوو جاریك بەلام زیندانی یەسیاسی‌یەکان زیندانی" دادگاه انقلاب " لە سنەتیکوشان ئەم تەقالایانەی رژیم پووچەل بکەنەوە و هاوپشتی خۆیان توندوقایم تر بکەن ئەو زیندانی‌یانە جاسووس و هاوکارانی رژیم رسوادەکەن و پەیوەندی بەرینتر لەگەل یەکتر پیك دینن و هەوالەکانی دەرەوەی زیندان بە تایبەت خەباتی جەماوەری و کریکاری و عەمەلیاتەکانی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە بەخیرایی بەنیو زیندانی یەکاندا بلاو دەکەنەوە.

**لە دژی باج سەندنی حیزبی دیموکرات بۆکان**:

ئەفرادی چەکداری حیزبی دیموکرات لە کۆتایی هاوین و سەرەتای پایزی ئەمسال دا دەچنە ئاوایی‌یەکانی "بوغدەکەندی"،"کەریزەی گلی"،"قووروچاو"،و"قالوی"، "پیربادین"،"سلامەت"،و"قالوی"،"دەیانەوەی بەزۆروهەرەشە پوول و پارە بەناوی یارمەتی مالی لە خەلك بستینن چەکدارەکانی ئەو حیزبە بۆ هەر خانەوادەیەك لە هەزار تمەنەوە تا چوارهەزار تمەن دیاری دەکەن جگە لە باج سەندنە ئاشکرایە، ئەو چەکدارانە خاوەنی ئەو ماشینانە کە لەخەتی ئەو دیهاتانەدا کاردەکەن، دەخەنەژیر فشارەوە کە پوول بە حیزبی دیموکرات بدەن، وەبۆهەر تراکتوریك 3هەزار و بۆ هەر مینی بووسیك 4هەزارتمەن دیاری دەکەن و پیان رادەگەیەنن کە ئەگەر ئەو پوولە نەدەن ماشینەکەنیان دەسووتینن، خەلکی ئەو ئاوایی‌یانە لە دری ئەم باج سەندنەی حیزبی دیموکرات ئیعتراز دەکەن و ئەو پوولەیان پی نادەن وەبە ئاشکرا رادەگەیەنن کە "لەکاتیك دا هەژاری و فەلاکەتیکی بی وینەلە لایەن جمهووری ئیسلامی‌یەوە بەسەریان داسەپاوە و ژیان و گوزەرانی لی تال کردون، حازر نابن برسیتی و بی بەشییەکی زیاتر بەسەر خۆیان و خانەوادەکانیان دا بسەپینن و ئەم باجە بە حیزبی دیموکرات بدەن".

# بریارنامە سەبارەت بە:
# حوزووری نیزامی ئەمریکا لە خەلیجی فارس

لەبەرئەوەی

1)هاتنی کەشتی‌یە جەنگی‌یەکانی ئەمریکا بۆ خەلیجی فارس، لەلایەن ئەمپریالیستەکانەوە لە ژیر هەربیانوویەك دا پاساوبکری، لەبنەرەتەوە بەمەبەستی پتەوکردنەوەی دەسەلاتی ئەمریکا و قورستر کردنی پارسەنگی ئەمریکالە ململانیی بلووك و ولاتە ئەمپریالستی‌یەکاندا، سەقامداربوونی ولاتانی کۆنەپەرست لە ناوچەکە، توندبوونەوەی کوت و بەندی دیلی هینەری ئەمپریالیستی و بەربەرەکانی کردن لەگەڵ مەترسی بوحران و ئاخیزی شورشگیرانە لە دژی وەزعی مەوجوودە، وەپیش هەمووشتیك چینی کریکار و خەلکی زۆرلیکراوی ناوچەکەی کردوەتە نیشانە،

2) ئەم مەسەلەیە دەبیتە هۆی ئەوەکە رژیمی جمهووری ئیسلامی کە هەر لەسەرەتای هاتنە سەرکاریەوە لە خزمەت بەرژەوەندە بنەرەتی یەکانی سەرمایەداری و ئەمپریالیزم دا کاری کردوەو هەتا ئیستاش هەر خەریکی سات و سەودا و معامەلەی ئاشکرا و نهینی لەگەڵ دەولەتی ریگان، رژیمی ئیسراییل و دەولەتانی سەرمایەداری ئوروپایە، وەبەبی پشت بەستن بە پشتیوانی مالی و تەسلیحاتی ئەوان نەی دەتوانی و ناتوانی دریژە بەژیانی خۆی وشەری کونەپەرستانەی ئیران و عیراق بدا، جاریکی دیکەش مەجالی ئەوەی دەست بکەوی کە لە ئاستی جیهان دا ریاکارانە روالەتی "دژی ئەمپریالیستی"بەخۆیەوە بگری،

3) چینی کریکاری ئیران و کۆمەلانی خەلکی زەحمەتکیش لە ئیران بە باشی جەوهەر و کارکردی دژبەشورشی رژیمی ئیسلامی و جم و جولی چاوبەستانەوریاکارانە ئەم رژیمەیان ناسیوەتەنانەت جەریانە ئوپورتونیستی یەکانیش دەمیکەکەوتوونەتە شوین رادیکالیزمی شورشگیرانەی کۆمەڵانی خەلك و شیعاری رووخاندنی رژیمی ئیسلامی یان بەدەستەوەگرتوە، بەڵام هاتنی کەشتی‌یەجەنگی‌یەکانی ئەمریکا و باقی ولاتانی ئەمپریالیست بۆ ناوچەکە، ئیمکانی ئەوەی بە جەریاناتی ئوپورتونیست – بەتایبەت لەولاتانی ئوروپایی– داوە کە بەبیانووی پشتیوانی کردن لە "خەباتی دژی ئەمپریالیستی"ناتەبایی قوولی کریکاران و زەحمەتکیشان لەگەڵ رژیمی ئیسلامی و خەباتی چینایەتی یان لە دژی ئەم رژیمە بەنارەواله قەلەم بدەن و پشتیوانی لە دەسەلاتی دژی کریکاری و کۆنەپەرستانەی رژیمی ئیسلامی و لە تەقالای جەنگی یەکانی ئەو رژیمە بکەن و بەم جۆرە زەینی کریکارانی ئەو ولاتانە ئالوزبکەن،

بۆیە حیزبی کۆمۆنیستی ئیران رادەگەیەنی کە:

1– هاتنی کەشتی یەجەنگی یەکانی ئەمریکا بۆ خەلیجی فارس، کەکەشتی یە جەنگی‌یەکانی ولاتە ئەمپریالیستی یەکانی تریش بەشوینی دا هاتوون، بەتوندی مەحکووم دەکا ئەم هەنگاوە بەشیکە لە سیاسەتی ملهوری و دەسدریژی ئاشکرای ئەمپریالیزمی ئەمریکا کە بە تایبەت لە دەورەی ریگان دا بەمەبەستی زال کردنەوەی دەسەلاتی سیاسی و نیزامی ئەمریکا و توند کردنەوەی ئەو کوت و بەندە ئەمپریالیستی یە کە شورش لە ولاتانی جۆراوجۆرزەربەری قورسی لیداوە، بەریوەدەبری و هەروەك دەخالەتی نیزامی لە ئەمریکای مەرکەزی و دەسدریژی بۆسەر شورش و خەلکی نیکاراگوا و بەریوە بردنی بە ئاشکرا تیروریزمی دەولەتی و دیپلوماسی ملهورانە لەسەرتاسەری جیهان، دەبی لەهەموو شوینیك کریکاران و جەماوەری شورشگیر بە خەبات و ئیعترازی خۆیان وەلامی بدەنەوە.

2– هەرچەشنە پشتیوانی کردنیك – هەر چەندیش کەم بی – لە رژیمی ئیسلامی بە بیانووی حوزووری نیزامی ئەمریکا لە خەلیج و بەبیانووی ئەوەی ئەمە هەندیك ناکوکی دیاریکراوی لەگەڵ ئەم رژیمە هەیە، بی ئەم لاو ئەولا بە سیاسەتیکی ئوپورتونیستی دەزانی و مەحکوومی دەکا.

لەروانگەی چینی کریکاری ئیرانەوە، رووخاندنی جمهووری ئیسلامی پیویستی‌یەکی دەس بەجی و حەیاتی‌یەو ئەرکیکی هەرە گرینگەو مەرجی هەرچەشنە باش بوونیکی ئەساسی و هەر چەشنە پیشرەوی یەکی داهاتووی چینی کریکارە کارکردی رژیمی ئیسلامی بەدریژایی 8 سالی رابوردوو بریتی بووە لە داسەپاندنی بی وینەترین هەژاری و رۆژرەشی و بی ماف و خەفەقانی رەشی لە چەشنی سەدەکانی ناوەراست بەسەر کریکاران و خەلکی زەحمەتکیش دا، پیك هینانی بەرینترین دەزگای دیکتاتوری و وەری خستنی کوشتاری خویناوی و بەرین لە دژی کریکاران و کۆمۆنیستەکان، سەرکوت کردنی بزووتنەوەی کریکاری و شەلالی خۆین کردنی هەرچەشنە داخوازیکی هەقخوازانەی خەلکی زۆرلیکراو، داسەپاندنی بیشەرمانەترین قانوون و یاسا و ئاشکراترین نابەرابەری بەسەر ژناندا و هیرش هینانی بەرین بۆسەر کوردستان و سەرکوت کردنی چەکدارانەی بەردەوامی گەلی کورد تاقە سیاسەتی شورشگیرانە بۆ کریکاران وهەموو کۆمۆنیستەکان لەم زەمینەیەدا بریتی یە لە پشتیوانی کردنی بی دریغ و بی قەید و شەرت لە چینی کریکار و کۆمەلانی زۆرلیکراوی ئیران بورووخاندنی رژیمی ئیسلامی.

3– لەم هەل و مەرجەدا کۆمۆنیستەکانی ئیران لەدەرەوەی ولات دەبی لە لای کریکاران و بیرورای گشتی ولاتانی تر هەرچی زیاتر رژیمی ئیسلامی و جەوهەر و کارکردی واقیعی ئەم رژیمەبناسینن، هەر چەشنەتەقالایەکی ئوپورتونیستی بۆ پشتیوانی کردن لە رژیمی ئیسلامی سەرمایە وەیا پشتیوانی کردن لەشەر ریسوابکەن و لە جاران زیاتر هەول بدەن بۆ ئەوەی لە ئاستی جیهانی دا بە شیوەیەکی هەرچی بەرینتر لە خەباتی چینی کریکار بۆ رووخاندنی رژیمی ئیسلامی پشتیوانی بکری .

دەورەی دووهەم   ژمارەی 25   بەفرانباری _1366   ژانوویەی _ 1988

پێشڕەو

# بریارنامە سەبارەت بە
# هەندیك لایەنی گرینگی تیكۆشانی حیزبی كۆمۆنیستی ئیران لە ئاستی جیهانی‌دا

یەكیك لە پیویستی‌یەكانی پیشرەوی بەرەووەدی هینانی ئامانجەكانی حیزبی كۆمۆنیست بریتی‌یە لەبەرەوپیش بردنی تیكۆشانیكی بەردەوام لە مەیدانی جیهانی دا بەمەبەستی روشن كردنەوەی چوارچیوەی گشتی ئەم تیكۆشانە و هەندیك لە گرینگترین لایەنەكانی تیكۆشانی حیزب لە مەیدانی جیهانی دا، یانی پەیوەندی لەگەڵ ریكخراوە غەیرە ئیرانی یەكان، هەلویستمان سەبارەت بە ریكخراوەكریكاری‌یەكان و ئەركەكانمان سەبارەت بە ئیرانیانی نیشەجیی دەرەوەی ولات، كۆمیتەی ناوەندی حیزبی كۆمۆنیستی ئیران لەسەر ئەم خالانەی خوارەوە تەئكیددەكا.

1) بنەماكانی تیكۆشانی حیزبی كۆمۆنیست لە ئاستی جیهانی‌دا

تیكۆشانی حیزب لە ئاستی جیهانی‌دا گەلیك لایەنی جۆراوجۆری هەیە كە دەكەونە ئەم چوارچیوەگشتی یەی خوارەوە:

الف- یاریدەدان بە پیك هاتن و پتەو بوونی ریزی كۆمۆنیستی، شورشگیرانەو كریكاری لەمەیدانی جیهانی دا، بە جیاواز لە هەموو ئوردووگاكان و قتب بەندی‌یە رویزیونیستی و ئوپورتونیستی‌یەكان و هەروەها بە جیاواز لە گورووهبەندی‌یە فرقەیی‌یەكانی چەپی رادیكالی غەیرە كریكاری.

ب- خزمەت كردن بە یەكیەتی جیهانی چینی كریكار، وەبەشداری كردنی هەرچی هەلسووراوانەتر لە خەباتی بەشە جۆراوجۆرەكانی چینی كریكاری جیهانی‌دا لە دژی نیزامی سەرمایەداری وهەموو ئەو زەخت و زۆر و مەینەتانە كە لە ولاتانی جۆراوجۆر سەرمایە بەسەر كریكارانی‌دا دەسەپینی.

ج- هاوپشتی كردن لەگەڵ خەباتی هەق خوازانەی خەلكی زۆرلیكراوو زەحمەتكیش، لەدژی هەلاواردن وستەمی سەرمایەو ئەمپریالیزم لە ولاتانی جۆراوجۆر وهەولدان بۆ بەهیز كردنی سیاسەتی كۆمۆنیستی وریزی كۆمۆنیستی لەم خەباتە دا،

د- هەلخراندن و كۆكردنەوەی زۆرترین هیزی مومكین لە ئاستی جیهانی‌دا، بەتایبەت بەوەدەسهینانی هاوپشتی پرولیتاریای جیهانی، بۆ وەدی هینانی ستراتژی حیزبی كۆمۆنیستی ئیران، یانی رووخانی جمهووری ئیسلامی و دامەزرانی حكوومەتی كریكاری.

2- سەبارەت بە پەیوەندی حیزبی كۆمۆنیست لەگەل گورووە و ریكخراوە سیاسی‌یەكان لە ئاستی جیهانی دا.

تیكۆشان لەمەیدانی جیهانی دا، پیویستی هەیە بەپیك هینانی پەیوەند و موناسەباتیك لەگەل ئەو گورووە و ریكخراوەجوارجورانە كە لە ژیر ناوی كۆمونیزم دا فەعالییەت دەكەن حیزبی كۆمۆنیستی ئیران خوازیاری ئەوەیە كە بەشە هەرەتیكۆشەرەكانی چەپی رادیكال لە ولاتانی جوراوجورروبكەنە هەلویستی ئوسوولی ماركسیستی- لینینیستی و بینە ناوریزی خەبات بۆ پیك هینانی قتبیكی كۆمۆنیست لە هەمان كاتدا كە پیشوازی دەكا لە پەیوەندی گرتن و راویژ كردن لەگەل هەموو حیزب و ریكخراوە چەپەكان، تەنیا لەگەل ئەوانەیان دەتوانی پەیوەندی نزیك و پتەوپیك بینی كە پراتیك و بیرراو هەلویستەكانیان لەگەل بنەماكانی ئەوریزە كۆمۆنیستی‌یە یەك بگریتەوە.

بنەماسەرەكی یەكانی ئەو ریزبەستنە بەم جۆرەیە:

الف- روولەچینی كریكار و بزووتنەوەی كریكاری بكری و هەول بدری كە بزووتنەوەی كۆمۆنیستی شورشگیرانە بكریتە بزووتنەوەی كریكاری كۆمۆنیست ئەركی‌یەكگرتوو كردنی بەشەجۆراوجۆرەكانی چینی كریكار، پەرەپیدانی بەردەوامی ئامانج و خەباتی سوسیالیستی سەربەخۆی چینی كریكار، بەهیزكردنی بزووتنەوەی كریكاری لە مەیدانە جۆراوجۆرەكاندا، وە خەبات بۆ سەربەخۆكردن و جیاكردنەوەی ئەو بزووتنەوەیە لە سیاسەتی بالە جۆراوجۆرەكانی بورژوای، بە ئەركی سەرەكی و لەسەرووی هەرئەركیكی تر دابندری.

ب- پابەندبوون بە شورشی كۆمەڵایەتی چینی كریكار بۆ هەلوەشاندنەوەی مالكییەتی بورژوایی و دامەزراندنی مالكییەتی هاوبەش بەسەروەسایلی بەرهەم هینان و گورینەوەداو هەلوەشاندنەوەی كاری كری گرتەوچەوسانەوەی چینایەتی.

ج- سنووركیشان و خۆجیا كردنەوە بەشیوەیەكی بنەرەتی و ئوسوولی لە "سوسیالیزم"ی ئوردووگاكان و قتبەكان (شوورەوی، چین، ئالبانی) و خوجیا كردنەوە لە كوسپە جیهانی‌یەكان وەك تروتسكیزم و ئورۆكۆمۆنیزم، هەولدان بۆ پیك هینانی ئەنترناسیونالی كۆمۆنیستی كریكاری.

د- پی داگرتن لەسەر ئوسوول لە هەلویستە تاكتیكی یەكاندا و سەربەخۆیی و خۆجیا كردنەوەی تاكتیكی لە بالەجۆراوجۆرەكانی بورژوازی لەهەموو هەل و مەرجیك دا. دیفاع لە بەرژەوەندی سەربەخۆی چینی كریكار و ئامانجی سوسیالیزم و رزگاری لە ستەم و خەفەقان و ملهوری سەرمایەداری سەردەمی ئەمپریالیزم لەسەرتاسەری جیهان دا.

ه- دەخالەتگەری هەلسووراوانە، تی‌گەیشتن لە گرینگی خەباتی رۆژانەی كریكاران، و هەروەها خەباتی خەلكی زۆرلیكراو وهەق خوراو لە كۆمەڵی سەرمایەداریدا، تەنانەت لەو جیگایانەكە ئەم خەباتە لە دەوری داخوازی ئیسلاح خوازانە بەریوەدەچی هەول دان بۆبە دەستەوەگرتنی دەوری هەلسووراوانە لەم خەباتەدا بە مەبەستی پاراستنی قازانج و بەرژەوەندی شورشی كریكاری و پەرە پیدانی سیاسەتی كۆمۆنیستی.

3- تیكۆشان لەپەیوەند لەگەل ریكخراوە جەماوەری‌یەكان كریكاران لە ئاستی جیهانی دا.

ئەمرۆبەشی هەرەزۆری بزووتنەوەی كریكاری و خەباتی رۆژانەی كریكاران لە دژی سەرمایە، لەدەرەوەی مەیدانی نفووزی كۆمۆنیستی بەریوەدەچی (و تەنانەت رۆژلەگەڵ رۆژزیاتر لە مەیدانی نفووز و دەسەلاتی حیزبەرویزیونیست و ریفورمیستەكانیش دەچیتەدەر). لەهەل و مەرجیكی پرولیتاریای ولاتانی تر، پیویستە حیزبی كۆمۆنیستی ئیران لەپەیوەندگرتن لەگەل حیزب و ریكخراوەچەپەكان واوەتر بچی و لەگەڵ ریكخراوەجەماوەری‌یە كریكاری‌یەكان و لەگەڵ خەباتی چینی كریكار لەوولاتانە، پەیوەندی پیك بینی.

پەیوەندی حیزبی كۆمۆنیست لەگەل ریكخراوە جەماوەری‌یەكریكاری یەكان (اتحادیەكان، كۆمیتەكریكاری‌یەكان، كەمپەینەكریكاری‌یەكان و...) دەبی بە بی لەبەرچاوگرتنی تیبینی ئیدئولوژیك تائەوجیگایەكە ئیمكانی هەیە پەرەی پی بدری لەم رووەوە:

الف- حیزبی كۆمۆنیستی ئیران بۆ پیك هینانی پەیوەندی لەگەل اتحادیە و ریكخراوە كریكاری‌یەكان، لەهەركۆی ئەم ریكخراوانە نەبووبنە ئامرازی دەستی دەولەتەكان و كۆنەپەرستی بورژوایی، هەول دەدا لەم پەیوەندگرتنەدا ئیمە بە تایبەت خوازیاری ئەوەین كە لەگەڵ جەماوەری ئەندامانی ئەم ریكخراوانە و بەشەرادیكال و شورشگیرەكانی نیورابەرانی محەللی وسەرتاسەری پەیوەندیكی نزیكترمان هەبی.

ب- حیزبی كۆمۆنیست بەپیی توانایی خۆی، علی الاصول لەولاتانی جۆراوجۆر لە حەرەكەتە ئیعترازی‌یەكریكاری‌یەكاندا (مانگرتن، خۆپیشاندان، پیكیت، و...) بەشداری دەكا.

ج- حیزبی كۆمۆنیست لەهەمان كاتدا ئەركی سەرشانیەتی كە ویرای هاوپشتی عەمەلی هەرچی پتەوتر لەگەل خەباتی كریكاری بەرانبەربە كارفەرماكان و دەولەت، بیروراوسیاسەتی سەربەخۆی خۆی وهەروەها رەخنەكانی خۆی سەبارەت بە اتحادیەكان و ریكخراوەكریكاری‌یەكان بهینیتە گۆرو تەبلیغیان بكا.

4- سەبارەت بە ئیرانی‌یەكانی دەرەوەی ولات

دامەزرانی رژیمی بورژوا ئیسلامی دژبە شورش لە ئیران بووەتە هۆی ئەوە كە ژمارەیەكی یەكجار زۆر لە خەلكی ئیران ئاوارەی ولاتانی ترین و بەتایبەت رووبكەنە ولاتانی دراوسیی ئیران یان ولاتانی ئورووپای رۆژئاوا كاری وشیاریدەرانەو ریكخەرانە لە نیو پەناهندەكان و ئاوارەكان دا و هەروەها وەگەرخستنی هیزوتوانایان لە دژی جمهووری ئیسلامی، ئەركیكی بەردەوامی حیزبی كۆمۆنیستی ئیرانە بەڵام رووهینانی ئەم ژمارە زۆروزەبەندە لەخەلكی ئیران بەرەو ولاتانی تر، ئەركیكی ئەنترناسیونالیستی تازەش دەنیتە بەردەم حیزبی كۆمۆنیستی ئیران ودەبی هەول بدەین نەك هەر نەبیتە هۆی ئەوە كە بورژوازی فشاری ئابووری بخاتە سەرشانی چینی كریكاری ولاتانی تر، وەنەكریتە وەسیلەو ئامرازیك بۆ پیك هینان و پەرەپیدانی تەفرەقەو چەندبەرەكی ناسیونالیستی و شوفینیستی و رەگەز پەرستانە، بەلكوو خۆی ببیتە هیزیك بۆ توانا بەخشینی هەرچی زیاتر بە بزووتنەوەی كریكاری و پیشرەو لەو ولاتانە.

# راگەیاندن سەبارەت بەگرتنی پلینومی دەهەمی كۆمیتەی ناوەندی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران

پلینومی دەهەمی كۆمیتەی ناوەندی حیزبی كۆمۆنیستی ئیران لە رۆژەكانی ئاخری مانگی خەزەلوەری 1366داگیرا پلینوم بەسروودی ئەنترناسیونال و بەریز گرتن لە یادی هاوریی ئازیز دوكتور جعفرشفیعی، كۆمۆنیستی شۆڕشگێروئەندامی بەرزی كۆمیتەی ناوەندی حیزبی كۆمۆنیستی ئێران و هەروەها یادی هەموو گیان بەختكردوانی ریگای شۆڕشی كرێكاری، دەستی بەكار كرد پیش دەسپیكردنی دەستووری كۆبوونەوەكان، پلینوم یەكیك لە هاوری یانی جیگری كۆمیتەی ناوەندی بۆ ئەندامەتی قەتعی ئەو كۆمیتەیە هەلبژارد و ئایین نامەی كۆبوونەوەكانی پلینومی پەسەند كرد.

دەستووری كۆبوونەوەكانی پلینوم بریتی بوون لە:

1-گوزارشەكان

2- چند بریارنامەكە لە لایەن ستادی سیاسی یەوە پیشنیاردەكران

3- چەند خالیك لەسەتەدارەكی كۆنگرەی سیهەمی حیزب

4- هەلبژاردنی ئورگانەدایمی یەكانی كۆمیتەی ناوەندی لەماوەی نیوان دوو پلینوم دا

سەرجەمی گوزارشەكان كۆمیتەی ئیجرایی بریتی بوون لە گوزارشی ئورگانە دایمی یەكانی كۆمیتەی ناوەندی و سازمانە ئەسلی یەكانی حیزب كە بە نووسراوە لە پیشەوە لە ئیختیاری ئەندامانی پلینوم دادانرا بوو جگە لەوەش لە لایەن كۆمیتەی ئیجرایی و بەرپرسانی مەیدانە جۆراوجۆرەكانی حیزبی‌یەوە لەوەلامی پرسیاری حازرانداهیندیك قسەوباسی تەوزیحی كرا لە باسی گوزارشدا، هەروەها گوزارشی تەحلیلی ستادی سیاسی پیشكەش كرا و لەسەر خالە گشتی یەكانی گوزارشەكان چەند سوخەنرانی كرا بەدوای ئەوانە دا پلینوم بەوردی چووە ناو باسی هیندیك لە سەرفەسلەكانی گوزارشەكان و لەسەرچەند مەسەلەبریاری پیویستی دەركرد كۆمۆنیزمی كریكاری واولویتە كانمان، تیكۆشانی حیزب لە كوردستان، تەبلیغاتی حیزب و شیوە كاری ئورگانە مەركەزی یەكان لەو خالانە بوون كە بە شیوەیەكی وردتر لە لایەن پلینومەوەكەوتنە بەر باس و لیكولینەوە جگە لەوە، بریاریك پەسند كرا بۆ پیكهینانی كۆمیتەیەك بۆیەكجی كردن و هیدایەتی پەیوەندە جیهانی یەكانی حیزب.

بەشیكی گرنگ لە كۆبوونەوەكانی پلینوم بۆ باس و لیكولینەوە لە سەر بریارنامە پیشنیاركراوەكانی ستادی سیاسی تەرخان كرا ئەو بریارنامانە كە گەلالەگیرابوون و پیشكەش پلینوم كران بریتی بوون لە:

1- سیاسەتی حیزب سەبارەت بەریكخراوە جەماوەری یەكانی كریكاران، شوورا، سەندیكا و بزووتنەوەی كۆبوونەوەی گشتی.

2-سەبارەت بە حوزووری نیزامی ئەمریكا لە خەلیج.

3-سەبارەت بە لایەنی بنەرەتی یەكانی تیكۆشانی حیزب لە مەیدانی جیهان دا.

4- سەبارەت بە شیوەی هەلویست بەرانبەر بەشوورا ئیسلامی یەكان

5- قوناغەكانی دوایی لەشەری ئیران و عیراق دا.

بەهۆی كەم بوونی مەجالی كافی بولیكولینەوەی ورد لەبەش بەشی بریارنامەكان پلینوم سەبارەت بە خالەگشتی یەكانی هەركامیان نەزەری دەربری و پەسندكردنی دوایین دەقی بریارنامەكانی سپاردەبەكاركردنی ئاسایی ئورگانەدایمی یەكانی كومیتەی ناوەندی پلینوم بریاری دا كە بریارنامەكان هاوكات لگەڵ بڵاو بوونەوەی ئەم راگەیاندنە لەگۆڤاری "كمونیست"دا بڵاوبنەوە.

لەكوتایی كاردا، پلینومی كۆمیتەی ناوەندی بەپیی رەوالی هەمیشەیی خۆی، ئەندامانی ئورگانەدایمی یەكانی كۆمیتەی ناوەندی، یانی سكرتیری كۆمیتەی ناوەندی، كۆمیتەی ئیجرایی، ستادی سیاسی، شوورای مەركەزی و بەرپرسانی تەبلیغاتی مەركەزی حیزبی هەلبژارد.

كۆمیتەی ناوەندی حیزب كۆمۆنیستی ئێران

15ی سەرماوەزی 1366

پێشڕەو

دەورەی دووهەم | ژمارەی 25 | بەفرانباری _1366 | ژانوویەی _ 1988

# چەند هەوال لە خەباتی کریکارانی کوردستان

## ئیعترازی کریکارانی شاری سەردەشت پاش بۆمباران

پاش بۆمبارانی ئەوشارە، بەهۆیتەعتیل بوونی مەرکەزە کریکارییەکان و کەم بوونەوەی کاری ساختمانی، وەزعییەتی کریکارانی ئەو شارەزۆر لە جاران مەینەتبار ترەوژمارەی ئەو بیکارانە روویان کردوەتە دەسفرۆشی لە 2500کەس تیبەریوە کە دەرامەدیکی زۆرکەمیان هەیە.

کریکارانی شیرکەتەکان و ئیدارە دەولەتییەکانیش کەلەهەل و مەرجیکی دژواردادەژین، چەندین جار دەستیان داوەتە خەبات و ئیعتراز، بۆ نموونە کریکارانی شیرکەتی ساختمانی"خانەهای سازمانی" و شارەبانی ئەو شارە بۆ ئەستاندنی هەقدەستی وەدرەنگ کەوتوویان پەیمانکاری شیرکەتەکیان خستوەتە ژیر فشار و نوینەری خۆیانیان ناردوەتەورمی کە شوینی داخوازەکانیان بگری ئەگەرچی کریکاران توانیویانە بەشیك لە هەقدەستی خۆیان وەرگرن بەلام هیشتا نەیانتوانیوە هەموو داخوازەکانیان وەدی بینن.

کریکارانی ریگا و بانیش ماوەیەك لەوە پیش بوزیادکردنی هەقدەست و ئیعتراز بەرانبەربەگل دانەوەی مالیات لە هەقدەستیان، دەستیان لە کار هەلگرت . "ئیدارەی راە"ی سەردەشت بە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر کریکاری بیکارهەن دەیە ویست وەلامی ئەو کریکارانە نەداتەوە و کریکاری بیکار بینیتە جیگایان بەلام کریکاران بە دریژەدانی مانگرتن و ئیعترازی خۆیان کاربەدەستانی رژیمیان ناچار کرد هەقدەستەکەیان پی بدا.

## مانگرتنی کریکارانی شیرکەتی "اماکن الکتریك"

بەپیی هەوالیك لە کۆمیتەی ناوچەی سنەوە، ماوەیەك لەوەپیش یەکیك لە کریکارانی شیرکەتی "اماکن الکتریك" دەرکرا زۆربەی کریکارانی ئەو شیرەکەتە بۆ گەرانەوەی هاوکارە دەرکراوەکەیان مانیان گرت مانگرتنەکە4رۆژی خایاند لە رۆژانی مانگرتنەکە دا مودیری شرکەت و بەکریگیراوانی ژاندارمری هەول دەدەن لە نیو کریکاران دا تەفرەقە پیك بینن و بەوەعدە و بەلین و تەنانەت بە زۆر و هەرەشە کریکاران بە رنەوە سەرکار بەلام هیچیان لە دەست نایە سەرەنجام 25کەس لە کریکارەکان دەردەکرین کە دوای چەند رۆژ ژمارەیەکیان دەچنەوە سەرکار بەلام ئەوانی تردەست لە کار هەلدەگرن.

## خەبات و ئیعترازی کریکارانی شارەداری مەریوان لەدژی کاری قورس و ئیهانەی کاربەدەستانی رژیم

بەپیی هەوالیك لە کۆمیتەی ناوچەی مەریوانەوە رۆژی 1ی رەزبەر کریکارانی شارەداری مەریوان بۆ ئیعتراز بەرانبەر بەکاری قورس و رەفتاری غەیرە ئینسانی کاربەدەستانی رژیم دەستیان داوەتە خەبات ئەمسال کریکارانی شارەداری ناچار کراون کە جگە لەخاوین کردنەوەی خیابانەکان، کاری ساختمانی و ئاوداشتن و باغداریش بۆ شارەداری بکەن، لە حالیك دا شارەداری سالانی رابوردوو لەبەهار و هاوین دا نزیکەی 100کریکاری بۆئەم کارانەیتر دەگرت.

کریکارانی شارەداری مەریوان رایان گەیاندوە کە حازرنین کاری 100کریکاریتربکەن وشارەداری دەبی بۆ ئاوداشتن و کاری ساختمانی و باغداری، کریکاریتر بگری تاگەیشتنی ئەم هەوالە خەبات و ئیعترازی کریکاران دریژەی بووە.

## ئیعتراز کریکاران لە چەندین شیرکەتی ساختمانی لە شاری "دەماوەند"

بەپیی هەوالیك لە کۆمیتەی ناوچەی سنەوە، بەکریگیراوانی جمهووری ئیسلامی ماوەیەك لەوەپیش بەمەبەستی گرتنی کریکارانی مەشموول هیرش دەبەنە سەر چەند شیرکەتی ساختمانی لە شاری "دەماوەند"کریکارانی تیکۆشەری ئەو شیرکەتانە کە زۆربەیان خەلکی ژاوەروی سنەن، بودەربرینی ئیعترازی خۆیان دەست لە کارهەلدەگرن رۆژی دواتر، جاریکی تر هیزەکانی رژیم دەرژینە ئەو شیرکەتانە، بەلام کریکاران ئەمجاریش حازر نابن بچنە سەربازی و بەکۆمەل روودەکەنە دیهاتی دەوروبەر و بەهاوکاری ژمارەیەك لە خەلکی شارودیهاتی "دەماوەند" خۆیان لە چنگ بەکریگیراوان دەربازدەکەن.

## گیان بەخت کردنی کریکاریك بە هۆی نائەمنی شوینی کار

لە یەکیك لە شیرکەتە ساختمانییەکانی "زیباشهر"ی تاران، کریکاریك بەنیوی "محمدعزیز" خەلکی ئاوایی "ژان"ی ژاوەروی سنە، لەکاتی سیم کەشی دا، بە هۆی نەبوونی ئیمکاناتی ئەیمەنیکار، بەرق دەیگری و بەداخەوەگیانی خۆی لە دەست دەدا.

ئیمە ویرای سەرخۆشی لە خانەوادە و هاوکارانی ئەو هاوری کریکارەمان، جاریکی تر روولە کریکارانی کوردستان تەئکید لەسەر ئەوە دەکەین کەسەرمایەداران و دەولەت ئەرگی سەرشانیانە هەموو جۆرە ئیمکاناتیکی ئەیمەنی فەراهەم بکەن و کریکارانیش دەبی بۆ وەدەست هینانی ئەو ئیمکاناتە خەبات بکەن هەروەها کارفەرمایان و دەولەت ئەرکی سەرشانیانە هەر کات کریکاریك بەهەر دەلیلیك چ لە شوینی کارو چ لە دەرەوەی شوینی کار تووشی کارەساتیك بی، جگە لە دابین کردنی خەرجی دەرمان، غەرامەتی ئەندامی لە کار کەوتووی ئەو کریکارەش بدەن و هەروەها حقووق و مەزایانی کامل بدەن بەخانەوادەی ئەو کریکارە.

## تەقالای "جهادی سازندگی" مەریوان بۆ پیك هینانی تەفرەقە لە نیو کریکاراندا

بەپیی هەوالیك کە لە کۆمیتەی ناوچەی مەریوانەوە گەیشتوەتەدەستمان، "جهادی سازندگی" مەریوان هەولیداوە هەقدەست و ئیماکاناتیکی زیاتر بدا بەم ژمارەیەکی کەم لە کریکارەکان و بەم جۆرە تەفرەقەبخاتە نیو کریکاران و ژمارەیەکیان بکاتە جاسووس بەسەر کریکارانی ترەوە و هەروەها نیگابانی بەکریکاران بدا.

کۆمیتەی ناوچەی مەریوان کریکارانی "جهاد سازندگی" مەریوانی بانگەاز کردوە کە تەسلیمی ئەم سیاسەتەی بەکریگیراوانی رژیم نەبن، یەکگرتوویی خۆیان بپاریزن و بە خەباتی یەکگرتوانەیان داوای زیادبوونی هەقدەست، درانی هەقدەست لە کاتی خۆیدا، باش بوونی وەزعی کارو وەزعی خوراك وجیخەوی خۆیان بکەن.

## ئیعترازی کریکارانی شیرکەتی ساختمانی"بەردەرەشە"ی مەریوان بۆ زیاد کردن و ئەستاندنی هەقدەست

بەپیی هەوالیك لە کۆمیتەی ناوچەی مەریوانەوە، کریکارانی شیرکەتی ساختمانی "بەردەرەشە"ی مەریوان لە رۆژەکانی کۆتایی مانگی خەرمانان دا بۆئەستاندن و زیادکردنی هەقدەست، بەتایبەت بە هۆی کەم بوونی هەقدەستی ژمارەیەك لە کریکاران بەبیانووکی کەم تەمەن بوونیان، دەستیان داوەتە خەبات.

کریکارانی بلوك ساز هەموودەزگاکانی بلوك سازی یان موسادەرە کردوە و داواکاری ئەوە بوون کە هەقدەستیان پی بدری.

کریکارانی ئەو شیرکەتە پیشتریش جاریك بۆ زیادکردنی هەقدەستی خۆیان دەستیان داوتە ئیعتراز هەقدەستی کریکارانی ئەو شیرکەتە ئیستا 170تمەنە.

## خەباتی کریکارانی شارەداری سەقز بۆ ئەستاندنی بەشی زیادکراوی هەقدەستەکانیان

بەپیی هەوالیك لە کۆمیتەی ناوچەی سەقزەوە، کریکارانی شارەداری ئەوشارە کە توانیبوویان بەخەباتی خۆیان لە سالی 57بەم لاوە هەقدەستەکانیان زیاد بکەن، تائیستا ئەوبەشە زیادکراوەی هەقدەستەکانیان پی نەدراوە و هەرچەند گەلیك جار هەولیان داوە بۆئەستاندنی بەلام لەگەل وعدەو بەلینی بەکریگیراوان بەرەورووبوون ماوەیەك لەوەپیش کە کریکاران دەبینن وەعدەوبەلینی بەکریگیراوان هیچی تیدا بەستەنیە و هەر ئەمرۆ و سبەینی یان پی دەکری، هانە سەرئەوە کە لەبەر درگای "دادگوستەری" وشارەداری سەقز دەست بدەنە ئیعتراز تاگەیشتنی ئەم هەوالە خەباتی کریکارەکان بۆ گەیشتن بە داخوازەکانیان هەروا دریژەی بووە.

## ئیعترازی دەیان کریکاری مهاباد لەدژی بیکاری بوون

لە چەند مانگی رابوردوودا، بەکریگیراوانی رژیم گەلیك جاردەستیان داوتە پیلان گیران لەدژی کریکارانی سەدی مهاباد وسەرەنجام مانگ گەلاویژی ئەمسال نزیکەی 50کەس لە کریکارەکانیان دەرکرد کریکاران ئیعترازیان کرد بەلام بەکریگیراوانی رژیم لە مهاباد پییان راگەیاندن کەئەم بریارە لە مەرکەزەوە هاتوە کریکارەکان بەتیکرادەچنەورمی ولەدژی دەکرانیان ئیعترازدەکەن بەلام وەلامیان نادریتەوە رۆژی دواترچەند کەس وەك نوینەری خۆیان هەلدەبژیرن و دەیان نیرنە تاران، نوینەرانی کریکاران چەندین جاردەچنە"مەجلسی شوورای ئیسلامی" و وەزارەتی کار و هەروەها دەچنە لای "رئیس جمهووری"بەلام جگە لە وعدەوبەلین هیچیان دەست ناکەوی بەکریگیراوانی رژیم لە مهاباد بۆپیك هینانی تەفرەقە لە نیوان کریکارەکان دا ژمارەیەکیان دەبەنەوە سەرکارە، ژمارەیەکیان دەگرن و بەوانی تررادەگەیەنن کە پوولیکیان پی دەدری و لەسەرکاردەرەدەکرین، کریکاران ئیعترازدەکەن و تاکاتیگەیشتنی ئەم هەوالە خەباتیان بۆ گەرانەوە بۆ سەرکار دریژەی بووە.

## دنیا ئارەزوو

*شیعری: ف.پشکو*
*وەرگیرانی بۆکوردی: ن. ئەیار*

وەرە بروانە و بڕواکە
دنیای بەرینی ئارەزووم
–ئەودنیایەی
من لەسیلەی تفەنگەوە بۆی دەروانم–!
لەوی ئیتر
نەتفەنگەو
نەشەڕپکە
هەتابەشەر
تۆش کۆتایی پی بهینی،
نەکۆشکی هیچ زۆرداریکە
کەتۆش بەزۆر بیرووخینی.
لەوی ئتر
ئینسان بەندەی چاوچنۆکی و
سوودپەرستی و هەوەس نیە،
هیچ کەس کۆیلەی هیچ کەس نیە،
هیچ کەس لەبرسا نامری،
لەوی ئیتر
بیروپەنجەی داهینەرمان
بەرهەم دینی
خۆشی و شادی وبەختەوەری
بەشی هەموو ئینسانەکان!
بەلام ئتر
نەقفل و سندووقی پۆلا
نەکەلەپچە و کلاوی ئاسن
هیچ کارگایەك سازی ناکا.
لەوی زەنگی کلیساکان
هیچ کەس بۆ سوجدەبانگ ناکەن پاریزەرانی جەهل و خۆف
بەمنارەی مزگەوتەوە
هیچ کەس لەسیدارە نادەن
لەوی ئیتر
پولیس و ژاندارمەوئاخوند
لە هیچ لایەك ناویان نابری
تەنها مەگەر هەر بۆگالتەی منالەکان
لای مەیموون و
لای پشیلەو ورچ وریوی
لەقەفەسی باغی وەحشی شارەکاندا
داوەلیان لی دروست بکری!
وەرە بروانەو بڕواکە
دنیای بەرینی ئارەزووم
ئەو دنیایەی کە ناوەکەی
هەموو شەوی
لەسەر دیواری زۆرئاواوپولاشار و مەجبوورئاوا
دەنووسریت و
هەرئەوناوە
هەموو سەر لەبەیانی یەك
رووناکییە لەچاوماناو
تین و توانە لە لەشمانا،
هەرئەو ناوەی هەموو رۆژی
چەند دەعبایەك سەتل بەدەست
بەفلچەی رەشی وەك ریش و دلیانەوە
دەیانەوی بیسرنەوە،
بەلام دنیای ئارەزووی من
وشەی سەر دیواریك نیە،
پی کەنینە!
لەسەرلیوی ریبوارانی گشت شەقام و کۆلانەکان
دیتەسەما،
خۆشبەختی یە!
لەپەنجەرەی مالانەوە شەپۆل دەدا،
خۆش ویستنە!
بی هیچ دیوارولەمپەریك
کە پەرژینی بەگول تەنراوی نیو مالان
هەریمی بۆ نیشان دەکا،
بانگەوازە
بانگەوازیك پربەگەرووی بچکۆلانەی ئەو مندالەی
زەردەخەنە–نەك زەردوویی–ئاواتیەتی.
بانگەوازیك پر بەگەرووی
رەش و شیداری کانەبەرد
–کە فانووسی لی دەخنکی –
بۆ دینیایەك کە ئاسمانی چراخانی
شەپولی نوور بباریني.
وەرە بڕواکە
ئەودنیایە هەر ئیرەیە!
هەرئەم زەوی یەی ژیر پیمانەو
دەبی دەستی داهینەر و خولقینەرمان
وەك قوری کوورەخانەکان
هەلی شیلی و
خشتی جیهانیکی دیکە
بۆ کۆشکی بەرزی ژینی نۆی
لەسەر گوری چەوسینەران
بەریتە سەر.

گەلاویژی 66

دەورەی دووهەم ژمارەی 25 بەفرانباری _1366 ژانوویەی _ 1988

پێشڕەو

## سەبارەت بە:

# زەخت و زۆری ڕژیم بۆ سەر خانەوادەی پیشمەرگە وت وویژ لەگەل هاوری مجید حسینی مەسئوولی کۆمیتەی ناوچەی مەریوان

بەکریگیراوانی رژیم لە ناوچەی مەریوان بە مەبەستی دامرکاندنەوەی فەزای شورشگیرانەو خەباتی خەلکی ئەو ناوچەیە و بۆ پیش گرتن بە هاوکاری خەلك لەگەل پیشمەرگە، وەهەروەها بۆ پیش گرتن بە رووهینانی لاوان و زەحمەتکیشان بۆ پیشمەرگایەتی کۆمەڵە، دەستی داوەتە زەخت و زۆریکی توند بۆسەر خانەوادەی پیشمەرگە کە لە چەندین شوین لەگەل خەبات و موقاومەتی خەلکی تیکۆشەرو زەحمەتکیش بەرەروبووە.

لەم بابەتەوە لە تەماسیکی بی‌سیمی دا لەگەل ناوچەی مەریوان وت وویژیکمان لەگەل هاوری "مجیدحسینی "کردوە.

یەکەم پرسیارمان، سەبارەت بەم فشارەو چونیەتی موقاومەتی خەلك بوو کە هاوری مجیدبەم جۆرە وەلامی دایەوە:

–ئەم پیلانە بەشیکە لە سیاسەتی جمهووری ئیسلامی لە ناوچەی مەریوان بەکریگیراوان لەم دوایی یانەداو بە شیوەیەکی موشەخەستر لە رۆژی22ی خەرمانان بەلاوە هیرشیکی بەربلاویان بۆ سەر خانەوادەی پیشمەرگە دەس پی کردوە. ژمارەیەکیان لە خانەوادەکان لە بەشەکانی شامیان و دەوروبەری شار بە زۆر لە مالەکانیان دەرکردووەودەرگای خانوەکانیشیان لی داخستوون لەبەشی کۆماسی و بە شەسنووری‌یەکان کە خەبات و ئیعترازی خەلك یەکگرتووانەنەبووە بەکریگیراوان خانەوادەکانیان زیاتر خستوەتە ژیر فشار، بەلام تا ئیستانە یا نتوانیوە لە ناو شار و لە شاروچکەکانی "کانی دینار"و"جووجەسازی" ئەم کارانەبکەن هەر وەك چاوەروان دەکرا ئەم پیلانەی جمهووری ئیسلامی لە دژی خانەوادەی پیشمەرگە لە ناوچەی مەریوان، بووەهۆی پەرەگرتنی رق و بیزاری خەلك لە رژیم، وەلە هەموو شونیك لە شار و لەدی، خەلك بەشیوەی جۆراوجۆر ئیعتراز و موقاومەتیان کردوە و هاوپشتی خۆیان نیشان داوە.

لە هەرشوینیك خەباتی دەستەجەمعی یەکپارچەکرابی، بەکریگیراوان هیچیان پی نکراوە کاربەدەستانی رژیم بەترس و دلە خورپەوە ئەم پیلانەیان بەریوەبردوە و رادەی یەکیتی و هاوپشتی و موقاومەتی خەلکیان تاقی کردوەتەوە لە ئاوایی‌یەکانی بەشی "حومە" و بەشی"شامیان" ئیعتراز و موقاومەتیکی سەرکەوتووانە کراوە بۆ نموونە لە ئاوایی‌یەکانی "نژمار" و "سەرنژمار" خەلك لە بەرانبەر بەکریگیراوان دارایانگەیاند کە ئەگەر یەك خانەوادە کوچ بدری هەموومان بە تیکرا کوچ دەکەین! لە ئاوایی "ولەژیر" بەکریگیراوان لەبەرانبەر ئیعترازی دەستەجەمعی خەلك دا پاشەکشەیان کرد، بۆ دووهەمین جاربەکریگیراوان لە چواری رەزبەردا چوونەوە ئەو ئاوایی یەوە دیسانەوە خەلك ئیعترازیان کردو ئەمجارە نزیکەی 50کەس لە خەلکی ئاوایی بە مەبەستی ئیعتراز چوونە شاری مەریوان. لەئاوایی "گویزەکویرە" خەلك ئیعترازیان بەفەرماندەی پایگاکردو بریارنامەیەکیان ئیمزا کرد و بەهۆی ژمارەیەك لە خەلکی ئاوایی بۆشاریان نارد لە ئاوایی"رەشەدی" ئەو خانەوادانەی کە کوچیان پی کرابوودیسانەوە گەراونەتەوە بۆ مالەکانی خۆیان لە ئەنجامی خەباتی تا ئیستای خەلکی شارودی دارژیم نەیتوانیوە لە شارو ئاوایی‌یەکانی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەو ناوچەیە ئەم پیلانە وەك یەك بەریوە بەری، وەجاری ناچار بووە لە پیلانی کوچ پیکردنی خانەوادەکان گەراونەتەوە سەر مال و حالی خۆیان و لە نیو خەلکی ئەو ناوچەیەدا ئامادەیی یەکی زیاتر بۆ پووچەل کردنەوەی یەکجاری ئەم سیاسەتە کۆنەپەرستانەیەی رژیم پیك هاتوە.

پرسیار: بۆ باشتر بەریوەچوونی خەباتی خەلکی ناوچەکە بەرانبەر بەم دەست دریژی یەی رژیم پیشنیار و رینوینی خۆتان چیە؟

–داوالە خەلکی شارودیهاتی مەریوان دەکەین کە خەباتی خۆیان بۆ دیفاع لە خانەوادەی پیشمەرگە یەکگرتووتر دریژە پی بدەن ژن و پیاووگەورە و بچووك لە شارودی بەشیوەی دەستە جەمعی و لە شوینی خۆیان دا دەست بدەنە ئیعتراز و نەهیلن رژیم خانەوادەکان کوچ پی بکاوەیا فشاریان بۆ بینی و بودەربرینی نارەزایەتی خۆیان، لەبەردەم ئیدارات و مقەرەکانی بەکریگیراوان دا کۆببنەوە.

بەنوسینی بریارنامەوبەکۆبوونەوە لەبەردەم مقەروپایگاکانی بەکریگیراواند دیفاع لە خانەوادەی پیشمەرگە بکەن دەبی خەلکی هەر ئاوایی‌یەك کە خانەوادەی لی کوچ پی کرابی یەکچارچەی خۆیان ئەوخانەوادانە بگیرنەوە سەرمال و حالی خۆیان وبەم جۆرە ئەم پیلانەی رژیم پووچەلبکەنەوە، بەلام لیرەدادەبی ئەوەش بزانین کە پیلانی کوچ پی کردنی خانەوادەکان بەشیکە لە سیاسەتی سەرکوتگەرانەی رژیم لەمەریوان بە مەبەستی داشکاندنی ورەی خەباتگیرانەی کریکاران و زەحمەتکیشان و پیکهینانی فەزایەکی پر لە ترس و سام کار بەدەستانی رژیم دەیانەوی لەم ریگایەوە زەینی کریکاران و زەحمەتکیشان لیل بکەن، تا کریکاران و هەروەها ئاوارەکانی شەو و خەلکی شارودیهاتی مەریوان خەباتی خۆیان بوداخوازەکانیان لە بیربەرنەوە و دەست لە خەبات و موقاومەت هەلگرن پیلانی کۆچ پی کردنی خانەوادەکان بەشیکە لە سیاسەتی رژیم بۆ سەرکوتی خەباتی هەموو خەلکی ناوچەکە، کەوایە دیفاع لە خانەوادەی پیشمەرگە و خەبات لەبەرانبەر هەرپیلانیکی گەورەوبچووکی جمهووری ئیسلامی دا دیفاعە لە ماف هەموو کریکاران و زەحمەتکیشان هەر بۆیەنابی خەبات لە دژی کۆچ پی کردنی خانەوادەکان تایبەت بەو ئاوایی‌یانە بی کە خانەوادەی پیشمەرگە و بوهەر خەباتیکی دیکە دەست لە نیو دەستی یەکتر بنین و بەیارمەتی یەکترەوە بچن، سەرسەختانە لە بەرانبەر بەکریگیراوان داراوەستن تازە مینەیەکی لەبار بۆسەرکوتنی خەلکی تیکۆشەر لە سەراسەری ناوچەکە دا پیك دیفاع لە خانەوادەی پیشمەرگە لەرانبەر زەخت و زۆری رژیم دا دیفاعە لە بزووتنەوەی شورشگیرانەی کوردستان و دیفاعە لە ئازادی و دیموکراسی بەهیزی خەباتی یەکگرتووی خەلکی شارودی دەبی ئەم سیاسەتەی رژیم پووچەل بکەینەوەلێرەدا داوالە ژنان و پیاوان ولاوانی شورشگیر دەکەین کە پول پول بین بۆ پیشمەرگایەتی کۆمەڵە هاتنی پول پولی ئیوەبۆ پیشمەرگایەتی کۆمەڵەو هەلگرتنی چەکی دیفاغ لە ئازادی و بەرابەری – بەتایبەت لە هەل ومەرجەدا–بەشیکی بنەرەتی یە لە خەبات بۆ پووچەل کردنەوەی پیلانی کوچ پی کردنی خانەادەکان و دیفاعە لە خەباتی کریکاران و زەحمەتکیشان و ئاوارەکانی شاری مەریوان.

ورگیردراولە:گۆڤاری پیام ژمارە13

# (پاشماوەی) سەبارەت بە: کۆمیتەی مانگرتن

لیرەدایە ریکخراوی وەك کۆمیتەی مانگرتن کە بۆرابەری کردن و ریکخستنی خەباتی کریکاری پیك دین گرنگی‌یەکی تایبەتی پەیدا دەکەن بابزانین کۆمیتەی مانگرتن چون پیك دی و ئەرکەکانی چیە؟

"کۆمیتەی مانگرتن" لەیەکیتی کار و کردەوەی وشیارانەی کریکارانی پیشرەو بۆ رابەری کردن و ریکخستنی مانگرتنی کریکاری پیك دی وەشکلی کۆمیتەیەك یا قەوارەیەکی تەشکیلاتی دیاری کراو بەخۆیەوە دەگری پیش پیکهینانی کۆمیتەی مانگرتن دەبی پیویستی‌یەکانی فەراهەم بکری کەیەکیك لە گرنگترین پیویستی‌یەکانی بریتی‌یە لەتەنزیم کردنی داخوازوشیعارەکانی خەبات لە تەنزیم کردنی شیعارەکان وداخوازەکانی مانگرتن دا دەبی چەندشت لەبەرچاوبگیری:

یەکەم، دەبی داخوازە موشەخەسەکانی کریکاران و ئەندازەی توانایی‌یان بۆ دریژەپی دانی مانگرتنەکە بە باشی تەشخیس بدری شیعاروداخوازەکان دەبی بەجۆریك دیاری بکرین کە نیشاندەری خواست و ویستی زۆربەی کریکاران بن و بتوانن هەرچەندی ئیمکان هەیە زۆرترین ژمارەی کریکاران بۆخەبات لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە و نەهیلن کریکاران تووشی چەندبەرکی بن دووهەم، دەبی ئەوە لەبەرچاو بگیری کەجاری وا هەیە مانگرتن لەسەر مەسەلەیەك یان رووداویکی تایبەت دەست پی دەکا بۆ نموونە بەهۆی دەرکرانی کریکاریك وەیان سووکایەتی کردنی بەکریگیراوان و خاوەن کار بەکریکاران وەیان وەدرەنگ خستنی هەقدەست و شتی‌تر مانگرتن دەست پی دەکا. بەلام داخوازی کریکاران زۆرلەمانە واوەترکەوایە لەدیاری کردنی داخوازەکانی مانگرتن دا وەلە راگەیاندنیان دا، دەبی نەك هەر داخوازە سەرەتایی‌یەکان کریکاران بەلکوو داخوازەبنەرەتی‌یەکانیشیان وەك زیاد کردنی هەقدەست، 40سەعات کار، ئازادی مانگرتن، قەدەغەکردنی ئیخراج وشتی‌تر لە لیستی داخوازەکان دا بگونجیندری، خالی سێهەم ئەوەیە کە لەکاتی دیاری کردنی داخوازەکانی مانگرتنەکەدا– هۆی مانگرتنەکە هەرچی‌یەك بی–دەبی داخوازی"دانی هەقدەستی رۆژانی مانگرتنەکە"لەلیستی داخوازەکاندا بنووسری جگە لەمەش هەر کریکاریك لە کاتی مانگرتنەکەدا بگیری ویا ئیخراج بکری دەبی داخوازی ئازادبوون و گەرانەوەی بۆ سەرکار بەشیوەیەکی ئوتوماتیك یەکیك لە داخوازەکانی مانگرتنەکە بی، پاش ئەوەی کریکارانی کۆمۆنیست و پیشرەو لە قسەوباس وتەکبیرورا ویژەکانیان دا لەسەر داخواز و شیعارەکانی مانگرتنەکە پیك هاتن، دەبی لە نیوخۆیان دا چەند کەس لەبەتەجرەبەترین و تواناترین کریکاران بۆرابەری کردن و پیك هینانی کۆمیتەی مانگرتن، کۆمیتەیەکی نهینی‌یە وجگە لەژمارەیەکی کەم لەو کریکارانەی کەبەتەواوی باوەر پیکراون و بەهۆی ئەو دەورەی لە خەباتەکەدا هەیانە پیویستە ئەندامانی کۆمیتەی مانگرتنەکە بناسن، هیچ کەسیکی دیکە نابی بزانی کی ئەندامی کۆمیتەکەیە پەیوەندی کۆمیتەی مانگرتن لەگەل کریکاران ئەویش لە کاتیك دا کە خۆی نهینی‌یە، دەبی بەشیوەی موناسیب پیك بهینری. بۆ نموونە ئەندامانی کۆمیتەکە دەبی بەهۆی کەسانیك لە نیو خۆیاندا وەیا بەهۆی کریکارانی پیشرەوی دەوروبەری خۆیان کەوەك رابەریکی ئاشکرا کاردەکەن، پەیوەندیکی زیندوو و راستەوخۆیان لەگەل کریکاران هەبی کۆمیتەی مانگرتن کاتیك پیك هات بەلەبەرچاوگرتنی وەزعییەتی موشەخەسی ئەو شوینەی مانگرتنەکەی تیدا کراوە، دەتوانی بەراگەیاندن(نووسراوە) یان هەرو ازارەکی وجوودی خۆی راگەیەنی ئەگەر کۆمیتەی مانگرتن پیش ئەوەی مانگرتنەکە دەست پی بکا پیك هاتبی، دەبی کاتی مانگرتنەکەش دیاری بکا کۆمیتەی مانگرتن دەبی هەول بدا لە کۆبوونەوەی گشتی کریکاران داویست و دا خوازە دیاریکراوەکان بە تەئییدی کریکاران بگەیەنی بەلام ئەگەر کۆبوونەوەی گشتی بەهەر دەلیلیك پیك نەهات، کۆمیتەی مانگرتن دەبی بەپشتیوانی کریکارانی پیشرەووخاوەن نفووز شیعار و شیوەکانی خۆی لە نیو کریکاران داجی بخا.

بەلام بابزانین ئەرکەکانی کۆمیتەی مانگرتن چیە؟ پیش هەموو شتیك کۆمیتەی مانگرتن دەبی بەکریکاران نیشان بدا کە بوچی مانگرتن باشترین و گونجاوترین شیوەی خەباتە جاری وایە دەست و پیوەندەکانی رژیم و خاوەن کار بەبیانووی موافقەت لەگەل داخوازی کریکاران، لەگەل شکلی خەباتەکە موخالەفەت دەکەن و دەیانەوی لە نیو کریکاران دا دووبەرەکی پیك بهینن و نەهیلن مانگرتنە کە بتەنێتەوە کەوایە کاتیك کۆمیتەی مانگرتن لەسەر مانگرتن ساغ دەبیتەوە، دەبی کریکاران قانع بکا کە مانگرتن باشترین شیوەیە بۆ بەدەسهێنانی داخوازەکانیان کۆمیتەی مانگرتن دەبی چونیەتی پەیوەندی خۆی لەگەل جەماوەری کریکاران، دیاری بکاو ئەوە روون بکاتەوە کە رینوینی‌یەکانی خۆی لە چ ریگایەکەوە و بە چ شیوەیەك بە کریکاران رادەگەیەنی، بۆ ئەوەی کریکاران بتوانن بریارەکانی کۆمیتەی مانگرتن لەوپروپاگەندەیە جیا بکەنەوە کە دەست و پیوەندەکانی رژیم و خاوەن کار لەکاتی مانگرتن دا بلاوی دەکەنەوە لە رۆژەکانی مانگرتن دا زۆرجار کریکاران لە دەوری‌یەك کۆدەبنەوە و لە کۆروکۆمەڵی خۆیان دا سەبارەت بە مەسەلە جۆراوجۆرەکانیان قسە دەکەن کۆمیتەی مانگرتن دەبی بەکەلك وەرگرتن لەهەموو ئیمکاناتیك کۆبوونەوەو قسەوباس و سوخەنرانی پیك بهینی و قسەوباس وبیرورای کریکاران بەرەو مەسەلە سەرەکی‌یەکانی سەر بەو خەباتە موشەخەسە و بەگشتی خەباتی کریکاران رینوینی بکا یەکیك لە گرنگترین ئەرکەکانی کۆمتیەی مانگرتن ئەوەیە کە هەول بدا کریکارانی باقی شوینەکانی‌تر پشتیوانی لە کریکارانی مانگرتووبکەن کۆمیتەی مانگرتن دەبی بە کەلك وەرگرتن لە پەیوەندی ئاسایی کریکارانی شوینە جۆراوجۆرەکان لەگەل یەکتر، هەوالی مانگرتنەکەو داخوازەکانی بەکریکارانی باقی شوێنەکریکاری‌یەکان بگەیەنی بۆئەوەی پشتیوانی لەو خەباتەی کریکاران بکەن جگەلەمە، کۆمیتەی مانگرتن دەبی خانەوادەی کریکاران بۆ پشتیوانی لە خەباتی کریکاران هەلخرینی کۆمیتەی مانگرتن دەبی ئیمکانی وت وویژ لەگەل نوینەرانی رژیم و خاوەن کاری لە بەرچاو بی و لەوەپیشەوە چەند کریکاریك وەك نوینەر لەبەرچاوبگری باشترین شکلی هەلبژاردنی ئەو نوینەرانە ئەوەیە کە لە کۆبوونوەی گشتی کریکاران دا نوینەرەکان هەڵبژیردرین. مەسەلەیەك کە کۆمیتەی مانگرتن لەم بابەتەوە دەبی لەبەر چاوی بی ئەوەیە کەوت وویژەکە بەئاشکراو عەلەنی بی وئەنجامەکەشی جار لەگەل جار لە کۆبوونەوەی گشتی دا بەکریکاران راگەیەندری. جگە لەهەموو ئەمانە کۆمیتەی مانگرتن دەبی بۆ بەرەوپیش بردنی سەرکەوتووانەی مانگرتنەکە شەبەکەی کۆکردنەوەو بلاوکردنەوەی هەوال و باس و سندووقی مانگرتن بۆیارمەتی‌دان بە گیروگرفتە ماددی‌یەکانی کریکاران لە کاتی مانگرتن دا، لە نیو کریکاران دا و بە هیزی خودی کریکارەکان پیك بهینی.

ئەمانە سەرخەتی ئەرکەکان و چونیەتی پیك هاتنی کۆمیتەی مانگرتن بوون لە هەموو کریکارانی پیشرەو و کۆمۆنیست داوا دەکەین کە لە جەرەیانی خەباتی کریکاری دا وپیش ئەوەی مانگرتن دەست پی بکا، کۆمیتەی مانگرتن بەوشیوەیەی کەباسمان کرد بۆ رابەری کردن وریکخستنی خەباتی کریکاری پیك بهینن.

وەرگیردراولە:
گۆڤاری پیام ژمارە10

# خەباتی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە

### سەرنجیك لە :

## چالاکی‌یەکانی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە لە مانگی رەزبەردا

پایگایەکی هیزەکانی رژی م لە 15کیلومیتری شاری سنە بەتەواوی گیرا

ئیوارەی رۆژی 12ی رەزبەرپیشمەرگەکانی کۆمەڵە لە تیپی 11ی سنە و گوردانی شاهو پایگای "کەرەسی" لە 15کیلومیتری شاری سنەیان لە ماوەی چەند دەقیقەدا بە تەواوی گرت.

هاوری یانی پیشمەرگەمان سەرەرای ئەوەی هیزەکانی رژیم لە حالی ئامادە باشی تەواودابوون و دەوروبەری پایگاکەش بەمین و تەلبەند تەنرا بوو توانیان لە درگای پایگاکەوە بچنەناوەوە و لە هەوەلین پەلامار دا سەنگەری تیرباری پایگا کە بگرن و باقی سەنگەرەکانی دیکە ش یەك بەدوای یەکدا بگرن و بەم جۆرە پایگا کە دوای چەند دەقیقە بەتەواوی گیرا و 11کەس لەبەکریگیراوانی رژیم بەدیل گیران .

دەسکەوتەکان: تیرباری ژ3 یەك قەبزە بەلوولەیەکی زیادی‌یەوە، تیرباری ام 19 یەك قەبزە، خومپارەهاویژی 60ملم یەك قەبزە، "ژ3 11 قەبزە، کلاشینکوف یەك قەبزە، فیشەك 15000دانە، نارنجوکی دەستی 50دانە، گوللەی خۆمپارە 26دانە، نارنجوکی سەری نفەنگ 20دانە، بی سیمی پی. ئار.سی 77یەك دەزگا، دەراغ 50دانە و کۆمەڵیك کەل و پەلی تەدارکاتی.

پیشمەرگەکان لەم عەمەلیاتەدا هیچ زەرەرو زیانیکیان پی نەگەیشت.

## هەموو ئەفرادی"گورووهی جەولەی بدر" بەدیل گیران

شەوی 13ی رەزبەر هەوال بە پیشمەگەکانی تیپی 11ی سنە گەیشت کە واحیدیکی 11کەسی لە لە بەکریگیراوانی رژیم ناسراوبە"گورووهی جەولەی بدر" لە 50میتری پایگای رژیم لە ئاوایی "باینچو" لە 5کیلومیتری جادەی سنە –دیواندەرە کەمینیان بۆ داناون هاوری یان دەسبەجی ئەم گورووهەیان ئابلووقەدا و بی ئەوەی مەجالی هیچ دەسکردنەوەیەکیان پی بدەن هەموو یانیان بەدیل گرت کە 11کەس بوون ئەم دەسکەوتانەش کەوتەدەستی پیشمەرگەکان: نارنجوك هاویژیەك قەبزە، کلاشینکۆف5 قەبزە، "ژ–3"5قەبزە، بی‌سیمی پی. ئار. سی 77یەك دەزگا، دەراغ 61دانە، فیشەك 1800دانە، نارنجوکی دەستی 14دانە.

## گورووهانی "امام حسن" سەربە گوردانی جنداللەی مەریوان تەفروتووناکرا

رۆژی 20ی رەزبەر رژیم چەندین گورووهی زەربەتی کۆکردەوە و بەشیکی پان و بەرین لە بەرزایی‌یەکان و ریگاکانی بەشی ژاوەروو کە لاتەرزانی گرت هاوری‌یانی تیپی 11ی سنە کە لەو ناوە بوون و لە لایەن زەحمەتکیشانی ئەو ناوچەیەوە لە هیرشی دوژمن ئاگادار کرابوون لە بەرزایی‌یەکانی ئاوایی "لەنگەریز"کەمینیان بۆ دوژمن دانا و سەعات7ی ئیوارە لە قەراخ ئاوایی شەردەستی پی کردودوای زنجیرە پەلاماریکی پیشمەرگەکان، هیزەکانی دوژمن بە تەواوی تووشی سەر لی شیواوی بوون و پول پول لیك دابران شەرەکە تا سەعات 10ی شەو دریژەی کیشا و لە ئەنجام دا گورووهانی "امام حسن" سەربەگوردانی جنداللەی مەریوان تەفروتووناکرا سەرەرای ئەوەی ئەم شەرە 3سەعاتەیە لە ناوچەیەکی میلیتاریزەودا گیراکراو دا رووی دا بەلام باقی قیزەکانی رژیم کە لەو نزیکانە لە پایگاو مقەرەکاندا بوون نەیان ویرا خۆ لەشەرەکە بگەیەنن، لەم شەرە سەرکەوتووانەیەدا ژمارەیەك لە ئەفرادی دوژمن کوژران کە تەنیا جەنازەی یەکیکیان بەناوی حسین ناسرایەوە هەروەها 12کەسیان لی بە دیل گیرا کە دوو کەسیان لە بەر ئەوەی بریندار بوون دوای پیچانی بیرینەکان هەرلەوی ئازادکران.

دەسکەوتەکان: ئار.پی.چی7یەك قەبزە، کلاشینکوف11قەبزە، ژ–3دوو فەلزەئ، بی‌سیمی پی.ئار.سی 77یەك دەزگا فیشەك 2000دانە، دەراغ63دانە، گوللەی ئار.پی.جی 8دانە، نارنجوکی دەستی 15دانە، کیسەخەو 12دانە، کۆمەڵیك کەل و پەلی تەدارکاتی و نیزامی هاوری یانمان هەموو سلامەت بوون.

چەند واحید لە هیزەکانی رژیم تەفرو توونا‌کران.

*ژمارەیەك لە بەکریگیراوان کوژران و 23کەسیشیان لی بەدیل گیرا.

*5ماشین و دەیان قەبزە چەك وکۆمەلیك تەقەمەنی کەوتنەدەستی پیشمەرگەکان.

*چەند کەس لە فەرماندەکانی دوژمن کوژران.

* رۆژی4ی رەزبەر پیشمەرگەکانی کۆمەڵە لە تیپی 11ی سنە و گوردانی شاهو5کیلومتر لە جادەی گرنگ و ئیستراتیژیکی سنە– تەوریوەر لە 15کیلومتری جنووبی رۆژئاوای شاری سنەیان خستە ژیر چاوەدیری خۆیان و چەندین کەمینی بەر بالویان بودژمن دانا سەرتا ژمارەیەك لە هاوری یانمان پەلاماریان بردەسەر تەئیمنەکانی جادە و بەدیلیان گرتن، هەروەها 2ماشین هەلگری بەکریگیروانی دوژمن لە هەمان شوین لە لایەن هاوری‌یانەوە راگیراو هەرچی تییدا بوو بە دیل گیرا هاوکات لەگەل ئەمە چەندین واحیدی دیکە پیشمەرگەکان لە ناو ئەو ماشینانەدا کەهات و چویان دەکرد چەند کەسیان لە ئەفرادی دوژمن ناسی یەوە و بە دیلیان گرتن، ژمارەیەك زۆر لە موسافیرەکان لە کۆبوونەوەیەکی گەورەدا ولەدەرەوەی کەمینەکان بەشداری‌یان کرد و یەکیك لە هاوری یانمان قسەوباسی بۆ کردن بەدوای ئەوەدا 3ماشینی تری رژیم لە 3جیگا کەوتنەکەمینی پیشمەرگەکانەوە ودەسبەجی تەقەیان لی کرا و هەرچی تییاندابوو یان کوژران وەیان بەدیل گیران لە جەرەیانی ئەم عەمەلیاتە بەرین و سەرکەوتووانەیەدا 11بەکریگیراو کوژران و 23کەسی دیکەش بە دیل گیران لەنیو بەدیل گیراوەکان دا9کەسیان بەهۆی بریندار بوونیانەوە هەر لەوەی ئازادکران.

دەسکەوتەکان: دوشکای کالیبر68یەك قەبزە، کلاشینکوف11قەبزە، ژ–3 16قەبزە، رەشاش کلاشینکوف یەك قەبزە، بی‌سیمی پی.ئار.سی 77دوودەزگا، بی‌سیمی گورهی3دەزگا، فیشەکی دوشکا 6سندووق، فیشەکی دیکە 5000دانە، گوللەی خۆمپارە هاویژ16دانە، نارنجوکی دەستی 50دانە، دەراغ100دانە، ماشین 5دەزگا کە ئاگریان تی بەردرا لەم عەمەلیاتەدا هیچ زەرۆزیانیك بە پیشمەرگەکان نەگەیشت.

## زنجیرە عەمەلیاتی پیشمەرگەکان لەناو شاری دیواندەرە ودەورۆبەری شار

لە رۆژەکانی 9،10،12ی رەزبەردا پیشمەرگەکانی کۆمەڵە لەگوردانی کاوە زنجیرەیەك عەمەلیاتیان لە ناوی شاری دیواندەرە و سەر جادەی دیواندەرە–سنە بەریوەبرد و زەرەو زیانیان لە دوژمن دا.

عەمەلیاتی یەکەم: شەری 9ی رەزبەر چەند واحید لە پیشمەرگەکان چوونە ناو شاری دیواندەرە و چەند گەرەکیان خستە ژیر چاوەدیری خۆیان، هاوری یانمان لە نیو خەلکی زەحمەتکیشی شاردا دەستیان دایە تەبلیغی هەلویست و سیاسەتەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران هاوری یان چەند سەهات لە ناوشاردا مانەوە و کەمینیان بۆ دوژمن دانا بەلام هیزەکانی رژیم نەیانویرا هیچ جم و جوولیك لە خۆ نیشان بدەن.

عەمەلیاتی دووهەم: شەوی دواتر دیشانەوە چەند واحید لە پیشمەرگەکانی گوردانی کاوە چوونە ناوشاری دیواندەرە و گەرەکاکانی"فەزای سەوز" ودەوروبەری مزگەوتی جامع یان خستەژیر چاوەدیری خۆیان وەلە چەندین شوین کەمین یان بۆ دوژمن دانا، لە سەعات 11/5دا ماشینی "گەشتی ئاراللە" کەوتە کەمینەکەوە ولە پەلاماریکی خیراو دەسبەجی ی هاوریان دا هەموو سەرنشینەکانی کوژران و ماشینەکەش تیك شکیندرا 2کەس لە کوژراوەکان بە ناوی"عبداللەرحیمی" و "جمیل" بۆ پیشمەرگەکان ناسرانەوە عبدالله رحیمی لە 8سال لەوە پیشەوە چەکی رژیمی هەلگرتبوو و فەرماندەیی گوردانی محمدرسوول اللە و چەند گورووهی زەربەتی بە ئەستووە بوو، ئاخرین مەسئوولیەتی بریتی بوو لە فەرماندەیی "گەشتی ئارللە"ی رژیم لە شاری دیواندەرە رژیم بوروژی دوایی عەزای عموومی بۆ راگەیاند.

عەمەلیاتی سیهەم: هەر شەوی 10ی رەزبەر هاوکات لەگەل عەمەلیاتی دووهەم چەند واحیدی دیکە لە پیشمەرگەکان سیهەمین هەمەلیاتی خۆیان بەپەلاماریکی توند و بۆسەر پایگا"باخی باوەحاجی" لە نزیك شاری دیواندەرە دەست پی کرد و بۆ ماوەی نیو سەعات هەموو سەنگەرو ئیستحکاماتی دوژمنیان وەبەرئاگری توند دا و زەرەرو زیانیان بە داگیرکەران گەیاند کە هەوالی 2کوژراو وچەند بریندار یان بەدەستمان گەیشتوە.

عەمەلیاتی چوارەم: رۆژی 12ی رەزبەر چەند واحید لە پیشمەرگەکانی گوردانی کاوە لە سەعات7ی پاش نیوەرۆووە کونترولی جادەی دیواندەرە–سنەیان لە 15کیلومیتری شاری دیواندرە و لەنیوان دەیان قەرارگا و پایگای دوژمن دا بە دەستەوە گرت لە ماوەی یەك سەعات دا زیاتر لە 70ماشین لەو شوینەراگیران و هەموو موسافیرەکانیان کە سەدان کەس دەبوون لە کۆبوونەوەیەکی بەرین دا گوی یان بۆقسەوباسی یەکیك لە هاوری یانمان راگرت.

هەرلە وکاتەدا ماشینیکی سپای پاسداران کەوتە کەمینی پیشمەرگەکانەوەو وەبەر دەسریژدرا لە ئاکام دا رانندەکەی کە پاسداریك بوو بەناوی"محمد هنرمند" خەلکی کرماشان کوژرا و ماشینەکەش لە کار کەوت.

لە دریژەی ئەم عەمەلیاتەدا ماشینیکی‌تر کە 10بەکریگیراوی گوردانی محمدرسول اللەی تیدا بووکەوتەکەمینەکەوە و هاوری یانمان دەس بەجی دایانە بەر پەلامار کە لەماوەی 10دەقیقەدا 6کەس لە بەکریگیراوان کوژران، 2کەسیان بەدیل گیران و 2کەسی‌تریان هەلاتن، بەدیل گیراوەکان بەهۆی بریندار بوونیانوە هەر لەوی ئازادکران.

دەسکەوتەکان: تیرباری بی.کەی.سی دووربین دار یەك قەبزە، کلاشینکوف2قەبزە، رەشاش کلاشینکوف1قەبزە، ژ–3 4قەبزە، فیشەك1000دانە، دەراغ50دانە، بی‌سیم1 دەزگا، کۆمەڵیك نارنجوك و هەندی ئەسنادی مەحرەمانە هەروەها 1تانکەری نەوت و 1دەزگا تویوتای دوژمن ئاگری تی بەردرا.

لەم زەنجیرە عەمەلیاتەدا هیچ زەرەر و زیانیك بە پیشمەرگەکان نەگەیشت.

## لە عەمەلیاتیکی گەورە و بەرینی پیشمەرگەکان دا لە ناو شاری بۆکان :

*واحیدەکانی دوژمن لە هەموو دەروازەکانی شاردا کەوتنەبەر پەلامار

*زەرەرو زیانیکی بەرچاو لە هیزەکانی رژیم کەوت.

رۆژی 3ی رەزبەرچەند واحید لە پیشمەرگەکانی گوردانی 31ی بۆکان بە مەبەستی بەریوەبردنی عەمەلیاتیکی گەورە و بەرین بە یادی چەند هاوریی گیانبەخت کردوو، لە سەعات 9ی شەوەوە چوونەناو شار و لە هەموو دەروازە و شوینە گرنگەکان جیگیربوون و دوای نیو سەعات عەمەلیاتەکە لە چوارقوناغ دا دەستی پی کرد 5مەرکەزی نیزامی رژیم کە بریتی بوون لە مقەری پوستی بازرەسی نیوان شارو گەرەکی میراوا، پوستی بازرەسی دەروازەی بۆکان–سەقز، مەقەری علی ئاوا لە دەروازەی بۆکان–میاندواو و مقەری پوستی بازرەسی لەدەوروبەری سیلوی شاری کەوتنە بەر پەلاماری پیشمەرگەکان بەکریگیراوان کە لە دەست و پی کەوتبوون هەموو پوستەکانی بازرەسی‌یان چول کرد لەم زنجیرە عەمەلیاتەدا لانی کەم 12بەکریگیراو کوژران و بریندار‌بوون و زەرەوزیان لە مەرکەزە و نیزامی‌یەکانی رژیم کەوت ئەم عەمەلیاتە هاوکات بوو لەگەل حەوتووی جەنگی جمهووری ئیسلامی و هیزەکانی رژیم لە حالی ئامادەباشی تەواودا بوون هاوری یانی پیشمەرگە هەموو سلامەت بوون.

## کەمینی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە : نیگەرانی هەمیشەیی هیزەکانی رژیم

### سنە :

رۆژی 13ی رەزبەر چەند واحید لە پیشمەرگەکانی تیپی 11ی سنە کونترولی جادەی نیوان ئاوایی‌یەکانی بیساران بۆریەر لەبەشی ژاوەرویان گرتەدەست و لەسەر ئەو جادەیە مانەوە و جگە لە قسەوباس کردن لە کۆبوونەوەی موسافیرەکان دا، 5بەکریگیراوی رژیمیان ناسی‌یەوەو بەدیلیان گرتن هەروەها 2کەس بەناوەکانی "ستارصلواتی" خەلکی ئاوایی" صلوات ئاوا"ی سنەو"سعید مقدم" خەلکی تەوریز کە لە ماشینی جیهادی سازندگی دا بوون دوای قسەوباس بۆ کردنیان ئازاد کران، یەك قەبزە ژ–3بە تەقەمەنی‌یەوە و هەندیك وەسایلی تەدارەکاتیش کەوتە دەستی پیشمەرگەکان و یەك ماشینی جیهادی سازندگی تیك شکیندرا.

### سەقز:

شەوی 1ی رەزبەر واحیدیك لە پیشمەرگەکانی گوردانی 26ی سەقز لە ئاوایی "کانی نیاز" لە 4کیلومیتری شاری سەقز و لەسەر ریگای هات و چوی هیزەکانی دوژمن کەمینیان دانا ژمارەیەك لە هیزەکانی دوژمن کەوتنە کەمینەکەوە کە بەهوی پەلاماری هاوری یانەوە زەرەر و زیانیان لی کەوت و لەوشوینە هەلاتن لەم تەقەو لیکدانەدا هیچ زەرەروزیانیك بە پیشمەرگەکان نەگەیشت.

### بانە :

دوانیوەروی 21ی رەزبەر واحیدیك لە پیشمەرگەکانی گوردانی بانە چوونە نیوئاوایی"چەمپاراو" و لەسەر ریگای نیوان پایگای دوژمن و ئاوایی‌یەکە کەمینیان بۆ هیزەکانی رژیم دانا دوای ماوەیەکی کورت تراکتوریکی پایگاکە بە ژمارەیەك سەرنشینەوە کەوتە کەمینەکەوە و وەبەر پەلاماردرا لە ئاکام دا تراکتورەکە تیك شکاو سەرنشینەکانیشی هەموو کوژران هیچ زەرەرو زیانیك بە هاوری‌یانمان نەگەیشت.

## پەلامار بۆسەر هیزە سەرکوتگەرەکان لەدووشاروچکەی ئاوارە مەریوانی‌یەکان

رۆژی 17ی رەزبەر لە کاتیك دا کە رژیم سەربازگیری فشاریکی زۆری خستبووە سەر ئاوارەکانی جیگیر لە دوو شاروچکەی "کانی دینار" و "جووجەسازی" لە 5 کیلومتیری و 7کیلومیتری شاری مەریوان هاوری‌یانی گوردانی کاك فوئاد چوونە ئەو شاروچکانە وەلە نیو شەوق و شادمانی زەحمەتکیشان دا پەلاماریان بردەسەر هیزەکانی رژیم سەرەتا سەعات9ی شەو مقەری سەرکوتگەران لە شاروچکەی کانی دیناریان بەئاگری چەکی نیوە قورس و سووك بۆ ماوەی سەعاتیك ئاگرباران کرد هاوکات لەگەڵ ئەمە چەند واحیدی تری پیشمەرگەکان کە لە شاروچکە جووجەسازی جیگیرببوون پەلاماریان بردەسەرچەند واحید لە هیزەکانی رژیم کە دەیانەویست بۆ یارمەتی دانی باقی هیزەکانی رژیم بچنەکانی دینار لەم پەلامارەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەفرادی دوژمن کوژران و ماشینیکیان لە کارکەوت. پیشمەرگەکان هیچ زەروزیانیکیان پی نەگەیشت و دوای تەواوکردنی عەمەلیاتەکە و قسەوباس کردن بۆ خەلك بەرەوشوینە دیاری کراوەکانیان گەرانەوە.

## پایگای"هوویە"کەوتەبەرپەلاماری پیشمەرگەکانی کۆمەڵە

⇦

شەوی 10ی رەزبەر چەندواحید لە پیشمەرگەکانی کۆمەڵە لە تیپی 11ی سنە چوونە نیو ئاوایی"هوویە" لەبەشی ژاوەروی سنە و هیزەکانی رژیمیان وبەر پەلاماری خۆیان دا سەرەتاهیزەکانی گەشتی دوژمن لە نیو ئاوایی کەوتنە سەر دەسریژی هاوریان و ژمارەیەکیان لی کوژراو باقی یەکەیان هەلاتی، دوای ئەوە پایگای سەرکوتگەران بۆ ماوەی 45دقیقە بەچەکی نیوەقورس و سووك وەبەر پەلامار دراو زەرەر وزیان بەدوژمن گەیشت هاوریانمان هەموو سلامەت بوون.

## مقەری هیزەکانی رژیم لە دەوروبەری شاری سنە لە ژیر زەبری پیشمەرگەکانی کۆمەڵەدا

ئیوارەی رۆژی 23ی رەزبەر چەند واحید لە هاوریانی تیپی 11ی سنەو گوردانی شاهو لە نیو ئاوایی "دادانە لەبەشی جنووبی رۆژئاوای شاری سنە بە چەکی سووك و نیوەقورس مقەری بەکریگیراوانیان وەبەر دەسریژدا کە زەرەروزیان لە ساختمانی مقەرەکە کەوت و ژمارەیەکیش لە بەکریگیراوان کوژران.

هاوکات لەگەل ئەم پەلامارەدا واحیدیکی‌دیکە لە پیشمەرگەکان 2کەس لە هاوکارانی رژیم یان بەناوەکانی "سیدتەئەلقەلەگوی" و"سید جبار زمانی دادانە" گرت هەروەها یەکیك لە هاوریانمان لە بلندگوی مزگەوتەوە قسەوباسی بۆ خەلکی ئاوایی کرد لەم عەمەلیاتە دا هاوری یانمان هەموو سلامەت بوون.

یەکیك لە هاوکارەگیراوەکانی رژیم بەناوی"سیدتەئەلقەلەگۆی" لەدەستی پیشمەرگەکان هەلات کە کەوتەبەر دەسریژی چەکی پیشمەرگەکان و کوژرا ناوبراو هاوکاریك هەلسووراوی رژیم بوو لە بەشی جەم شاری سنە کە جاریکی دیکەش لە سالی 60دا لە لایەن پیشمەرگەکانەوە گیرابوو وە دوای بەلین دان بەدەست هەلگرتن لە هاوکاری رژیم ئازادکرا بەلام دوای ماوەیەك دیسانەوە دەستی دایەوە هاوکاری رژیم و جاسووسی کردن لە دژی خەلك و پیشمەرگە و یارمەتی دان بە هیزەکانی رژیم بۆ بەرەوپیش بردنی سیاسەتەکانی رژیم.

## پومپی بەنزینی سپای پاسداران ئاگری تی بەردرا

رۆژی 8ی رەزبەر چەندین واحید لە پیشمەرگەکانی گوردانی بانە چوونە سەر پومپی بەنزینی تایبەتی سپای پاسداران لە 5کیلومیتری شاری بانە ولە سەر جادەی بانە–سقز وەبە چەکی نیوەقورس ئەنباری سووتەمەنی و شوینی پومپی بەنزینەکەیان ئاگرباران کرد کە پومپی بەنزینەکە ئاگری تی‌بەربوو هیزەکانی رژیم کەبۆ پاریزگاری لە وشوینە دانرابوون نەیانویرا دەس بکەنەوە دوای ماوەیەك ستوونیك لە هیزەکانی رژیم کە لە 15ماشین پیکهاتبوو رەوانەی ئەو شوینەکرا بەلام کەوتەنیو کەمینی هاوریانەوە و لە جوولە کەوت لەم پەلامارەدا ماشینیك بەتەواوی تیك شکا و هەموو سەرنشینەکانی کوژران، چەند ماشینی دیکەش زیانیان پی گەیشت.

پیشمەرگەکان دوای بەریوەبردنی ئەم عەمەلیاتە هەموو بەسلامەتی ئەم شوینەیان بەجی هیشت.

## ئیدارەی"راەقدس" بەدەستی پیشمەرگەکانی کۆمەڵە

رۆژی 8ی رەزبەر هاوکات لەگەل ئاگرتی‌بەردانی پومپی بەنزینی سپای پاسدارانی بانە چەند واحیدی دیە پیشمەرگەکانی گوردانی بانە چوونە سەر یەکیك لە مەرکەزە ئیدارییەکانی"راە قدس" ی رژیم لە 10کیلومیتری شار و لە سەرجادەی بانە–سەقزو ئەم مەرکەزەیان بە هەموو ماشین ئالات و دارایی یەکانیەوە ئاگرتی بەرداوبەتەواوی تیکیان دا.

ئەم مەرکەزە بەهەموودام و دەزگاکانی‌یەوە بەتەوای لە خزمەت ئامانجی سەرکوتگەرانەی رژیم دا بوو وە بۆ دروست کردنی پایگاو جادەکیشان کەلکی لی وەردەگیرا وەلە لایەن چەندین پایگای نیزامی یەوە دەوری گیرابوو ودەپاریزرا .

هاوری یانمان هیچ زەرەرۆزیانیکیان پی نەگیشت.

## پەلاماربۆسەر هیزەگەورکەکانی دوژمن

### بانە :

رۆژی 5ی رەزبەر هاوری یانی گوردانی بانە لە نیوان پایگاکانی سوورین و قەرەچ دا بان دا پەلامار دەبەنە سەر بەکریگیراوانی تەئمینی جادە لە ئاکام دا دووکەسیان لی دەکوژری و باقی‌یەکەیان بەرەو پایگای قەرەج دابان هەلدین کەسەر لە نوی هاوری یانمان دەسریژیان لی دەکەنەوە.

لەم عەمەلیاتەدا 2قەبزە ژ–3 و 10دەراغ کەوتەدەستی پیشمەرگەکان و جەنازەی 2کەس لە ئەفرادی رژیم ناسرانەوە پیشمەرگەکان هەموو سلامەت بوون.

### سنە :

رۆژی 6ی رەزبەر هاوری‌یانی دەستە ریکخستنی سارال لە ئاویی "کەپك" لەگەل بەکریگیراوانی گورووهی زەربەتی دیواندەرەدەرگیربوون دوای شەریکی توند و سەنگەر بە سەنگەر لانی کەم 4بەکریگیراو کوژران و ژمارەیەکی دیکەیان لی بریندابوو و باقی یەکەشیان مەیدانی شەریان بەجی هیشت یەك قەبزە ژ–3کەوتە دەستی هاوری یان.

لەم تیك هەلچوونەدا هاوریی جەنگاوەر و کۆمۆنیست "نجم الدین اللەوردی" ناسراو بە جمال ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران وەدەستیاری دەستە ریکخستن گیانی خۆی بەخت کرد.

*رۆژی 27ی رەزبەر چەند واحید لە پیشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ئاوایی "قەلاتەرەشکە" لەبەشی سارالی سنە لەسەرریگایی دوژمن کەمینیان نایەوە ژمارەیەك لە ئەفرادی دوژمن کەوتنە ناو کەمینەکەوە و بەبی ئەوەی بتوانن دەس بکەنەوە هەلاتن کە پیشمەرگەکان کەوتنە شوینیان و تاچەند کیلومیتر ئەولاتر راویان نان.

لەم تیك هەلچوونەدا هیزەکانی دوژمن زەرەوزیانیان لی کەوت و یەکیکیان لی بەدیل گیرا هەروەها3قەبزە کلاشینکوف بەتەقەمەنی‌یەوە و یەك دەزگا بی‌سیمی پی.ئار.سی 77بەدەسکەوت گیران هاوری‌یان هەموو سلامەت بوون.

*ئەوی 23ی رەزبەر واحیدیك لە پیشمەرگەکانی کۆمەڵە لە نیوان ئاوایی‌یەکانی کۆمەڵە لە نیوان ئاوایی‌یەکانی"زنان" و"مەلەکشان" لەبەشی چەم شاری سنە لەگەل چەند گورووهی زەربەتی رژیم بەرەورووبوون پیشمەرگەکان دوای شەریکی کورت ماوە دوژمنیان راونا.

لەم تیك هەلچوونەدا یەکیك لە هاوری‌یانی پیشمەرگەمان بە ناوی محمدصادقی"ناسراوبە"محمدباوەریز" وەبەر گوولە دوژمن کەوت و گیانی بەخت کرد. بانە:

شەوی 11ی رەزبەر واحیدیك لە هاوری یانی گوردانی بانە کە لە ئاوایی "سپی‌کەمەرە" ی بەشی بۆیەن بوون، لەگەل بەکریگیراوانی گورووهی زەربەتی "هەوارەخول" بەرەوروو بوون دوای شەریکی توند و سەنگەر بەسنگەر هیزەکانی رژیمیان بەتەواوی راونا لەم شەرەدا ژمارەیەك لە هیزکانی رژیم کوژران و یەك قەبزە کلاشینکوف بە تەقەمەنی یەوە کەوتە دەستی پیشمەرگەکان هیچ زەرەروزیانیك بە هاوری‌یانمان نەگەیشت.

### مەریوان :

رۆژی 21ی رەزبەرواحیدیك لە پیشمەرگەکانی گوردانی کاك فوئاد لە کاتیك دا کە لە جادەی مەریوان–هەنجیران دەپەرینەوە لەگەل ماشینیکی دوژمن کە هەلگری ژمارەیەك لە بەکریگیراوان و یەك قەبزە دوشکای 68ملم بووبەرەورووبوون هاوری یانی پیشمەرگە دەسبەجی لییان وەدەس هاتن و وەبەر دەسریژیان دان لەو تەقەو لیك دانەدا 2بەکریگیراو کوژران هیچ زەرەرو زیانیك بەپیشمەرگەکان نەگەیشت.

*رۆژی 20ی رەزبەر واحیدیك لە پیشمەرگەکانی گوردانی کاك فوئاد لە 2کیلومیتری شاری مەریوان بەکریگیراویکی محەللی رژیم یان بەناوی"محمد رزاگزرە" بەدیل گرت ناوبراو سەربەتیپی بیت المقدسی گوردانی"انصاررسول" بوو .

### دیواندەرە :

ئیوارەی رۆژی 21ی رەزبەر ژمارەیەك لە پیشمەرگەکانی کۆمەڵە کەبۆ مەئیمووریيەتیك بەرەوئاویی "بس" لە بەشی خورخورە دەچوون لە نزیك ئاوایی لەگەل کەمینی هیزەکانی رژیم بەرەورووبوون و تەقە و لیك دان لە نیوانیان دا رووی دا کەماوەیەکی کورتی خایاند.

بەداخەوە لەسەرتای شەرەکەوە هاوری "فایق حیدری" ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران و مەسئوولی دەستەی ریکخستن کەوتەبەر گوللەی بەکریگیراوان و گیانی بەخت کرد.

### بەشی ژاوەروی سنە :

## تیك شکانی هیرشی بەرینی هیزەکانی رژیم

دوای چەندین پەلاماری هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە بۆ سەر هیزەکانی رژیم لە بەشە داگیراکراوەکانی دەورۆبەری شاری سنە رژیم بۆ قەرەبوو کردنەوەی شکستەکانی هیزیکی زۆری کۆکردەوە وەلە ژیر پشتیوانی ئاگری قورسی توپخانەدا ژیر پشتیوانی ئاگری قورسی توپخانەدا لە رۆژەکانی 8و9ی رەزبەر داهیرشیکی دوورۆژەی بەربلاوی کردەسەر ئاوایی یەکانی"قەسریان"و "چناران"وتەجەرە" کە لەگەل ئامادەیی کاملی پیشمەرگەکانی تیپی 11ی سنە و گوردانی شاهو بەرەوروو بوو هاوری یانمان هیرشی دوژمنیان بەو پەری تواناوە تیك شکاند لەوشەورانەدا لانی کەم 15بەکریگیراوی دوژمن کوژران و بریندار بوون هەروەها پاسداریك بە ناوی "رحمت اللەتاهری" مەسئوولی یەکیك لە گورووهە جەولەکانی رژیم بەدیل گیرا و 3قەبزە کسلاشینکوف بە تەقەمەنی‌یەوە دەسکەوتی هاوری‌یان بوو.

لەوشەرەدا هیچ زەرەروزیانیك بە هاوری یان نەگەیشت.

* ئیوارەی رۆژی 13ی رەزبەر دوژمن بەمەبەستی زەربەدان لە پیشمەرگەکانی کۆمەڵە هیرشی کردەسەر ئاوایی "ویسەر" لە بەشی ژاوەرو پیشمەرگەکانی کۆمەڵە بەرەنگاری هیرشی دوژمن بوون و هەموو بەرزایی‌یەکانیان لەدەست بەکریگیراوان دەرهیناوراویان نان هەروەها پیشمەرگەکان لە دولیکی پشتی ئاوایی، گورووهانی دووهەمی گوردانی زەربەتی محمدرسول اللەیان ئابلووقەدا و دوای شەریکی سەرکەوتووانە تەفروتونایان کردن بەکریگیروان ژمارەیەکیان لی کوژراو 4کەسیان لی بەدیل گیراو باقی یەکەیان هەریەکە بەلایەك دا هەلاتن، بەم جۆرە ئەم هیرشەی رژیم بەتەواوی تیك شکا.

دەسکەوتەکان: تیربارى بی.کەی.سی. 1قەبزە، رەشاش کلاشینکوف 1قەبزە، ژ–3 و کسلاشینکوف 2قەبزە، دەراغ 15دانە، فیشك400دانە، بی‌سیمی پی.ئار.سی77 یەك دەزگا.

*رۆژی 8ی رەزبەر چەندین واحید لە گورووهە زەربەتەکانی رژیم بەمەبەستی زەربەدان لە هاوری‌یانمان هیرشیان کردەسەر بەرزایی‌یەکانی"کوچکەسوور" لە بەشی ژاوەروی سنە کە لەگەل بەرەنگاری پیشمەرگەکانی تیپی 11ی سنە بەرەورووبوون و دوای 4سەعات شەر دوژمن تیك شکا و پاش ئەوەی زیانی پی گەیشت پاشەکشەی کرد. هاوری‌یانمان هەموو سلامەت بوون.

## تیك هەلچوون لەگەل چەکدارەکانی حیزبی دیموکرات

رۆژی 5ی رەزبەر واحیدیك لە پیشمەرگەکانی گوردانی کاوە کە بۆ بەریوەبردنی مەئمووریيەتیك بەرەو ئاوایی "قاراوا"ی بەشی خۆرخورەی دیواندەرەدەچوون سەعات 5/5ی بەیانی لەپشتی ئاوایی لە لایەن ئەفرادەی حیزبی دیموکراتەوە تەقەیان لی دەکری هاوری‌یان دەسبەجی سەنگەردەگرن و تەقەیان لی دەکەنەوە دوورە تەقە تا ئیوارە دریژە دەکیشی و دوای ئەفرادی حیزبی دیموکرات ئەو شوینە بەجی دیلن لە میزانی زەرەرۆزیانی ئەفرادی حیزبی دیموکرات هەوالیکی دەقیقمان بەدەست نەگەیشتوە.

هاوری یانمان هەموو سلامەت بوون.

## ئیعدامی 3هاوکاروجاسووسی جمهووری ئیسلامی

بەپیی سیاسەتی کۆمەڵە سەبارەت بەو کەسانەکە دوژمنایەتی لەگەل بزووتنەوەی شورشگیرانەی کوردستان و خزمەت بە رژیمی جمهووری ئیسلامی دەکەن 3کەسی‌تر لە بەکریگیراوانی رژیم لە دادەگای ناوچەیی کۆمەڵەدا محاکەمە کران و دوای ئەوەی تاوانەکانیان لەسەر ئیسبات بوو بە ئیعدام مەحکووم بوون و رۆژەکانی 13و16ی رەزبەر ئیعدام کران.

ئیعدام کراوەکان بریتین لە:

1– "خالدمدرسی " کوری" نجم الدین" خەلکی ئاوایی "قەرەول" ی دیوادەرە ناوبراو ئەندامی شوورای ئیسلامی ئەو ئاوایی‌یە بوو وەیەکیك لە جاسووسانی رژیم بوو بەهۆی هاوکاری زۆری لەگەل رژیم وەك شوورای نموونەهەلیان بژاردبوو وەلەلایەن"مجلس شوورای ئیسلامی"یەوە دەسخوشانەی پی درابوو ناوبراو هەروەها چەکدرای رژیم بوو، راستەوخۆ لەگەل کاربەدەستانی اتلاعاتی سپای پاسدارانی دیواندەرە پەیوەندی هەبوو وەلەسەر خەلك و پیشمەرگەجاسووسی بۆ دەکردن لە بەرەوپیش بردنی سیاسەتی سەربازگیری، بەسیج گیری و نیگابانی زۆرەملی و باج سەندن دا دەوری تایبەتی هەبوو تەنیا لە بەهارو هاوینی سالی 64داناوی 30کەس لە مەشموولەکانی بە رژیم دابوو پیشتر 2جار لەلایەن کۆمیتەی ناوچەی دیواندەرەوە ئاگادار کرابوو بەلام ئەوهەر دریژەی بەنوکەری رژیم دا تا لە رۆژی 13ی رەزبەردا بەپیی حوکمی دادگای شورشگیرانەی کۆمەڵە ئیعدام کرا.

2–" فرهاد فرجی" خەلکی ئاوایی "کەرگینە"ی بەشی کەلاتەرزان ناوبراو رۆژی 6ی رەزبەر لە جەریانی عەمەلیاتی گەورە و بەرینی هاوری‌یانی پیشمەرگە دا لە سەر جادەی سنە–تەوریوەر بە دیل گیرا یەکیك لە هاوکاران و جاسووسانی هەلسووراوی رژیم بوو لەشاری سنە لە ناساندن و گرتنی تیکۆشەرانی دادەستی بووە، چەکداری رژیم بووە ولاوانی تەعقیب کردوە، جاریك تەقەی لە لاویك کردوە و برینداری کردوە لە ئاوایی‌یەکانی میحوەری حسن ئاوادا یەکیکی لە شەروورترین بەکریگیراوانی رژیم بوو کە لە ئازاردان و فشار هینان بۆ زەحمەتکیشان دا دەوری بەرچاوی بووە.

3– "علی رزاجباریان"خلکی کاشان جیگری دووهەمی فەرماندەی میحوەری حسن ئاوا ماوەی 3سال لەو میحوەرە بووە و لە هیچ جینایەتیك دەستی نەپاراستوە، لەسەربازگیری، باجسەندن و بەسیج گیری دا دەوری تایبەتی بووە و چەند جار بە نارنجوکی دەستی یەوە هیرشی کردوەتە سەر مالی خەلك، لەزۆربەی شەرەکانی دوژمن دا لە دژی پیشمەرگەکان بەشداری بووە و ئاخرین جار لەشەهید کردنی هاوری‌یان "عسمان احمدی" و "ارسلام کاویانی"دا لە ئوایی دادانەی بەشی چەم شار دەوری سەرەکی بووە.

ئەم دووبەکریگیراوەی دوایی رۆژی 16ی رەزبەر ئیعدام کران.

رۆژی 10ی رەزبەر یەکیك لە هاوریانی گوردانی کاك فوئاد کە چووبووە شاروچکەی کانی دیناری مەریوان لە لایەن رژیمەوە شناسایی دەکری هیزەکانی رژیم هیرش دەبەنەسەر ئەو مالەی کە ئەم هاری‌یەمانی تیدادەبی بەلام پیشمەگەکە بەتەنیا لەگەلیان بەشەردی و بە هاوکاری خەلك گەماروی دوژمن تیك دەشکینی و خۆی دەگەیەنیتەوە بە هاوری‌یانی گوردانی کاك فوئاد.

شەوی 6ی خەزەلور چەند واحید لە پیشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ئاوایی "چور" لە ناوچەی مەریوان لەگەل هیزەکانی رژیم دەرگیربوون ئەفرادی دوژمن کە لەوەپیشەوە لە بەرزایی یەکانی دەوروبەری دی دامەزرابوون تەقەیان لە پیشمەرگەکان کرد لە سەرەتای شەرەکەوە هاوری "حبیب اللە مرادخانی" ناسراو بە "حبیب اللەکەپك" پیشمەرگەی فیداکاری کۆمەڵە گیانی بەخت کرد.

هاوری‌یانی پیشمەرگە لەگەل دەسپیکردنی تەقەکە بەرەوشوینی دامەزرانی دوژمن پیشرەوی‌یان کرد و لە ماوەیەکی کورت دا دوژمنیان راونا.

# سەبارەت بە خەباتی ئەمسالی کریکارانی کوورەخانەکانی...

## وت وویژ لەگەل هاوری حسن رحمان پناه ئەندامی کۆمیتەی ناوچەی بۆکان

**پرسیار: هاوری حسن! ماوەیەك لەمەوبەر بەدوای مانگرتنی کریکارانی کوورەخانەکانی بۆکان داهەوالمان پی گەیشت کە دەستەی ریکخستنی "چومی مجیدخان و تەرەغە"سەریان لەم کوورەخانانە داوە. تو کەمەسئوولی ئەم دەستەی ریکخستنە بووی تکایەبۆمان باس کە کەمەبەستتان لە سەردانی کوورەخانەکان چ بوو؟**

وەلام: لەبەشی "چومی مجیدخان"ی ناوچەی بۆکان نزیکەی 50 کوورەخانە هەن کوورخەنەکانی ئەم بەشە هەمووساليك شوینی هەلسوورانی هاوری یانی دەستە ریکخستنی ئەم بەشەو ئەندامانی کۆمەڵەبوون. ئیمە ئەمسال، چەند رۆژ دوای مانگرتنی کریکارەکان چووین بۆ ئەو کوورەخانە پیشووتروبەتایبەت لە کاتی مانگرتن دا، کریکارەکان چاوەروانی ئەوەبوون کەپیشمەرگەکانی کۆمەڵە بچن بۆ ئەم کوورەخانانە ئیمەلەم کوورەخانانە توانیمان ژمارەیەکی زۆر لە کریکاران ببینین و قسەوباس و گفت و گۆیان لەگەل بکەین هەر کەچووینە ئەو کوورانە کریکاران بەپیرمانەوە هاتن، لەجەورمان کۆبوونەوە سەبارەت بە کاری تاقەت پرووکینی کوورەوگرانی پیویستی‌یەکانی ژیانیان و هەژاری خۆیان خەبات و مانگرتنی چەند رۆژ لەوەپیشیان و پیلانی خاوەن کوورەکان و دەولەت و ئیدارەی کارو ئەوجۆرە شتانە قسەیان بۆ کردین ئیمە سەبارەت بە هەموو ئەوشتانە و بەتایبەت سەبارەت بە پیویستی پاراستنی یەکیەتی وریزی‌یەك پارچەی خۆیان لە خەبات دژی دوژمنانیان دا، قسەوباسمان بۆکردن و جگە لەمە بۆ چەندکەس لە خاوەن کوورەکان کە لە کاتی مانگرتنەکەدا ژمارەیەك لە کریکارەکانیان بەگرت دا بوو، نامەمان نووسی و هەرەشەمان لی کردن هەروەها تراکت و نەشرییە حیزبی یەکانمان لە نیو کریکارانی ئەم کوورەخانانەدا بلاو کردەوە یەکیکی تر لە ئەرکەکانمان لەم جەولەیەدا ناردنی گوزارشی مانگرتنی کریکارانی ئەم کوورەخانانە بورادیو دەنگی شورشی ئیران بووکە لەکاتی خۆی دا لە رادیووە بلاوکرایەوەو تەئسیریکی باشی کردە سەر پەرەسەندنی مانگرتنی کریکارانی کوورەخانەکان لە باقی شوینەکان هەروەها لەم جەولەیەدا توانیمان بەوردی ئاگاداری مانگرتنی کریکارانی کوورەخانەکانی تەوریز ببین کە هاوکات لەگەل مانگرتنی کریکارانی کوورەخانەکانی بوکان بەریوە چوو.

**پرسیار: هاوری حسن! مانگرتنی کریکارانی کوورەکانی بۆکان چون رووی دا و نوقتە قووەت و کەم و کووری‌یە کانی ئەم مانگرتنە چی بوو؟**

وەلام: دەولەت و خاوەن کوورەکان لە سەرەتای بەهار ئەمسالەوە خۆیان بۆ بەرەورووبوونەوە لەگەل مانگرتنی کریکارانی ئەم کوورەخانانە ئامادە کردبوو هەربەوەدلیلە مانگرتنی ئەمسال لەهەل و مەرجیکی جیاوازو تایبەتی‌داروویی دا پیش دەسپیکردنی کاری کوورەکان"ئیدارەی کار"ی جمهووری ئیسلامی لە "میاندواو" و خاوەن کوورەکانی نرخی دەولەتی یان لە قەراری 142/5 تمەن بۆ هەرهەزار خشت بریبووەوەو (چەرخ کیشەکان، کوورەسووزەکان و...) یان دیاری کردبوو، بەلام لەترسی ئیعترازی کریکارەکان، تائەوکاتە کە کریکارەکان داوای دیاری کردنی هەقدەستەکانیان نەکردبوو نەیانویرارای بگەیەنن لەلایەکی دیکەوە "کوروهە زەربەتەکان" رژیم و ئەفرادی اتلاعاتی و جاسووس هەر لەسەرەتای فەسلی کارەوە هات و چوی ئەم کورەخانانەیان دەکردودەستیان دابووە سەربازگیری و فشاریکی زۆریان بۆ کریکارەکان هینابوو لەهەمان حال دابەهۆی حوزوور و نفووزی کۆمەڵە لە نیو کریکارانی کوردستان داوئەو تەئسیرەی کەمانگرتن ی کریکاران لە بردنەسەری روحییەی نارەزایەتی و خەباتگیرانەی خەلك دا هەیەتی، سەرمایەدارەکان و دەولەت بۆ بەرەورووبوونەوە لەگەل کریکارەکان زیاتر خۆیان ئامادە کردبوو بەلام سەرەرای هەموو ئەم فشارانەو ئامادەیی کاملی رژیم و کارفەرماکان، لە ئاخرین رۆژەکانی بەهاری ئەمسال دا مانگرتنی کریکارانی ئەم کوورانە دەستی پی کردوحەوتوویەك دریژەی کیشا لە ئاکامی ئەم مانگرتنەدا کریکاران توانی یان هەقدەستەکانیان لە 142/5 تمەنەوە کە نرخی دەولەتی بوو تا 150و155تمەن بەرنە سەری و لەراستی دا ئەم ئەندازەیە لە هەقدەستیان بەهیزی یەکیەتی و خەباتیان بەسەردەولەت و خاوەن کارەکان داسەپاند خەباتی ئەمسالی کریکارانی کوورەخانەکان خۆی چەندین لایەنی بەهیزی بوو لەهەمان کات دا کەم و کۆری تایبەتیشی هەبوو کەلیرەدا بە کورتی باسیان دەکەم یەکیك لە لایەنە بەهیزەکانی ئەو خەباتە ئەوە بوو کە کریکارەکان بودەربرینی ئیعترازی خۆیان بەرانبەر بەو هەقدەستە کەلە لایەن دەولەت و خاوەن کارەکانەوە دیاری کرابوو، وەبۆ زیاد کردنی هەقدەستەکانیان، پشتیان بەهیزی یەکگرتووی خۆیان بەست و دەستیان دایە مانگرتن و توانیان بەخەباتی خۆیان میزانی هەقدەستەکان بەرنەسەری مانگرتن وەك شیوەیەك لە خەباتی یەکگرتووانە و کاریگەر لە نیو کریکارانی کوورەداجی کەوتوەوئەم سالیش کریکاران هەر وەك جاران لەبەرانبەر دوژمنەکانیان دا ئەم سوننەتە کریکاری یەیان بەدەستەوەگرت، رژیم بۆترساندنی کریکارەکان ژمارەیەکیان لی گرتن، بەلام کریکاران لە داخوازەکانیان باشەکشەیان نەکردوتا بە دەست هینانیان دریژەیان بەخەباتەکەیان دا- لایەنیکی‌تری مانگرتنی ئەمسال ئەوەبوو و کەمتر چاوەروانی دەخالەتی پیشمەرگەکانی کۆمەڵە بوون، لەهەمان حال دا لەهەندی لە کوورەکان کریکاران لە جەرەیانی خەباتەکەیان دا کۆبوونەوەی گشتی خۆیان پیك هیناو وەك چوارچیوەیەك بۆ خەبات و یەکگرتن کەلکیان لی وەرگرت.

خەباتی ئەمسال کەم و کووریشی بوو کە دەبی هەموو کریکاران و بەتایبەت پیشرەوان و رابەرانی کریکاری بیناسن و لە خەباتی دا هاتوویاندا لە نیوی بەرن، یەکیك لە کەم و کووری یەکان ئەوە بوو کە کریکاران هەر لەسەرەتاوە بیش ئەوەی لەلایەن خاوەن کارەکان و دەولەتەوە هەقدەستی رەسمی راگەیەندری داوای زیادبوونی هەقدەستی خۆیانیان نەهینابووەگوری و زیاتر چاوەروانی رژیم و خاوەن کارەکان بوون تاهەقدەستەکانی ئەمسال راگەیەنن، هەربەوەدلیلە رابەران و پیشرەوانی کریکاران بەشیوەی پیویستی زەینی کریکارانیان لەم بابەتەوە روون نەکردبووەوە و پیشتر خۆیان ئامادە نەکربوو لە نیو کریکارانی کوورە جۆراوجۆرەکان دا هاوئاهەنگی کاف بۆ مانگرتنەکە نەبوو و داخوازەکانیان نەکرد بەبریارنامەیەکی هاوبەشی هەموو کوورەکان. بۆ هینانەمەیدانی هیزی خۆیان بە باشی کەلکیان لە کوبوونەوەی گشتی وەرنەگرت دا خواز و قسەکانیان جاری وابوو تەنیا لە چوارچیوەی یەك با چەند کوورەدا دەمایەوە و کاتیکیش کە لە جەرەیانی مانگرتنەکەدا ژمارەیەك لە کریکارەکان گیران داخوازی ئازادکرانی ئەوانەیان بەداخوازەکانی دیکەیان زیادنەکرد.

کریکارەمانگرتووەکان کەزۆربەیان قالب داربوون، کریکاران بەشەکانی دیکەی کوورە (وەك چەرخ کیشەکان و کوورەسووزەکان و قرمزدارەکان) یان بۆ بەشداری کردن لەومانگرتنەدا هان نەدا و داخوازەکانی ئەوانیان وەك بەشیك لە داخوازەکانی خۆیان نەگۆنجاندوبەم جۆرەبەشیکی بەرچاو لە کریکارانی کوورەکان بەشداری مانگرتنەکەیان نەکرد.

یەکیکی‌تر لە کەم وکووری یەکانی مانگرتنەکە ئەوە بوو کەکریکاران بە کۆمەڵ قەراردادی بردنەسەری هەقدەستەکانیان لەگەل خاوەن کارەکان نەبەست رژیم رایکەیاند کە کریکارانی هەر کوورەیەك دەبی سەربەخۆ لەگەل خاوەنی ئەو کوورەیە قەراردادببەستن کە ئەمە بەئاشکرا بەزەرەری کریکارەکان بوو، وە یەکگرتوویی کریکارەکانی شیواند بیگۆمان ئەگەر کریکارانی کوورەکانی بۆکان یش وەك کریکارانی کوورەخانەکانی تەوریز و هەمەدان ووایگان لە کۆبوونەوەی گشتی خۆیان دا قسەوداخوازەکانیان بکردایە بەیەك، دەیانتوانی بەشیکی زۆر لەم کەم و کووری یانە لەبەین بەرن و سەرکەوتنی زیاتر بەدەست بهینن بەلام سەرەرای هەموو ئەم کەم و کووری یانەی کەباسمان کردن کریکارەکان لە مانگرتنی ئەمسال یان دا توانی یان سەرکەوتن بەدەست بینن و هەقدەستەکانیان 142/5 تمەنەوە کەدەولەت کارەکان دیاری یان کردبوو تا 150 تمەن و لەهەندی کوورەی دیکە تا 155تمەن زیادبکەن.

**پرسیار: هاوری حسن ئیستا کریکارانی کوورەخانەکان بە تایبەت لە کوتایی فەسلی کاردا لەگەل چ مەسەلەوگیر و گرفتیك بەرەوروون؟**

وەلام: دوای 6–5 مانگ کاری سەخت و تاقەت پرووکین لە کوورەخانەکان، ئیستا کریکاران و ردەوردەبەرەوشارو ئاوایی‌یەکانی خۆیان دەگەرینەوە زۆر جار لە کۆتایی فەسلی داخاوەن کارەکان و دەولەت لە فیکری ئەوەدان بەهەزار فیل و تەلەکە بەشیك لە هەقدەستی کریکارەکان گل بدەنەوە بۆ نموونەبە بیانووی نەفروشرانی خشت، بی پوولی و زەرەر و زیانی خاوەن کوورەوهەقدەستی سەر کریکار ودەفتەردار و هەقی بیمەو بەیانووی دیکە هەولی ئەوەیانە بەشیکی دیکە لە دەسرەنجی کریکاران گل بدەنەوە.

هەروەها بە بیانووی سەربازگیری و چی‌وچی هەول دەدەن تاکریکاران پیشرەو و تیکۆشەر کە لە خەباتی ئەمسال دا دەوری بەرچاویان بووە بگرن. دیارە خاوەن کارەکان و دەولەتەکەیان بەم کارەیان دەیانەوەی بەشیکی هەرچی زۆرتر لە دەسرەنجی کریکاران لە گیرفانی خۆیان بکەن و هەروەها دەسکەوتەکانی مانگرتنی ئەمسالی کریکاران یش وەرگرنەوە. بەلام ئەوەش بۆ کریکاران روونە کە هیرش کردنە سەرماف کریکاران پیشەی هەمیشەیی دەولەت و خاوەن کارەکانە و کریکاران تەنیا بەوشیاری و یەکیەتی خەباتگیرانە دەتوانن لەبەرانبەر ئەم سیاسەتەی سەرمایەدران و دەولەتەکەیاندا راوەستن کەوایە ئەرکی کریکاران ئەوەیە کە لە کوتایی فەسلی کاردا تا ئەو جیگایەی بۆیان دەکری بەشیوەی فەردی و جیاجیادەست لەکارهەلنەگرن، بەلکوو کریکارانی کوورەیەك وەیاچەند کوورە و تەنانەت هی ناوچەیەکیش یەکگرتووانە بەپیکهینانی کوبوونەوەی گشتی خۆیان بریاربدەن کە بەشیوەی دەستەجەمعی کۆتایی بەکار بهینن وکوورەکان بەجی بهیلن بەم جۆرە کریکاران دەتوانن ریگا نەدەن تەنانەت یەك تمەن لە دەسرەنجەکەیان، بەهیچ بیانوویەکەوەکەم بکریتەوە و دا شکیندری و هەموو هەقدەستی وەدرەنگ کەوتوویان بەسەر یەکەوەوەر بگرن دووهەمین ئەرکی کریکاران ئەوەیە کە بە هەموو تواناتیانەوە دیفاع لە کریکارانی پیشرەو و رابەرانی مانگرتن و خەباتیان بکەن وە ریگانەدەن رژیم بە هیچ بیانوویەك بیانگری هەروەها کریکارانی پیشرەویش ئەرکیانە کە باقی کریکاران بۆ باشتر ئەنجام دانی ئەم ئەرکانە وشیار بکەنەوە و یەکگرتوویان بکەن کریکارانی باقی بەشەکانی دیکەی کوورەش کە دوای قالب دارەکان دەست لە کار هەلدەگرن ئەرکیانە کە لە خەباتی کریکارانی قالب دار لەکاتی تەعتیل بوونی کوورەکان دا پشتیوانی بکەن.

هەروەها دەبی هەموو هاوری یانی کریکاری کوورەخانەکان لە کاتی گەرانەوەیان دا بۆ شوینی ژیانیان لە شارو دیهاتەکانی کوردستان هەول بدەن تا نە تەنیا پەیوەندیان لەگەل یەکترو باقی کریکارانی شوینی ژیانیان رابگرن، بەلکوو دەبی ئەم پەیوەندی یانە هەرچی توند و قایم تر بکەن و بیکەن بەپەیوەندیەکی سیاسی و خەباتگیرانە کریکاران دەبی هەول بدەن کوروکۆمەڵ و کۆبوونەوە ئاسایی یەکانیان هەروەك جاران رابگرن و هەروەها لە نیو کریکارانی شوینی ژیانیان دا ئەم جۆرە کۆرو کۆمەڵە کریکارای یانە پیك بهینن تەجرەبەکانی خەبات و مانگرتنی ئەمسالی خۆیان بۆ باقی کریکاران لە شارودیهاتەکانی کوردستان بگیرنەوە و هانیان بدەن بۆ خەبات لە دژی سەرمایەداران و دەولەتە ئیسلامی‌یەکەیان و بۆ بەدەستهینانی ماف و داخوازەکانی خۆیان و بە تایبەت بۆ خەبات لە دژی گرانی، کەلك وەرگرتن لە پەیوەندی ئاسایی کریکارانی شوینە جۆراوجۆرەکان لەگەل یەکتر، هەوالی مانگرتنەکە و داخوازەکانی بەکریکارانی باقی شوینە کریکاری یەکان بگەیەنی بۆ ئەوەی پشتیوانی لەو خەباتەی کریکاران بکەن جگە لەمە، کۆمیتەی مانگرتن دەبی خانووادەی کریکاران بۆ پشتیوانی لە خەباتی کریکاران هەلخرینی کۆمیتەی مانگرتن دەبی ئیمکانی وت وویژ لەگەل نوینەرانی رژیم و خاوەن کاری لە بەرچاوبی و لەوە پیشەوە چەند کریکاریك وەك نوینەر لەبەرچاو بگری باشترین شکلی هەلبژاردنی ئەو نوینەرانە ئەوەیە کە لە کۆبوونەوەی گشتی کریکاران دا نوینەرەکان هەلبژیردرین مەسەلەیەك کە کۆمیتەی مانگرتن لەم بابەتەوە دەبی لەبەر چاوی بی ئەوەیە کەوت وویژەکە بەئاشکراو عەلەنی بی و ئەنجامەکەشی جار لەگەل جار لە کۆبوونەوەی گشتی دا بە کریکاران راگەیەندری جگە لە هەموو ئەمانە کۆمیتەی مانگرتن دەبی بۆ بەرەوپیش بردنی سەرکەوتووانەی مانگرتنەکە شەبەکەی کۆکردنەوەو بلاو کردنەوەی هەوال و باس و سندووقی مانگرتن بۆیارمەتی دان بە گیروگفتە ماددی‌یەکانی کریکاران لە کاتی مانگرتن دا، لەنیو کریکاران داو بە هیزی خودی کریکارەکان پیك بهینی.

ئەمانەسەرخەتی ئەرکەکان و چونیەتی پیك هاتنی کۆمیتەی مانگرتن بوون لە هەموو کریکارانی پیشرەو و کۆمۆنیست دا وا دەکەین کە لە جەرەیانی خەباتی کریکاری دا و پیش ئەوەی مانگرتن دەست پی بکا، کۆمیتەی مانگرتن بەوشیوەیەی کەباسمان کردبورابەری کردن و ریکخستنی خەباتی کریکاری پیك بهینن.

وەرگیردراولە:
گۆڤاری پیام ژمارە 10

# کریکارانی شاغلی دێ و داخوازەکانیان

بەشیکی بەرین لە کریکارانی کوردستان لە دیهات خەریکی کاروژیانی خۆیانن ئەم بەشە لە کریکاران بە کاری کشت و کال و باخەوانی، کاری ساختمانی و کاروباری فەنی وەیان بە کاری جۆراوجۆریتر، ژیانی خۆیان بەریوەدەبەن کاری کریکارانی دیهات سەخت ترین و دژوارترین جۆری کارە و ئەم بەشە لە کریکاران لەم شەرایتەدا وەحشیانە دەچەوسینەوە ژیان و گوزەرانیان بە هۆی کەمی هەقدەست و نەبوونی ئیمکاناتی سەرەتایی ژیان و هەروەها بیکاری لە زۆربەی وەختی سال دا ژیانیکی هەژارانەیە شکلی کار لە دیهات زیاتر کۆنتەراتی‌یە کە بە تایبەت لە کشت و کال و باخەوانی‌دا زۆرباوە لە دیهات قەراردادەکان بە شیوەی جۆراوجۆر لە نیوان کریکاران و بورژواکانی شارو جووتیارە دەولەمەندە کاندا دەبەستری، کەرایج ترینیان قەتعەکاری و نیوەکاری و سەپانییە لە قەتعەکاری دا کریکاران دەبی لە بەرانبەر هەقدەستیکی دیاری کراودا کە رۆژانە وەیان مانگانە وەری دەگرن کاریکی دیاری کراو بۆ خاوەن کار ئەنجام بدەن لە نیوەکاری و"دەودوو" و "سەپانی"دا لەبری کاری کریکارەکە بەشیك لەبەرهەمەکە بۆ ئەوەدەی یانی لە واقیع دا هەقدەستەکە بەشیوەی جنسی یە لە دیهات کە شکلی ئاسایی کار و جۆری قەرارداد کۆنتەراتی‌یە، سەعات کار بۆ کریکاران مەعنای نیە لەو بەشانەش کە کریکاران هەقدەستەکەیان رۆژانەیە و بە پیی سەعات رۆژانە کار دەکەن، سەعاتی کار مەعلووم نیەویان دریژخایەنەو ئاخرین تین و تەوژمی لەشی کریکاران لە رۆژدا لە لایەن دەولەمەندان و سەرمایەدارانوە دەمژری کریکارانی دی ئەعلەب هەر لە خۆر کەوتنەوە تا تاریك بوونی هەوا و لەهەندی بەشی دیکەدا وەك کشت و کال تا چەند ساعتیك پیش لە شەو بودەولەمەندانی دی کار دەکەن لەزۆربەی بەشەکان دا سەعاتی کار کریکاران دەگاتە لانی کەم 10سەعات و لانی زۆر 13-14 سەعات لە رۆژدا تەنانەت کچان و مندالانی کەم تەمەن لە هەندی شوینی کوردستان لە لەمەزرای چەوەندەر، تووتن و نوك و ئەو جۆرەشتانە 12-10سەعات کاری سەخت و تاقەت پرووکین بۆ دەولەمەندان و سەرمایەدارانی مفتەخۆر دەکەن کریکارانی دی لە نیوان ئەو سەعات کارە دریژخایەن و تاقەت پرووکینەدا ئەو پەرەکەی 1تا1/5سەعات بۆ نان خواردن و پشوودان مولەتیان پی دەدری کە فرسەتیکیان بۆ بەخۆدا هاتنەوە و حەسانەوە بۆ نامینیتەوە.

کریکارانی دی لە دیاری کردنی میزانی هەقدەستەکانیان دا دەخالەتیان نییە هەمووسالیك پیش دەسپیکردنی فەسلی کار خاوەن زەوی و دەولەمەندانی دی لەسەر میزانی هەقدەستی کریکاران لە بەشە جۆراوجۆرەکان دا پیکەوە قسەیان دەکەنەیەك و کەمترین هەقدەست بەسەر کریکاران دا دەسەپینن ئاستی هەقدەستی ژنانی کریکاری دی کە لە مەزرای چەوەندەر و تووتن و نوك و ئەو جورە شتانە کاردەکەن زۆر لەهی پیاوان کەمتر هەقدەستی ژنان ئەغلب نیوەی پیاوان وەزۆر جار 3/1و جاری واش هەیە 1/5ی هەقدەستی پیاوانی کریارە ژمارەیەکی زۆر لە کریکارانی دی لە ناو هەژاری و بیکاری و هەروەها بەهۆی خەسلەتی هەندی لە بەشەکانی کار لە دی، ناچارن مل بە زیدەکاری و شەوکاری بدەن کە لە هەموو ئەمانەدا هەر بەقەدەر هەقدەستی کاری ئاسایی رۆژانە هەقدەست وەردەگرن.

کریکارانی دی لەباری ئیمکاناتی ریفاهی، دەرمانی و بیهداشتی یەوە لە مەحروومترین بەشەکانی کریکارانی کوردستانن هیچ قاعیدەوقانوونیك بۆ کاری ئەم بەشە لە کریکاران ناگرنە ئەستو وەزعی خواردەمەنی و ئیمکاناتی ژیانیان وەزعی خواردەمەنی و ئیمکاناتی ژیانیان سەخت و تاقەت پرووکین 2تا3ژەم خواردنی هەژارانەیان پی دەدەن کە زۆر جار تەنانەت ئەوەش بەتەواوی دستنادا کریکاران هیچ چەشنە ئیمکاناتیکی دەرمانی و پزشکی‌یان لە شوینی کاردا نیە، و بیمە بۆ هەر رووداووکارەساتیك لەکاتی کاردا بۆیان مانایەکی نیە.

تەنانەت ژنانی کریکار ناچارن مندالەشیرەخۆرەکانیان لە کاتی کاردا لەگوشەیەکی مەزرا، لە ژیر سوورە تاوو بادابنین و ناچارن تەنانەت لە کاتی دووگیانی و نەخۆشی مانگانەشیان داهەروا کاری سەختی بەدەنی بکەن، هەر لەبەر ئەوە زۆرجار مندالەکانیان پیش لە دایك بوون دەمرن و یان بە نوقسانی لە دایك دەبن ئەمە تەنیا گۆشەیەکە لە وەزعی مەینەت باری کریکارانی دی سەرەرای ئەم وەزعەش ئیمەکەمتر شاهیدی ئەوەبووین کە کریکارانی دی بۆ گەیشتن بە داخوازە ئابووری یەکانیان دەست بدەنەخەباتیکی سەربەخۆ.

پەیوەندی نیوان کریکار و خاوەن کار هەر بەوشیوە کۆن و سوننەتی‌یە رایجەی دی دیاری دەکری تەنانەت لە قانوونی کاری کۆنەپەرستانەی جمهووری ئیسلامی ش دا ئەم بەشە لە کریکاران لە بیربراونەتەوە و ئەو قانوونی کارە هەل و مەرجی کارو دیاری کردنی هەقدەستی ئەوان ناگریتەوە کریکارانی دی لەگەل ئەو داخوازانەیان کەدەبی لە قانوونی کاریکی شورشگیرانەدا خۆی بنوینی نائاشنان، پرژ و بلاوی و نەبوونی ریکخراوەی کریکاری پیویست، بوونەتە کۆسپ لە سەر ریی گەشەکردنی خەباتی کریکاران لە دژی سەرمایەداران و دەولەمەندانی دی.

بەلام لە سالیك لەوە پیشەوە ئیمە شاهیدی چەند دیمەنیك لە جوولانەوە و خەباتی سەربەخۆی کریکارانی دی بە تایبەت کریکارانی کشت و کال بۆ بەدەستهینانی داخوازە ئابووری یەکانیان بووین هاوینی سالی رابوردوو کریکارانی کشت و کالی ئاوایی "دانیکەش" لە بەشی" کەلاتەرزانی" سنە بە ئیبتیکاری ژمارەیەك کریکاری پیشرەو بە مەبەستی بردنە هەقدەست و کەم کردنەوەی سەعاتی کار بۆ ماوەی 3رۆژ مانیان گرت و توانیا بەو خەباتەیان سەعات کاری رۆژانەکەم بکەنەوە، هەقدەستەکانیان بە ئەندازەی 40تمەن یانی لەسەدا 25زیادبکەن، سەعاتیك پشوودان لە نیو کاردا و 3ژەم خوراکی موناسیب بە سەرکارفەرماکان دا بسەپینن هەر هاوینی ئەو سالە کریکارانی کش و کالی ئاوایی "ئەویهەنگ" لە بەشی ژاوەروی سنە بۆ داخوازی 8سەعات کار لە رۆژدا مانیان گرت و توانیان داخوازەکانیان بەسەر خاوەن کارەکان دابسەپینن هاوینی ئەمسال کریکارانی کشت و کالی ئاوایی‌یەکانی "سوورین" و"چیچوران" لە ناوچەی بانە بۆ بردنە سەر هەقدەستەکانیان لە 120 تمەنەوە بۆ 150 تمەن یەکگرتووانە مانیان گرت و ئەم داخوازەیان بە سەر خاوەن کارەکان داسەپاند ئەمانەچەند نموونەیەك بوون لە خەباتی سەرکەو توانەی کریکارانی کشت و کال بۆ بەدیهینانی داخوازەکانیان کەدەبی سەرمەشق و تەجربەیەکی بەنرخ بی بۆ هەموو بەری کریکارانی دی ئەگەرچی ئەم خەباتانە بەرین و پەرەدار نەبوون، بەلام بە باشی ئەوە دەسەلمینی کەهەر بەشیك لە کریکاران هەرچەندەزۆر کەمیش بن ئەگەر لەگەل بەرژەوەند وداخوازە چینایەتی‌یەکان ئاشنابن و یەکگرتووانە خەباتی بۆ بکەن دەتوانن داخوازەکانیان بە دی بهینن.

کریکارانی دی بۆ گەیشتن بەداخوازەکانیان دەبی چ بکەن؟ کریکارانی دی بەشیك لە چینی کریکارن، کەوایە گرنگ ترین و ئەسلی ترین ئەرکیان پیکهینانی یەکیتی لەگەل هاوچینەکانیانە، یانی لەگەل ئەو کریکارانەی کە لە کارخانە و شیرکەت و کوورەخانەکاندا کاردەکەن، هەتا بە یەکیتی و یەکپارچەیی‌یان ئەم نیزامە و هەموو ئەو مەینەت و رۆژەرەشی یانەکەبەسەر ژیان و چارەنووسیان دا سەپاوە کۆتایی پی بینن و حکوومەتی کریکاری خۆیان دابمەزرینن هەروەها لە هەل و مەرجی ئیستا دا کە خەباتی کریکاران بۆ بردنە سەری هەقدەست و کەم کردنەوەی سەعاتی کار و بۆ بیمەی بیکاری و ماق مانگرتن و بەگشتی بۆ قانوونی کاریکی دیموکراتیك و شورشگیرانە کە تییدا داخوازی پرولیتاریای کۆمۆنیستی ئیران رەنگ دەداتەوە لە ئارادایە، کریکارانی دی ش وەك بەشیك لەم چینەدەبی بۆ یەکگرتن لەگەل باقی کریکاران و بۆ ئەو داخوازانە خەبات بکەن و هەرلەم رووەداخوازی دیاریکراو بەسەر سەرمایە داران و جووتیارانی دەولەمەندی دی دابسەپینن ئەمرۆ زۆربەی هاوچینەکانمان توانیویانە بە خەباتی خۆیان سەعاتی کاری دیاریکراو، هەقی زیدەکاری و ئاسان کردنەوەی شەرایتی کاری وشتی تر بەسەر کارفەرماکان و دەولەتە کانیان دا بسەپینن بەشیك لەم داخوازانە دەتوانن ئەمانەبن:

قەدەغەکردنی کاری کونتەراتی لەهەموو بەشەکان دا و ئەستاندنی هەقدەست بە پیی سەعاتی کاری رۆژانە8سەعات کارلەرۆژدا و 2رۆژ تەعتیلی لە حەوتوودا وەیا هەقدەستی دوولانە بۆ کار لەرۆژانی تەعتیلی دا.

هەقدەستی دوولانە بۆ هەر سەعاتیکی زیدەکاری و شەوکاری.

-دیاری کردنی میزانی هەقدەست لە لایەن خودی کریکارانەوە بە پیی گوزەرانی خانەوادەیەکی 5کەسی و زیاد کردنی هەقدەست پی بەپیی چوونە سەری خەرجی ژیان.

-دابین کردنی ئیمکاناتی دەرمانی و بیهداشتی لە شوینی کاردا و 3ژەم خوراکی موناسیب لە رۆژدا بە خەرجی کارفەرماکان هەقدەستی بەرابەر بۆ کاری بەرابەر بۆژن و پیاو.

-بەرەسمییەت ناسینی ماق تایبەتی ژنانی کریکار، وەبەتایبەت کەم کردنە وەی کاری دایکانی مندالەبەر هەتا 7سەعات، کە لانی زۆر هەر لە 3سەعات دا یەك نورەپشوودانیان بۆ لە بەر چاوبگیری.

لەنیو ئەو داخوازانەی سەرەوەدا داخوازی 8سەعات کار لە رۆژدا، بردنی سەری هەقدەست و هەقدەستی بەرابەر بۆ کریکارانی ژن و پیاو گرنگی یەکی تایبەتی‌یان هەیە.

کریکاران دەبی لە کۆبوونەوە گشتی‌یەکان و کۆروکۆمەڵە ئاسایی‌یەکانیان دائەم داخوازانە بدەنەبەر باس و لیکولینەوە و بۆ وەدی هینانیان خەبات بکەن.

وەرگیردراو لە گۆڤاری پیام
ژمارە 11

# راگەیاندنی کۆتایی پلینۆمی پینجەمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

پینجەمین کۆبوونەوەی بەرینی کۆمیتەی ناوەندی هەلبژیردراوی کۆنگرەی پینجەمی کۆمەڵە رۆژی 29ی خەزەلوەربەراگرتنی دەقیقەیەك بی دەنگی بۆریزگرتن لە یادی هاوری دوکتورجعفرشفیعی و هەمووگیان بەختکردوانی ریگای ئازادی و سوسیالیزم دەستی پی کرد.

ئەم کۆبوونەوەیەپاش پەسند کردنی ئایین نامەی کاری خۆی گویی بۆگوزارشی بەشە جۆراوجۆرەکانی تیکۆشانی ئیمە لە کوردستان راگرت.

باسە ئەسلی‌یەکانی پلینوم بریتی بوون لە لیکدانەوەی دوایین ئال و گۆرەکانی وەزعی سیاسی مەنتەقە، لیکولینەوەی گرنگ ترین مەیدانەکانی تیکۆشانی حیزبی کۆمۆنیست لە کوردستان و تەدارەکی گرتنی شەشەمین کۆنگرەی کۆمەڵە.

پلینوم لەباسی ئال و گۆرە سیاسی یەکاندا لە سەربناغەی لیکدانەوەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران لەسەروزعیمەنتەقە، ریگا ئامادەبوونی هەرچی زیاتری تەشکیلاتی ئیمەو بزووتنەوەی شورشگیرانەی کوردستان بەرانبەر بە ئیحتیمالاتی جۆراوجۆر بە تایبەت سەبارەت بەشەری ئیران عیراقی خستەبەرباس و لیکولینەوە.

باسیکی دیکەی پلینوم لەسەر لیکدانەوەی چونیەتی کاروتیکۆشانی نیزامی مان لە بزووتنەوەی کوردستان دابوو، لەم بەشەلەکارەکانی پلینوم دا گەلیك باسی بە نرخ کرا و تەئکید لەسەر ئەوەدانرا کە پیویستە بەشیوەیەکی هەمەلایەنە بۆ چوونەکانی تا ئیستامان لەمەیدانی چالاکی نیزامی داوردتر و قوولتر بکەینەوە تا ئەم چالاکی‌یانەمان هەرچی باشتر ورۆشن تر لە سوننەتە ناسیونالیستی‌یەکانی ناوبزووتنەوەی کوردستان جیا بکەینەوە.

لەقسەوباس لەسەر تەبلیغات و تەشکیلاتی نهینی دا تەئکید کرا کە سیاسەتەکانی تا ئیستامان دریژەپی بدرین و رینوینی‌یەکانی پلینومەکان پیشووبەریوەببرین. وەسەرەنجام کاروباری پیویست بۆتەدارەکی کۆنگرەی شەشەم دیاری کراو لە دەستووری کاری ئورگانەکانی خۆی دانرا.

پلینوم لە ئاخرین دانیشتنی خۆی دا هاوری ئیبراهیمی عەلیزادەی وەك سکرتیری یەکەمی کۆمەڵە هەلبژاردەوە، وەبەم جۆرە دوای 5رۆژ کۆتایی بە کارەکانی هینا.

کۆمیتەی ناوەندی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران – کۆمەڵە

5ی سەرماوەزی 1366

# پاشماوەی کورتەیەك لە وەزعی گەرەکە...

"مجبورئاوا"و"سپوورئاوا"و"حەمال ئاوا" پیك هاتوون و هەموو خەلکی ئەم گەرەکانەش رەنج و کویرەوەری و چارەنووسیکی هاوبەشیان هەیە ئەوبی ماق یەی کەلە گەرەکەکانی "سپوورئاوا"و"حەمال ئاوای سەقز" دا دەبینری لەگەرەکەکانی"تەقتەقان و"غفوری"سنەو "کانی‌مال قەنبەران"و "کانی سوق تە"ی مەهاباد و لە هەموو گەرەکە زەحمەتکیش نشینەکانی شارەکانی دیکەش دەبینری نەبوونی مەسکەنی موناسیب، نەبوونی ئاووبەرق، وەسیلەی هات وچو، بیمارستان، دەرمانگاو بیهداشت و پەرگرتنی بیکاری و بی بەشی، چارەنووسی هاوبەشی هەموو ئەم زەحمەتکیشانەیە ، ئیتر لەمەهابادبن یان سنە، لە سەقز، بانە و بۆکان بن یان لە شنووسەردەشت و پیرانشار هیچ فەرق ناکا لەهەمان کاتدا کە رەنج و کویرەوەری یان یەکە، هەموویان هاوچارەنووسن و هەموویان خەباتیکی هاوبەش لە دژی کویرەوەری‌یەکانی نیزامی سەرمایەداری و رژیمی جمهووری ئیسلامی بەرەوپیش دەبەن و داخوازی هاوبەشیان هەیە.

ئەگەر لەنیو ئەم گەرەکانەدا جیاوازی یەك لەباری ئیمکاناتی ریفاهی یەوە هەبی کەدیارە هەیە تەنیا بە هۆی پیشینەی خەبات و یەکیتی خەلکی ئەم گەرەکانەوەیە دانیشتوانی هەندیك لەو گەرەکە زەحمەتکیش نشینانە توانیویانە بە خەباتی یەکگرتووانەی خۆیان بە هەندیك لە داخوازەکانیان بگەن و هەندیك لە ئیمکاناتی سەرەتایی ژیانیان لە قورگی ئەم رژیمە هارودرندەیە دەربکیشن ئەمەبەرهەمی سالەهاخەبات و بەرەورووبوونەوەی ئەم زەحمەتکیشانەیە لەگەل کاربەدەستانی رژیم، خەلکی زەحمەتکیشی ئەم گەرەکانەدەبی ئەم تەجرەبانەی خۆیان بەدەستەوە بگرن و بە خەبات و موقاوەمەتی خۆیان کۆبوونەوەی گشتی پیك بینن ژن و پیاو گەورەو بچووك بریاربدەن کە بو داسەپاندنی داخوازەکانیان بەسەر رژیم جمهووری ئیسلامی‌دا خەبات و ئیعترازبکەن، خوپیشاندان وەری بخەن، تحصن بکەن، لەبەردەم ئیدارەکانی دەولەت کۆببنەوەو تاگەیشتن بەداخوازەکانیان یەخەیان بەرنەدەن.

کریکاران و زەحمەتکیشانی گەرەکە زەحمەتکیش نشینەکانی شارەکان! ئیوە هیزیکی گەورەن! دەبی دەست لە ناو دەستی یەکتربودابین کردنی داخوازەکانتان خەبات بکەن و رژیم ناچاربکەن سەر بۆ داخوازەکانتان دانەوینی.

وەرگیردراولە:
گۆڤاری پیام ژمارە 14

# بریارنامەی سەبارەت بە: شوورا ئیسلامی یەکان لە کارخانەکان

بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەکە :

1) شوورا ئیسلامی یەکان ئورگانی دیفاع لە نیزامی سەرمایەدارین، لە رژیمی جمهووری ئیلامی پشتیوانی دەکەن و لە نیو کریکاران دا سیاسەتەکانی رژیم تەبلیغ دەکەن، یانی بەتەواوی و بە ئاشکرا دەزگایەکی کۆنەپەرستانەن،

2) بەردەوام بوونی بزووتنەوەی کریکاری سەرەرای خۆیناوی ترین سەرکوت و خەفەقانی وەحشیانە، رژیمی جمهووری ئیسلامی ناچارکردوە کە بۆبەربەرەکانی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری، هاوکات لەگەڵ سەرکوت و بەرەبەرکانیی ئاشکرا، سیاسەتی بەلاری دابردن و داشکاندنی داخوازەکان و خەباتی ئابووری کریکاران بگریتە پیش و لەم نیوەدا شوورا ئیسلامییەکان سەرەکی ترین وەسیلەی بردنە پیشی ئەم سیاسەتەی جمهووری ئیسلامین.

3) بەشیوەیەکی موشەخەس تر، رژیمی جمهووری ئیسلامی بەرەسمییەت پیدان و پەرەپیدان و بەهیزکردنی شوورائیسلامییەکان لەکارخانەکان دەیەوی خەبات و تیکۆشانی کریکاران بەلاری دا بەری و بەرەوسازانی بکیشی، دەیەوی هەتا ئەو جیگایە کە بۆی ئیمکانی هەیە کونترولی ئەم خەباتە بەدەستەوەبگری، تووی خۆش باوەری بە قانوون و ئیمکانات و دام و دەزگا دەولەتی یەکان لە نیو کۆمەڵانی کرێکاردا بڵاو بکاتەوە، لە نیویان داروحیە سەبر و چاوەروانی پەرەپی بدا و لە پشت بەستن بە هیزی خۆیان دووریان بخاتەوە، بە سەقامگیر کردنی شوورا ئیسلامییەکان وەك تاقە ریکخراوی کریکاری پیش بەهەر چەشنە ریکخراو بوونیکی سەربەخۆی کریکاران بگری، خەت و بۆچوونی ریفورمیست و خۆپاریز و ئیمکان گەرای نیو بزووتنەوەی کریکاری بەرەوئەوە راکیشی کەسەری بۆدانەوینن و لەگەلی بسازین، دەسەلاتی شوورا ئیسلامییەکان بەسەرتەعاونی یەکانی" امکان" و "اسکان" و دەزگاکانی تری لەم چەشنە داپەرە پی بدا و بەم جۆرە ئالقەیەك لە نیوان خۆی و چینی کرێکاردا پیك بینی. 4) دەورو کارکردی شوورا ئیسلامی یەکان لە کارخانەکان ئەوەیە کە دووبەرەکایەتی لە نیو کریکاراندا سازبکەن، لەگەڵ کریکارانی کۆمۆنیست و لەگەڵ مەیل بوچوونی رادیکال- سوسیالیست لە بزووتنەوەی کریکاری دا دژایەتی و بەربەرەکانی بکەن، پشت بەهەرەشەو بە داسەپاندنی فەزای ترس و سام ببەستن، داخوازی کەم و کورت و دواکەوتوانە لە ژیر پەردەی دژی کریکاری ترین و کۆنەپەرستانەترین تەبلیغاتی سیاسی دا بهینەنەگۆر بۆ بەرتەسك کردنەوەو بەلاری دا بردنی شیعارو داخوازەکانی کریکاران، پیش بە پەرەگرتن و قوول بوونەوەی خەباتی کریکاری بگرن و هەول بدەن بۆ ئەوە کە لە مەیدانی رەقابەت و ململانیی نیوخۆی رژیمی جمهووری ئیسلامی دا کریکاران بکەنە دەسکایەی ئەم رەقابەتە و هەموو ئەمانە خەسلەتی دژی کریکاری و کونەپەرستانەی شوورا ئیسلامی یەکانیان چ لەباری سیاسی یەوە و چ لەمەیدانی خەباتی ئابووری دا بۆ کۆمەڵانی بەرینی چینی کریکار دەرخستوە،

5) هەموو ئەوانە کە باسمان کردن، بوونەتە هۆی رق و بیزاری بەرهەقی کۆمەڵانی بەرینی کریکاران لەم دام و دەزگا کۆنەپەرستانەیە، بەڵام قانوونی بوونی شوورا ئیسلامییەکان و پشت بەستنیان بە ئیمکاناتی دەولەتی و قانوونی زەمینەی ئەوە فەراهەم دەکا کە جەرەیاناتی خۆ پاریز و ئیمکان گەراهاو کاری یان لگەڵ بکەن و پشتیوانی یان لی بکەن و جگە لە "حیزبی توودە" و"اکسریت" کە هەرلەهەوە ڵەوە سیاسەتی سازان و هاوکاری کردن لەگەڵ شوورا ئیسلامی یەکانیان گرتوەتە پیش، هەندیك بۆچوونی ریفورمیستی ش شوورا ئیسلامی یەکان بەوەسیلەیەك دەزانن بۆ وەدی هینانی داخوازەکانی کریکاران لە ریگەی ئاشکرا و قانوونی یەوە، وە ئەمە بەگشتی خزمەت بە یەکیك لە ئامانجەکانی جمهووری ئیسلامی یانی بڵاو بوونەوەی تووی خۆش باوەری لە نیو کریکاران دادەکا.

بەلەبەرچاو گرتنی ئەو خالانەی سەرەوە، لەسەر سیاسەتی تا ئیستای حیزب سەبارەت بە شوورا ئیسلامی یەکان تەئکید دەکەین . سیاسەت و هەلویستی ئیمە بەرانبەر بە شوورا ئیسلامی یەکان بریتی یە لەتەحریمی ئەم دام و دەزگا کۆنەپەرستانەیە، هەول دان بۆ هەلوەشاندنەوەیان و دامەزراندن و قایم کردنی ریکخراو و ئورگانی سەربەخۆی کریکاری لە بەرانبەر شوورا ئیسلامی یەکاندا .

حیزبی کۆمۆنیستی ئیران لە پیناو ئەم سیاسەتەدا کریکارانی کۆمۆنیست و تیکۆشەر بۆبەریوەبردنی ئەم فەعالییەتانە بانگەوازدەکا :

1- بەردەوام کریکاران بۆ بەشداری نەکردن لە هەلبژاردنی شوورا ئیسلامییەکان دا و بۆ تەحریمی ئەو شوورایانە بەگشتی بانگەواز بکەن و تەبلیغ بۆ ئەمە بکەن.

2- بەردەوام شیعاری "هەلوەشانەوەی شوورا ئیسلامی یەکان"تەبلیغ بکەن و لە دژی ئەو خۆش باوەرییەکە گۆیا شوورا ئیسلامی یەکان دەتوانن بۆ خەباتی کرێکاران وەسیلەیەکی بەکەلك بن، تی بکوشن.

3- دەوروجیگا و شوینی شوورا ئیسلامییەکان لەسیاسەتە دژی کریکارییەکانی جمهووری ئیسلامی دا روون بکەنەوە و ریسوای بکەن و پەردە لەسەر ئەوە لادەن کە رژیم دەیەوی بە هۆی ئەم ریکخراوەیەوە بە چ مەبەستیکی کۆنەپەرستانەی خۆی بگا. 4- خەسلەتی دژی کریکاری شوورا ئیسلامییەکان و تەئسیریان لەپیك هینانی دووبەرەکایەتی دا، هەروەها کۆنەپەرستیی سیاسی ئەم شوورایانە و هەول و تەقالایان بۆ پیش گرتن بە خەباتی ئابووری کرێکاران، وەدەرخەن و پەردەی لەسەر لادەن.

5-هەرچەشنە دەخالەتیکی دەولەت لە ریکخراوەکرێکاری یەکاندا، مەحکووم بکات و بۆ دامەزرانی ریکخراوی سەربەخۆی کریکاری تەبلیغ بکەن و تی بکۆشن.

6- کریکاران بانگەواز بکەن بۆپیك هینان و پەرەپیدانی کۆبوونەوەی گشتی لە کارخانەکان وەك تاقە ئالترناتیویکی واقعی و سەربەخۆی کریکاری لەبەرانبەر شوورا ئیسلامی یەکان دا.

7- ئەو هیزانە کە بەهەر شیوەیك کریکاران بۆسازان و هاوکاری کردن لەگەڵ شوورا ئیسلامییەکان بانگەواز دەکەن و لە حاست شوورا ئیسلامییەکان هەلویستیکی ناپایەدار و رارایان هەیە بناسینن و پەردەیان لەسەر لادەن.

8-داخوازە رادیکالە ئابوورییەکانی چینی کریکار لە نیو کریکاراندا تەبلیغ بکەن و بانگەوازیان بکەن بۆ خەباتی سەربەخۆی بەمەبەستی وەدی هینانی ئەم داخوازانە هەروەها لە دژی بەلاری دابردن و داشکاندنی ئەم داخوازانە لە لایەن شوورا ئیسلامی یەکانەوە، خەبات بکەن.

## سپاسی هاوەدەردی

لەچەند حەوتووی رابوردوودا، گەلیك لە ریکخراوەکان و شەخسییەتە سیاسییەکان چ بەسەردان و چ بەناردنی نامەوپەیام، بەبۆنەی رووداوی لەدەسدانی هاوری جەعفەری شەفیعییەوە، هاودەردی خۆیان لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کۆمیتەی ناوەندی دەربریوە. ئیمە بەم جۆرە، لە قوولایی دلەوە سپاسی هەموو ئەو دەربرینی هاودەردی یانە دەکەین و ئەگەر نەمانتوانیوەوەلامدەرەوەی یەك بەیەکسی بین، داوای لیبووردن دەکەین.

**کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**10ی خەزەلوەری 1366**

## سپاسی هاوری یانی حیزبی

دوای کارەساتی دلتەزینی گیان بەخت کردنی هاوری و رابەری خوشەویست و دوکتور جەعفەری شەفیعی، ئورگانەکان و ئەندامان و لایەنگرانی حیزب، جگە لەوەی سەریان داوین گەلیك نامەوپەیامیان بۆ کۆمیتەی ناوەندی ناردوەو پەژارەی قوول وهاو دەردی رەفیقانەی خۆیان لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی، دەربریوە کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیست پر بەدل سپاسی ئەم هاودەردی و هاوپشتی پەرەفیقانە یەکانی دلنیایەکە سوننەتی خەباتی کولنەدەرانە لە حیزبی ئیمەدا، هاوپشتی پتەووەرەفیقا ئامادەیی بی دریغ بۆ تیکۆشانی شورشگیرانە، شیلگیری و فیداکاری لە مەیدانە جوراوجۆرەکانی خەبات و تیکۆشاندا و سووربوون لەسەر ئوسوولی کۆمۆنیستی، ئەو سوننەتانە کەهاوری جەعفەر خۆی ئالاهەلگریان بوو، زیاتر لە جاران دەبنەسەرمەشقی هەموو ریزەکانی حیزبی کۆمۆنیست.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

10ی خەزەلوەری 1366

# کورتەیەك لە وەزعی گەرەکە زەحمەتکیش نشینەکانی شاری سەقز

لە 7-6 سالی رابوردوودا شاری سەقز بەشیوەیەکی بەرچاو گەورەبووەتەوە و ژمارەی دانیشتوانی زیادی کردوە لەم ماوەیەدا دەگەرەکی تازە لە قەراخ شار دروست بوون دانیشتوانی ئەم گەرەکانە زۆربەیان کریکاران و زەحمەتکیشانی دیهاتن کە بە هۆی بیکاری و هەژاری و فشاری رژیمەوە ئاواییەکانی خۆیانیان بەجی هیشتوەو هاتوونەتە شار ئەم

گەرەکانە بریتین لە: "سیلو"،"تەپەیصالح ئاوا"،"سەر قەبران"،"تەپەی مالان"، "جوتیاران"،"سپوورئاوا"،"حەما ل ئاوا"،"بەردبران"،"کریم ئاوا"و"حاجی ئاوا"، نزیکەی 35هەزار خانەوادە لەم گەرەکانە نیشتەجین خەلکی ئەم گەرەکانە زۆربەیان کریکاری ساختمانی،"کوورەخانە"،"شارەدا ری"،"ئاو وبەرق"،"جیهادی سازندگی"، "دوخانیان"،"یەخ سازی"،"موزایك سازی"،" لەپە سازی"ن، ژنانی ئەم گەرەکانی سەرەرای کاری ناو مال بۆبەرێ چوونیان کاری وەك قالی شتن و لیباس شتن و بەخیو کردنی مندالانی سەرمایەداران، تەون و چنین و خەباتی و نانەوایی و... دەکەن هەروەها زۆرجاریش بۆیارمەتی دانی میرد و براو باوکیان کاری سەختی تریش وەك حەمالی و کاری مەزرادەکەن.

ئەم گەرەکانە هیچ چەشنە ئیمکاناتیکی ریفاهی یان نیە نەبوونی ئاوی خواردنەوە یەکیك لە گیروگرفتە ئەسلی یەکانی ئەم گەرەکانەیە بۆهەر 1000خانەوادەیان زیاتریش، تەنیا یەك شیری عموومی ئاو هەیە و خەلکی ئەم گەرەکانە ناچارن چەندین سەعات لە ریزی ئاوداراوەستن و زیاتر لە ئاوی بیرکەلك وەربگرن کە بە تەواوی غەیرە بیهداشتی یە خانووەکانی ئەم گەرەکانە لەبەردوقورەیان بلکوك دروست کراون و حەوشیشیان نیە زۆربەی ئەم گەرەکانە مەدرەسەیان نیە لە گەرەکیکی شی هزار خانەوادەیی داتەنیا یەك مەدرەسە هەیە شوینی بەخیوکردن و پەروەردەکردنی مندالان، شوینی لیباس شتن و کتیبخانە هەر وجوودی نیە.

مندالانی ئەم گەرەکانە بەهۆی هەژاری خانەوادەکانیان و بۆیارمەتی دانی دایك و باوکیان کاری دەسفروشی و کاری لەو چەشنە دەکەن وەناتوانن زیاتر لە یەك دووسال دەرس بخوینن لەهەموو ئەو گەرەکانەدا تەنیا یەك دەرمانگا هەیەکە لەگەرەکی بەردبران دایە و ئەویش تایبەتی بەکریگیراوانی رژیمە لەهەموو ئەم گەرکانە تەنیا دووحەمام هەیە کەلەشارەداری یە ئاوەروی ئەم گەرەکانە دانەپوشراون و بوونەتە هۆی بلاوبوونەوەی نەخوشی جۆراوجۆر، لەم گەرەکانە تەنیا دووماشینی مینی بووس بۆهات و چوی گشتی هەیەکە سەعاتی کاریان لە سەعات 8ی بەیانی یەوە تا 5ی دوای نیوەرویە لەم سەعاتانەبەدەرئەگەر نەخوشیکی ئورژانسی هەبی ناچارن کە بەپی بۆبیمارستان یان دەرمانگای ببەن جاری وایش هەیە بەریکەوت تاکسی بۆ ئەم گەرەکانە دی ئەویش ئەگەر لە نیو ریگا دا تووشی کەمین و گەشتی بەکریگیراوانی رژیم نەبی ژمارەی نانەواخانەکان زۆرکەمن خەلك بۆ کرینی چەند نان دەبی چەندین سەعات لە ریزدا چاوەروان بن شوینی فرۆشتنی نەوت و پیویستی یە گشتی یەکانی خەلك زۆرکەمن، رژیم بۆ ئەوەی خەلکی زەحمەتکیشی ئەم گەرەکانی هەرچی زیاتر سەرقالی گوزەران و بەری چوونی خۆیان بکا، کوپنی خوارووباربە جیا جیاو لەم گەرەك و لەوگەرەك دا بەش دەکا بۆ نموونە کوپنی قەندوچای لە گەرەکیك و کوپنی رون و برنج یش لە گەرەکیکی تر بلاوەدکاتەوە بەکورتی خەلك بۆ وەدەسهینانی کوپنی پیویستی رۆژانە دەبی ئەم گەرەك و ئەو گەرەك بکەن سەرەرای ئەمانەش فشارو زەخت و زۆری هیزەکانی رژیم خەلکی ئەم گەرەکانەی وەتەنگ هیناوەو بووەتە هۆی رق و بیزاری گشتی خەلك لەرژیم بەکریگیراوانی رژیم ناو بەناوبۆ سەربازگیری ئەم گەرەکانە ئابلووقە دە دەنو دەس بەمال بشکنین دەکەن باج سەندنیش بە چەندین شیوەی جۆراوجۆر هەیە: هەر لە داتەکاندنی گیرفانی مندالانی مەدرەسەوە بگرە تا بیانووی پەناگا دروست کردن، پوول ئەستاندن بۆ جەبهەو بەبیانووی یارمەتی دانی ئەوانەی کە بە هۆی لاقاوەوە زیانیان لی کەوتوە و بۆ خەرجی ئەسفالت و ئاووبەرق وشتی تر.

بەکریگیراوان لەم گەرەکانە مقەر و پایگایان داناوە و وئەنواعی گەشتی سپاو شارەبانی و سارالله‌وچی وچی لە حالی گەران دان ودەس دریژی بۆسەر ژیان و مال و حالی خەلك دەکەن، هەلبەت خەلکی زەحمەتکیشی ئەم گەرەکانە هیرشەکانی رژیمیان بی وەلام نەهیشتوەتەوە بۆ نموونە لەبەرانبەر سەربازگیرییەکانی رژیم دابەشیوەی جۆراوجۆر موقاومەت دەکەن، سەربازەکان دەشارنەوەو بەرانبەر بە گەرانی ناومالان ئیعتراز دەکەن.

کاتیك کە بەکریگیراوان بۆسەر بازگیری هیرش دەکەنە سەر گەرەکەکان دەس بەجی بەهەر شیوەیەك بووە یەکتر ئاگاداردەکەن.

هەر ئەم سال چەندین جار خەلکی زەحمەتکیشی گەرەکی"حاجی ئاوا" لە بەردەم شارەداری سەقز دا کۆبوونەوەو سەبارەت بە هەل و مەرجی سەختی ژیان لە گەرەکەکەیاندا ئیعترازیان کرد خەلکی گەرەکەکانی "کریم ئاوا" و"قەرەچی ئاوا"، چەندین جاربەکریگیراوانی رژیمیان داوەتەبەر پەلامار و زۆر ئیعتراز و خەباتی دیکەی لەم چەشنەیان بەریوە بردوە.

ئەوە تەنیا شاری سەقزنیە کە لەم سالانەی دواییدا بەوشیوەیە بەرین و گەورەبووەتەوە و گەرکی زەحمەتکیش نشین لە قەراغەکانی سەریان هەلداوە، بەلکوو لەهەموو شارەکانی کوردستان گەرەکی وەك......

بروا نە لاپەری 15

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: 25 January: 1988

# کۆمیتەی مانگرتن

خەباتی کریکاران لە دژی سەرمایەداران ودەولەتە ئیسلامی یەکەیان پیویستی بە ریکخراوی کریکاری جۆراوجۆرهەیە. هەندیك لەم ریکخراوانە وەك کۆبوونەوەی گشتی خەسلەتیکی هەمیشەیی تروجیکەوتوو تریان هەیە بەلام هەندیك ریکخراوی دیکە وەك "کۆمیتەی مانگرتن"، "سندووقی مانگرتن" وهی تربووەلام دانەوە بە پیویستی خەباتیکی دیاری کراو پیك دین و کاتین بۆ نموونە کاتیك کۆبوونەوەی گشتی وجوودی هەبی، ئەم ریکخراوە جەماوەری‌یە دەتوانی مانگرتنیك و یا تەحەسون و خۆپیشاندانیك ریك بخاورابەری بکا هەر بۆیە دەبی کریکارانی کوردستان هەول بدەن هەرچی خیراتر ئەم ریکخراوە جەماوەری‌یەی خۆیان پیك بینن و تەنانەت بۆ ساتیکیش لە خەبات بۆ پیکهینانی غافل نەبن بەلام دەبی ئەوەشمان لەبەرچاو بی کە خەباتی کریکاری چاوەریی پیك هاتنی ئەم ریکخراوانەنابی و هەر لە جەرگەی ئەم خەبات و ئیعترازاتەدایە کە کریکاران توانای ئەوەپەیدا دەکەن ئەم جۆرە ریکخراوانە پیك بینن کریکارانی کوردستان هەرلەم مانگرتنانەی دواییان دا چەند نموونەیان لە ریکخراوبوون تاقی کردەوە بۆ نموونە پیشرەوان و رابەرانی کریکاران لەگەل یکتر پەیوەندیان گرتوە، سەبارەت بە مانگرتن قسەیان لەگەل یەکتربریوەتەوەو کۆمەڵیك لەرابەران مانگرتنەکەیان رابەری کردوە کەدەکری بلیین ئەمەشکلی سەرەتایی کۆمیتەی مانگرتن بووە و لە جیاتی ئەو کاری کردوە............

ل 11

## سەبارەت بە خەباتی ئەمسالی کریکارانی کوورەخانەکانی...
## وت وویژ لەگەل هاوری حسن رحمان پناه ئەندامی کۆمیتەی ناوچەی بۆکان

پرسیار: هاوری حسن! ماوەیەك لەمەوبەر بەدوای مانگرتنی کریکارانی کوورەخانەکانی بۆکان داهەوالمان پی گەیشت کە دەستەی ریکخستنی "چومی مجیدخان و تەرەغە"سەریان لەم کوورەخانانە داوە..

تو کەمەسئوولی ئەم دەستەی ریکخستنە بووی تکایەبۆمان باس کە کەمەبەستتان لە سەردانی کوورەخانەکان چ بوو؟

وەلام: لەبەشی "چومی مجیدخان"ی ناوچەی بۆکان نزیکەی 50 کوورەخانە هەن کوورخەنەکانی ئەم بەشە هەمووسالیك شوینی هەلسوورانی هاوری یانی دەستە ریکخستنی ئەم بەشەو ئەندامانی کۆمەڵەبوون. ئیمە ئەمسال، چەند رۆژ دوای مانگرتنی کریکارەکان چووین بۆ ئەو کوورەخانە پیشووتروبەتایبەت لە کاتی مانگرتن دا، کریکارەکان چاوەروانی ئەوەبوون کەپیشمەرگەکانی کۆمەڵە بچن بۆ ئەم کوورەخانانە ئیمەلەم کوورەخانانە توانیمان ژمارەیەکی زۆر لە کریکاران ببینین و قسەوباس و گفت و گۆیان لەگەل بکەین هەر کەچووینە ئەو کوورانە کریکاران بەپیرمانەوە هاتن، لەجەورمان کۆبوونەوە سەبارەت بە کاری تاقەت پرووکینی کوورەوگرانی پیویستی‌یەکانی ژیانیان و هەژاری خۆیان خەبات و مانگرتنی چەند رۆژ لەوەپیشیان و پیلانی خاوەن کوورەکان و دەولەت و ئیدارەی کارو ئەوجۆرە شتانە قسەیان بۆ کردین ئیمە سەبارەت بە هەموو ئەوشتانە و بەتایبەت سەبارەت بە پیویستی پاراستنی یەکیەتی وریزی‌یەك پارچەی خۆیان لە خەبات دژی دوژمنانیان دا، قسەوباسمان بۆکردن و جگە لەمە بۆ چەندکەس لە خاوەن کوورەکان کە لە کاتی مانگرتنەکەدا ژمارەیەك لە کریکارەکانیان بەگرت دا بوو، نامەمان نووسی و هەرەشەمان لی کردن هەروەها تراکت و نەشرییە حیزبی یەکانمان لە نیو کریکارانی ئەم کوورەخانانەدا بلاو کردەوە یەکیکی تر لە ئەرکەکانمان لەم جەولەیەدا ناردنی گوزارشی مانگرتنی کریکارانی ئەم کوورەخانانە بورادیو دەنگی شورشی ئیران بووکە لەکاتی خۆی دا لە رادیووە بلاوکرایەوەو تەئسیریکی باشی کردە سەر پەرەسەندنی مانگرتنی کریکارانی کوورەخانەکان لە باقی شوینەکان هەروەها لەم جەولەیەدا توانیمان بەوردی ئاگاداری مانگرتنی کریکارانی کوورەخانەکانی تەوریز ببین کە هاوکات لەگەل مانگرتنی کریکارانی کوورەخانەکانی بوکان بەریوە چوو.

ل 14

## خەباتی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە

**سەرنجیك لە:**

**چالاکی‌یەکانی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە لە مانگی رەزبەردا**

پایگایەکی هیزەکانی رژی م لە 15کیلومیتری شاری سنە بەتەواوی گیرا

ئیوارەی رۆژی 12ی رەزبەرپیشمەرگەکانی کۆمەڵە لە تیپی 11ی سنە و گوردانی شاهو پایگای "کەرەسی" لە 15کیلومیتری شاری سنەیان لە ماوەی چەند دەقیقەدا بە تەواوی گرت.

هاوری یانی پیشمەرگەمان سەرەرای ئەوەی هیزەکانی رژیم لە حالی ئامادە باشی تەواودابوون و دەوروبەری پایگاکەش بەمین و تەلبەند تەنرا بوو توانیان لە درگای پایگاکەوە بچنەناوەوە و لە هەوەلین پەلامار دا سەنگەری تیرباری پایگا کە بگرن و باقی سەنگەرەکانی دیکە ش یەك بەدوای یەکدا بگرن و بەم جۆرە پایگا کە دوای چەند دەقیقە بەتەواوی گیرا و 11کەس لەبەکریگیراوانی رژیم بەدیل گیران.

دەسکەوتەکان: تیرباری ژ3 یەك قەبزە بەلوولەیەکی زیادی‌یەوە، تیرباری ام 19 یەك قەبزە، خومپارەهاویژی 60ملم یەك قەبزە، "ژ3 11 قەبزە، کلاشینکوف یەك قەبزە، فیشەك 15000دانە، نارنجوکی دەستی 50دانە، گوللەی خۆمپارە 26دانە، نارنجوکی سەری نفەنگ 20دانە، بی سیمی پی. ئار.سی 77یەك دەزگا، دەراغ 50دانە و کۆمەڵیك کەل و پەلی تەدارکاتی.

پیشمەرگەکان لەم عەمەلیاتەدا هیچ زەرەرو زیانیکیان پی نەگەیشت.

**هەموو ئەفرادی"گورووهی جەولەی بدر" بەدیل گیران**

شەوی 13ی رەزبەر هەوال بە پیشمەگەکانی تیپی 11ی سنە گەیشت کە واحیدیکی 11کەسی لە لە بەکریگیراوانی رژیم ناسراوبە"گورووهی جەولەی بدر" لە 50میتری پایگای رژیم لە ئاوایی "باینچو" لە 5کیلومیتری جادەی سنە –دیواندەرە کەمینیان بۆ داناون هاوری یان دەسبەجی ئەم گورووهەیان ئابلووقەدا و بی ئەوەی مەجالی هیچ دەسکردنەوەیەکیان ...

ل12

## کریکارانی شاغلی دیٚ و داخوازەکانیان

بەشیکی بەرین لە کریکارانی کوردستان لە دیهات خەریکی کاروژیانی خۆیانن ئەم بەشە لە کریکاران بە کاری کشت و کال و باخەوانی، کاری ساختمانی و کاروباری فەنی وەیان بە کاری جۆراوجۆری‌تر، ژیانی خۆیان بەریوەدەبەن کاری کریکارانی دیهات سەخت ترین و دژوارترین جۆری کارە و ئەم بەشە لە کریکاران لەم شەرایتەدا وەحشیانە دەچەوسینەوە ژیان و گوزەرانیان بە هۆی کەمی هەقدەست و نەبوونی ئیمکاناتی سەرەتایی ژیان و هەروەها بیکاری لە زۆربەی وەختی سال دا ژیانیکی هەژارانەیە شکلی کار لە دیهات زیاتر کۆنتەراتی‌یە کە بە تایبەت لە کشت و کال و باخەوانی‌دا زۆرباوە لە دیهات قەراردادەکان بە شیوەی جۆراوجۆر لە نیوان کریکاران و بورژواکانی شارو جووتیارە دەولەمەندە کاندا دەبەستری، کەرایج ترینیان قەتعەکاری و نیوەکاری و سەپانییە لە قەتعەکاری دا کریکاران دەبی لە بەرانبەر هەقدەستیکی دیاری کراودا کە رۆژانە وەیان مانگانە وەری دەگرن کاریکی دیاری کراو بۆ خاوەن کار ئەنجام بدەن لە نیوەکاری و"دەودوو" و "سەپانی"دا لەبری کاری کریکارەکە بەشیك لەبەرهەمەکە بۆ ئەودەی یانی لە واقیع دا هەقدەستەکە بەشیوەی جنسی یە لە دیهات کە شکلی ئاسایی کار و جۆری قەرارداد کۆنتەراتی‌یە، سەعات کار بۆ کریکاران مەعنای نیە لەو بەشانەش کە کریکاران هەقدەستەکەیان رۆژانەیە و بە پیی سەعات رۆژانە کار دەکەن، سەعاتی کار مەعلووم نیەویان دریژخایەنەو ئاخرین تین و تەوژمی لەشی کریکاران لە رۆژدا لە لایەن دەولەمەندان و سەرمایەدارانوە دەمژری کریکارانی دی ئەعلەب هەر لە خۆر کەوتنەوە تا تاریك بوونی هەوا و لەهەندی بەشی دیکەدا وەك کشت و کال تا چەند ساعتیك پیش لە شەو بودەولەمەندانی دی کار دەکەن لەزۆربەی بەشەکان دا سەعاتی کار کریکاران دەگاتە لانی کەم 10سەعات و لانی زۆر 14-13 سەعات لە رۆژدا تەنانەت کچان و مندالانی کەم تەمەن لە هەندی شوینی کوردستان لە لەمەزرای چەوەندەر، توتن و نوك و ئەو جۆرەشتانە 12-10سەعات کاری سەخت و تاقەت پرووکین بۆ دەولەمەندان و سەرمایەدارانی مفتەخۆر دەکەن کریکارانی دی لە نیوان ئەو سەعات کارە دریژخایەن و تاقەت پرووکینەدا ئەو پەرەکەی 1تا1/5سەعات بۆ نان خواردن و پشوودان مولەتیان پی دەدری کە فرسەتیکیان بۆ بەخۆدا هاتنەوە و حەسانەوە بۆ نامینیتەوە.

ل15

## بریارنامەی سەبارەت بە:
## شوورا ئیسلامی یەکان لە کارخانەکان

بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەکە :

1) شوورا ئیسلامی یەکان ئورگانی دیفاع لە نیزامی سەرمایەدارین، لە رژیمی جمهووری ئیلامی پشتیوانی دەکەن و لە نیو کریکاران دا سیاسەتەکانی رژیم تەبلیغ دەکەن، یانی بەتەواوی و بە ئاشکرا دەزگایەکی کۆنەپەرستانەن،

2) بەردەوام بوونی بزووتنەوەی کریکاری سەرەرای خۆیناوی ترین سەرکوت و خەفەقانی وەحشیانە، رژیمی جمهووری ئیسلامی ناچارکردوە کە بۆبەربەرەکانی لەگەڵ بزووتنەوەی کریٚکاری، هاوکات لەگەڵ سەرکوت و بەرەبەرکانیی ئاشکرا، سیاسەتی بەلاری دابردن و داشکاندنی داخوازەکان و خەباتی ئابووری کریکاران بگریتە پیش و لەم نیوەدا شوورا ئیسلامی‌یەکان سەرەکی ترین وەسیلەی بردنە پیشی ئەم سیاسەتەی جمهووری ئیسلامین.

3) بەشیوەیەکی موشەخەس تر، رژیمی جمهووری ئیسلامی بەرەسمییەت پیدان و پەرەپیدان و بەهیزکردنی شوورائیسلامی‌یەکان لەکارخانەکان دەیەوی خەبات و تیکۆشانی کریکاران بەلاری دا بەری و بەرەوسازانی بکیشی، دەیەوی هەتا ئەو جیگایە کە بۆی ئیمکانی هەیە کونترولی ئەم خەباتە بەدەستەوەبگری، تووی خۆش باوەری بە قانوون و ئیمکانات و دام و دەزگا دەولەتی یەکان لە نیو کۆمەڵانی کریٚکاردا بڵاو بکاتەوە، لە نیویان داروحیە سەبر و چاوەروانی پەرەپی بدا و لە پشت بەستن بە هیزی خۆیان دووریان بخاتەوە، بە سەقامگیر کردنی شوورا ئیسلامی‌یەکان وەك تاقە ریکخراوی کریکاری پیش بەهەر چەشنە ریکخراو بوونیکی سەربەخۆی کریکاران بگری، خەت و بۆچوونی ریفورمیست و خۆپاریز و ئیمکان گەرای نیو بزووتنەوەی کریکاری بەرەوئەوە راکیشی کەسەری بۆدانەوینن و لەگەلی بسازین، دەسەلاتی شوورا ئیسلامی‌یەکان بەسەرتەعاونی یەکانی" امکان" و "اسکان" و دەزگاکانی تری لەم چەشنە داپەرە پی بدا و بەم جۆرە ئالقەیەك لە نیوان خۆی و چینی کریٚکاردا پیك بینی. 4) دەورو کارکردی شوورا ئیسلامی یەکان لە کارخانەکان ئەوەیە کە دووبەرەکایەتی لە نیو کریکاراندا سازبکەن، لەگەڵ کریکارانی کۆمۆنیست و لەگەڵ مەیل بوچوونی رادیکال- سوسیالیست لە بزووتنەوەی کریکاری دا دژایەتی و بەربەرەکانی بکەن، پشت بەهەرەشەو بە داسەپاندنی فەزای ترس و سام ببەستن، داخوازی کەم و کورت و دواکەوتوانە لە ژیر پەردەی دژی کریکاری ترین و کۆنەپەرستانەترین تەبلیغاتی سیاسی دا ...

ل16

## راگەیاندنی کۆتایی پلینومی پینجەمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

ل15

## کورتەیەك لە وەزعی گەرەکە زەحمەتکیش نشینەکانی شاری سەقز

ل16